# گوڵان

ساڵی سییەم (١٣٨٠)- (١١)ی ئەیلوولی ٢٠٢٣



له شه‌ست و دووه‌مین ساڵوه‌گه‌ڕی شۆڕشی مه‌زنی ئه‌یلوولدا

# كوردستان یان نه‌مان

## وه‌ك دروشمی شۆڕش چۆن له‌ دایك بوو؟




# گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان پارتی و تورکیا

٨١


پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا ئاڵۆز بوو و، گرژییەکی زۆر لە نێوان هەردوولادا ڕووی دا، بەتایبەت کە هاتن و باسی تورکمانەکانیان دەکرد و بەنهێنی چەکیان بۆ هێنان و ئاسایش دەستی بەسەردا گرت.

تورکیا تورکمانەکانی هان دا بۆ ئەوەی دان بە هیچ یاسا و بڕیارێکی هەرێمی کوردستاندا نەنێن و بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن، کە بەدڵنیاییەوە ڕێگەشمان بە کارێکی لەم شێوەیە نەدەدا. ڕاشکاوانە پێم ڕاگەیاندن کە تورکمانەکان برامانن و سەرپێچی و پێشێلکارییەکانی بەرەی تورکمانی تێکەڵی ماف و داهاتووی برا تورکمانەکان نەکرێت، من چوومەتە پەرلەمان و بەرگریم لە مافی تورکمانەکان کردووە و هەر کەس زوڵم و تەعدا لە تورکمانەکان بکات، بە توندی ڕووبەڕوویان دەبینەوە، بەڵام هۆی ناردنی چەک بۆ تورکمانەکان چییە؟ ئەگەر کەسێک دەمانچەیەک بۆ مەکتەبەکەمان لە ئانکارا بنێرێت، چ هەڵوێستێکتان دەبێت؟ یاڤوز پاشا زۆر بە لووتبەرزی و تووڕەییەوە گوتی: «چۆن هەولێر دێنیتە ڕیزی ئانکارا؟ هیچ کەسێک ناتوانێت دەست بەسەر چەکی کەسێکدا بگرێت کە تورکیا پێی دەدات».

کاتێک بەم زمان و بەم ئاستنزمییە قسەی کرد، لە وەڵامدا پێم گوت: «باش گوێم لێ بگرە، کاتێک هەولێر ئاوەدان و ژیانی تێدا هەبوو، هێشتا تورکیا هەر نەبوو، ئەو چەکەی بە قاچاخ بۆ بەرەی تورکمانیت ناردووە ئاسایش دەستی بەسەردا گرتووە و ناشدرێتەوە، ئەگەر ئازای بڕۆ وەریان بگرەوە. پێویستیش بە بەردەوامی کۆبوونەوەکەمان ناکات و مومکینیش نییە لە کەسێک، یان دەوڵەتێک قبووڵ بکەم بەم زمان و هەڵسوکەوتە قسەم لەگەڵ بکات». ئیتر کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات.

# گوڵان

ساڵی سییەم (١٣٨٠)- (١١)ی ئەیلوولی ٢٠٢٣





# نەخشە ڕێگەیەك بۆ ئاشتی

## ڕوانگەی نێچیرڤان بارزانی

## بۆ داهاتووی كورد لە عێراق و ناوچەكەدا

# چاپکراوی نوێ




لەم ڕۆژانەدا کتێبی (عومەر میرانی پێشمەرگە و دیپلۆماتکاری خەباتگێر) بەسەرپەرشتیی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکرانی کوردستان بە بەرگێکی ناوازەی قەبارە مامناوەند و بە(٢٠٠) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەر دیدی خوێنەران و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو عومەر میرانییەوە.

ئەم کتێبە لەگەڵ یادکردنەوەی ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی هەڤاڵ و پێشمەرگە و دیبلۆماتکار عومەر میرانی چاپکراو لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا لە هۆڵی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکرایەوە بە ئامادەبوونی بەڕێز فازڵ میرانی سەرۆکی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی وبەرپرسانی حزبی و حکومی و خانەوادەی کۆچکردوو و دۆست وهەڤاڵانی عومەر میرانی.

ئەم کتێبە ژیننامەی کەسایەتییەکی تێکۆشەر و پێشمەرگەیەکی گیان لەسەر دەست و سیاسەتمەدارێکی چالاك دەگێڕێتەوە. ئاوڕدانەوە لە کەلتووری سیاسی و شۆڕشگێڕیی نەتەوەکەمان لە ڕێی گەڕانەوە بۆ ژیانی جوانمەردانێك کە هەموو تەمەنی خۆی کردە بارمەتی پرسی نەتەوە و وڵات، بە دڵنیاییەوە کارێکی دروست و زۆر بەجێیە، چونکە ئەو میراتە بەهادارە بەشێکە لە سەروەری و شانازییەکانی گەلەکەمان. تۆماری تێکۆشەرانی ڕێی کوردایەتی و بزاڤی ڕزگاریخواز و ئازادیخوازی کورد، هێندە هەڵوێست و کاری شکۆمەندانەی تێدایە، کە بۆ دەیان نەوەی داهاتووی نەتەوەکەمان مایەی شانازی و سەربەرزییە، نەوەی ئێستا و داهاتووشمان، لە ڕێی ئەم جۆرە کتێبەوە تێدەگەن تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتیمانی چەندە ڕەنج و قوربانی و خۆ بەخت کردنی ویستووە.

کتێبەکە خوێندنەوەیەکە بۆ مێژوو و کاروانی تێکۆشان و بەرەنجامی ئەزموونی دەیان ساڵەی خەباتی پێشمەرگایەتی و دیبلۆماسییەتی عومەر میرانی، سیاسەتمەدار و نووسەرێکی زۆر لە میانی دیدار و نوسینەکانیاندا بەشدارییان لە بەرزڕاگرتنی ئەم یادەی میرانیدا کردووە.


شایانی باسە ئەم کتێبە لە دووبەشی (کوردی و عەرەبی) و ئەلبوومێکی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ پێکهاتووە لە ئامادەکردن و وەرگێڕانی هاوکارمان (بەهادین جەلال مستەفا)یە، هەروەها هاوکاریشمان (شاخەوان جەعفەر) ئەرکی دیزاینی ناوەوە و بەرگەکەی لە ئەستۆ گرتووە.

# چاپکراوی نوێ




(ئەرکی جێبەجێکاری پۆلیس لە بواری دادوەریدا) ناونیشانی کتێبێکە کە عەقیدی مافپەروەر(خەسرۆ غازی خۆشناو) ماستەر لە یاسا نووسیویەتی، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بابەتێکی توێژینەوەی ماستەرە کە دانەرەکەی لە ساڵی ٢٠٢٠ ئامادەی کردووە، وەك لە ناونیشانەکەدا دیارە، بابەتی سەرەکیی ئەم کتێبە پەیوەستە بە ئەرکی پۆلیس لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگا بەپێی ڕێوشوێنە یاساییەکان، پیادەکردنی ئەم دەقە نەك هەر دەقە یاساییەکان، بەڵکو بە شێوەی کرداری ناوەڕۆکی بڕیار و حوکمی دادگا دەخاتە بواری بەرجەستەیی و جێبەجێ کردنەوە، گرنگیی توێژینەوەکە فرە لایەنە، چونکە بابەتەکە زۆر بە توندی پەیوەستە بە ئەرکە بونیادنراوەکانی کاری دادوەری و کارمەندانی پۆلیسەوە، هەروەها گرنگی بە دیاریکردنی گرنگترین ئەو ڕۆڵانە دەدات، کە پۆلیس و ئەندامەکانیان لە بواری دادوەریدا دەیگێڕن، بەتایبەتی سەبارەت بە دەسەڵاتی جێبەجێکار کە بۆیان دیاریکراوە. ئەمە جگە لە باسکردنی ئەو حاڵەتانەی ئەم دەسەڵاتە فراوانتر دەبێت کە تێیدا پۆلیس دەسەڵاتی گرتنەبەری هەندێك ڕێوشوێنی لێکۆڵینەوەی لە چوارچێوەی یاسادا هەیە. هەروەك نووسەر ئاماژەی پێ دەکات توێژینەوەکە مەبەستییەتی ڕۆڵی کارای پۆلیس لە بواری دادوەری و کارگێڕی ڕوون بکاتەوە سەرەڕای ئەرکەکانیان. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا تیشك خراوەتە سەر ڕۆڵی جێبەجێکاری پۆلیس لە بواری دادگەری و لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستی یاساکان سەبارەت بەو دەسەڵاتەی داویانە بە پۆلیس لە بواری لێکۆڵینەوە لە تاوان، دیسان ئەم توێژینەوەیە مەبەستی ئاماژەکردنە بەو ڕێسا و یاسایانەی کە هەن، سەبارەت بە ئەرکی پۆلیس، جگە لە ئەرکی لێکۆڵینەوە لە تاوان و ئەو ڕێوشوێنانەی یاسا بۆ ئەم مەبەستە دیاری کردوون.

عەقیدی مافپەروەر(خەسرۆ غازی خۆشناو) بۆ نووسینی ئەم کتێبە پشتی بە دەیان سەرچاوە لە کتێبە یاساییەکان و توێژینەوە یاساییەکان بەستووە، دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین کە بۆ نووسینی ئەم کتێبە ئەرکی کێشاوە.. بە هیوای توێژینەوە و بەرهەمی زیاتر.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**سالّح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی سالّح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**


**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

د. گۆڤەند شێروانی:




## پێویستە یاسای نەوت و غاز لەسەر بنەمای دەستوور دابنرێت و ببێتە سەکۆیەک بۆ بەڕێوەبردنێکی دادپەروەرانەی سامانی نەوت

د. حەسەن کاکی فەیلی:



## کوردانی فەیلی مەلا مستەفا بارزانییان خۆش دەویست، چونکە خەباتی بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی دەکرد

پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم




## کەرکووک، مێژووی نەهامەتیی میللەتێک

ئاشنا بابان




## هێزی نەرم لە چارەسەری ناکۆکییە نێودەوڵەتی و پەیوەندییە سیاسییەکاندا

ئارینا مۆرێسان:



## لە ئێستادا ناتوانرێت ئەزموونی بۆتسوانا لە وڵاتانی دیکەی ئەفریقا دووبارە بکرێتەوە

قەشە ئیشایا داود فیلیبس:



**پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان لەسەر دەستی مەلا مستەفای بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوول زۆر بە باشی و ڕۆشنی دەرکەوت**



پارێزەر ئاهەنگ ئەنوەر:

**بە هەزاران کچی کەرکووکی خاوەن ئەزموون و بڕوانامەی زانستین، کەچی سوود لە تواناکانیان وەرناگیرێ و لە ماڵەوەدا دانیشتوون**

**راوتەرێکی بچووک**
**بۆ هەموو شوێنێک**



**بۆچی قاوە**
**بۆ منداڵ زیانبەخشە؟**





لوقمان غەریب:

**فیلمی گوڵەکان ناگەشێنەوە، بە تێگەیشتنێکی جیاواز کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران بەرجەستە دەکات**




دیبە تەحسین:

**تەنانەت هۆڵێکی باشیشمان نییە یاری تێدا بکەین**





### لە شەست و دووەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا

# کوردستان یان نەمان

## وەک دروشمی شۆڕش چۆن لە دایک بوو؟





«گەورەم سەرۆکی دادگا. لەو بڕوایەدا نیم بە سزادانم بەوەی کردوومە، دادگا ئامانجەکەی خۆی بپێکێت، سەبارەت بەوەی ڕێگە لەو پیاوە خاوەن عەزیمانە بگرێت، لەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانێ نەیکات. مێژوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کاتێک پەیوەست بین بە ویژدانمانەوە، سزادان عەزیمەی پیاوان ناشکێنێت.

ئێمە یاسامان پێشێل کردووە و دەشزانین کە پێشێلمان کردوون، بەڵام ئێمە بەرپرسیار نین، فەرز بوو لەسەرمان لە نێوان ملکەچبوونمان بۆ «یاسا و ویژدان»دا یەکێکیان هەڵبژێرین. لەسەرمان پێویست بوو ڕووبەڕووی کێشەیەکی تازە ببینەوە لەنێوان یاسا و ویژدانماندا، کاتێک حکومەت ڕەخنە و پێشنیارەکانمان فەرامۆش دەکات، پێویستە لە سەرمان چی بکەین؟ ئایا ملکەچی یاسا بین کە ڕەتکردنەوە بە تاوان دادەنێت، بەمەش خیانەت لە قەناعەتی خۆمان بکەین، یان فەرمان بوو لە سەرمان پێچەوانەی ئەوە بکەین و ملکەچی ئەوە بین کە ویژدانمان داوامان لێ دەکات؟ لە بەردەم تەنگژەیەکی لەمجۆرە، پیاوانی دادپەروەر، خاوەنی عەزیمە و شەرەف، ناتوانێت بێجگە لەم وەڵامە شتێکی دیکە پێشکەش بکات، کە ئەویش ملکەچبوونە بۆ ویژدانی خۆی».

نیلسۆن ماندیلا لە بەردەم دادگای ئاپارتایددا

کتێبی «ستراتیژیەتی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی میتافیزیکیا
جاک دریدا»

**● شۆڕش.. ساتەوەختی پێکەوە گرێدانەوەی مێژوو و ئایندە بۆ پێناسەی بوونی نیشتمانێك**

خانمە فەیلەسووفی ئەڵمانی «هانا ئارنێت» لە کتێبی «لە شۆڕشدا - في الثورة» پێمان دەڵێت: «شۆڕش کاتێك هەڵدەگیرسێت کە زەوی و ئاسمان بە یەك یاسا هەڵدەسووڕێن»، ئەمەشی بەو مانایە بەکارهێناوە کە کۆپەرنیکۆس لە کتێبی «شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسمان» ئاماژەی پێ کردووە و پێمان دەڵێت: «یاساکانی ئاسمان بەو جۆرە پەیوەندیی نێوان ئەستێرەکانی ڕێکخستووە، کە هەر ئەستێرەیەك بە ئازادی لەسەر خولگەی خۆی دەسووڕێتەوە و هیچ ئەستێرەیەك دەست ناخاتە ناو کاروباری ئەستێرەیەکی دیکە، یان هەوڵ بدات داگیری بکات، هەر بۆیە ئەستێرەکان لەناو ئاسماندا ئازادن و ئەم ئازادییەشیان بە یاسا ڕێك خراوە». لەمەوە ئارنێت ئەوەمان پێ دەڵێت «کاتێك دەوڵەتێك، یان ئیمپراتۆریەتێك بەو چەند یاسا دانراوەی لەبەر دەستیدایە، دەیەوێت گەلەکەی خۆی، یان چەند نەتەوەیەك پێکەوە سەرکوت بکات، لە ساتەوەختی پێکەوە گرێدانەوەی «مێژوو و ئایندە»، گڵپەیەك دروست دەبێت کە پێی دەگوترێت «شۆڕش»، کە شۆڕشیش گڵپەی کرد، ئیدی ناکوژێتەوە و هیچ زۆردارێك خۆی لەبەردا ڕاناگرێت، بۆ ئەمەش باسی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی فەرەنسامان بۆ دەکات، کاتێك شۆڕشگێڕەکان هەڵدەکوتنە سەر زیندانی باستیل، لویس داوا لە سەرۆکی پاسەوانەکانی دەکات «بچن ئەو هەڵگەڕاوە و تێکدەرانە سزا بدەن»، لە وەڵامدا سەرۆکی پاسەوانەکان بە لویس دەڵێت «گەورەم ئەوە شۆڕشە و هەڵگەڕانەوە نییە»، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێی دەڵێت «گەورەمان کۆتاییمان هات و بەرگەی گڵپەی شۆڕش ناگرین».

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت «کاتێك شۆڕش گڵپە دەکات. چیدی یاسای زاڵم و دیکتاتۆرەکان بەهای نابێت و کەس پێوەی پابەند نابێت، ئەم پێوە پابەندنەبوونە لە ڕووی نەزانییەوە نییە، بەڵکو باش دەزانن کە ئەو یاسایە شایەنی ئەوە نییە پێوەی پابەندبن، لەبری ئەوە ملکەچی ویژدانی خۆیان دەبن، کە چیتر لێیان قبووڵ ناکات ژێردەستەیی و چەوسانەوە قبووڵ بکەن.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە «شۆڕش» پێش ئەوەی هەنگاوهەڵگرتن بێت بۆ ئایندە، گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، مێژووی پێش سەرکوتکاری و داگیرکاری. لەناو ئەم مێژووەوە لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشدا بە ئایندەوە گرێ دەدرێت و، ئەو ئێستایەی کە شۆڕش مێژوو و ئایندە پێکەوە گرێ دەداتەوە، ئەو خاڵەیە کە هانا ئارنێت پێمان دەڵێت «یاسای زوڵم و داگیرکاری» هیچ بەهایەکی نامێنێت و نەتەوەی ژێردەست و خەڵکی زوڵم لێکراو ئەو یاسایانە دەخاتە ژێر پێی و گوێ بۆ ویژدانی خۆی دەگرێت، کە بزانێت چی لێ داوا دەکات؟ کە بێگومان ویژدان داوامان لێ دەکات، بگەڕێنەوە بۆ یاساکانی ئاسمان، ئەو یاسایانەی ئازادیی ئەستێرەکانی ڕێك خستووە و ڕێگە نادات هیچ ئەستێرەیەك ئەوی دیکە داگیر بکات، یان دەستتێوەردان لەو خولگەیە بکات کە ئەستێرەکە بە ئازادی لەسەری دەسووڕێتەوە.

**● کاتێك مێژووی کاریزما دەبێتە مێژووی نەتەوەیەك، شۆڕشی ئەیلوول و کاریزمای مستەفا بارزانی**

جاك دریدا لە کتێبی «لەبەریەك هەڵوەشانەوەی میتافیزیکیا» و لە بەشێکیدا بە ناونیشانی «سەرسامبوون بە نیلسۆن ماندیلا، یان بە یاساکانی بیرکردنەوە و ڕەنگدانەوە»، پێمان دەڵێت: شێوازی ئەم پرسیارە و ساردوسڕیی شرۆڤەکردنی، ڕێگەی ئەوەمان لێ ناگرێت بگەینە «سەرسامبوون»، لەبەر ئەوەی هەستکردن بە «سەرسامبوون» لە بیرکردنەوەوە سەرچاوە دەگرێت و بە ئەقڵ تەفسیری بۆ دەکرێت و دەپرسێت «چۆن ماندیلا بووە دیاردە؟ بۆچی وا دەردەکەوێت کە نموونەیی و مەزنە سەبارەت بەوەی بیری لێ دەکاتەوە و ئەوەی دەیڵێت و ئەوەشی بە دەستییەوە دەناڵێنێت؟ ئەو مەزنە لەبەر ئەوەی لە گەواهینامەکەیدا مانایەکی دیکەی داوە بە گەواهی، ئەویش ئەزموونی گەلەکەیەتی، ئەو بەردەوام دەیگوت «گەلەکەم و من»، بەڵام وەك پادشا قسەی نەدەکرد، ئەی بۆچی سەرسامبوون دەوروژێت؟ لەبەر ئەوەی ئەو وشەیە « گەلەکەم و من» بوونی بەرەڤانی

> **لە ساتەوەختی پێکەوە گرێدانەوەی «مێژوو و ئایندە»، گڵپەیەک دروست دەبێت کە پێی دەگوترێت «شۆڕش»، کە شۆڕشیش گڵپەی کرد، ئیدی ناکوژێتەوە و هیچ زۆردارێک خۆی لەبەردا ڕاناگرێت**

> **کاتێک شۆڕش گڵپە دەکات. چیدی یاسای زاڵم و دیکتاتۆرەکان بەهای نابێت و کەس پێوەی پابەند نابێت**

> **ویژدان داوامان لێ دەکات، بگەڕێنەوە بۆ یاساکانی ئاسمان، ئەو یاسایانەی ئازادیی ئەستێرەکانی ڕێکخستووە و ڕێگە نادات هیچ ئەستێرەیەک ئەوی دیکە داگیر بکات**

فەرز دەکات، لەبەر ئەوەی دوژمنەکانیشی پێی سەرسامن، بەڵام ئەم ڕاستییە ئاشکرا ناکەن».

جاك دریدا، کە سەرسامبوونی خۆی بە ماندیلا کردووەتە بابەتێکی فەلسەفی لەناو یاساکانی بیرکردنەوە و ڕەنگدانەوە، لە کاتێکدا بووە کە «ماندیلا» لە بەندیخانەکانی سیستمی ئاپارتاید لە باشووری ئەفریقا زیندانی بووە و، ئەم نووسینەشی «سەرسامبوون بە ماندیلا» بەشێکە لەو هەڵمەتەی کە چەندین بیرمەند و فەیلەسووفی دیکە بۆ ئازادکردنی «ماندیلا» ئەنجامیان دا، هەر بۆیە دریدا، سەرسامە بە ماندیلا لەبەر ئەوەی بیرکرنەوەی ماندیلا فەرزی کرد، دەبێت بەرەڤانی دژی ڕژێمی ئاپارتاید بوونی هەبێت، فەرزی کرد، نابێت یاساکانی ئاپارتاید جێبەجێ بکرێن و دەبێت گوێ بۆ ویژدانی نەتەوەی خۆمان بگرین و بزانین ویژدانمان چیمان داوا لێ دەکات.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەو پرسیارە دروست دەکات «کاریزما چۆن لە ناو ویژدانی نەتەوە لەدایك دەبێت؟»، دریدا پێمان دەڵێت «کاتێك بیرکردنەوەی کاریزما، بوونی بەرەڤانی و خەبات فەرز دەکات، ئیدی مێژووی کاریزما دەبێتە مێژووی نەتەوە و مێژووی نەتەوەش دەبێتە مێژووی کاریزما، ئەم تێکەڵاوبوونەی مێژووی کاریزما و مێژووی نەتەوە، سەرسامییەك دروست دەکات، کە لە ناویدا گەوهەرێك دەدرەوشێتەوە و ئەو گەوهەرە درەوشاوەیە «کاریزمایە لەناو ویژدانی نەتەوەدا»، لەمەش زیاتر ئەم گەوهەرە درەوشاوەیە «کاریزما» کاتێك ڕابەریی نەتەوەکەی خۆی دەکات، ڕێگەیان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، دووبارە چەمکەکان پێناسە دەکاتەوە و، لە بەردەمی داگیرکاری نیشتمانەکەیدا، داکۆکی لە مافی نەتەوەکەی خۆی دەکات، هەوڵیش نادات مافی نەتەوەیەکی دیکە تەنانەت نەتەوەی ڕژێمە داگیرکارەکەش پێشێل بکات، ئیرادەیەکی هەیە کە دەتوانێت کودەتا بەسەر شەڕدا بکات و ئاشتی بێنێتە ئاراوە و نیشتمان بۆ هەموو نەتەوەکان بە «نەتەوەی ڕژێمی سەرکوتکاریشەوە» بکاتە چوارچێوەیەك بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان.

لەناو ئەم تۆڕی بیرکردنەوە فەلسەفییەدا، ئەگەر لەسەر ئاستی کوردستان و جیهان بپرسین «چۆن مستەفا بارزانی بووە دیاردە و کاریزما؟ چۆن ئەو هەموو سەرکردە و بیرمەندە جیهانییە پێی سەرسام بوون؟ بۆچی دوژمنەکانیشی پێی سەرسام بوون و تەنانەت هەندێکیان ئەو سەرسامبوونەشیان نەشاردووەتەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ناچارین مۆڵەت لە فەیلەسووفی گەورە جاك دریدا وەربگرین و لەبری ئەوەی بە «سەرسامبوون بە مستەفا بارزانی»دا هەڵبلێین، دەگەڕێینەوە بۆ یاساکانی «بیرکردنەوە و ڕەنگدانەوەی ئەو بیرکردنەوەیە»، بەمجۆرەش هەڵوەستەی لەسەر دەکەین:

١. مستەفا بارزانی پەروەردەی ناو فیکرێکە کە پێی دەگوترێت «فیکر و عەقیدەی بارزان»، بناخەی یاساکانی بیرکردنەوە لەناو «فیکر و عەقیدەی بارزان»دا، مرۆڤبوونە، بەڵام بوونێکی مانادار بە هەموو ماناکانی بوون، نەك بوونێکی بێ مانا و بەتاڵکراو لە ماناکانی بوونی بوون.

٢. مرۆڤبوون لە «فیکر و عەقیدەی بارزان»دا، واتە پێکەوە گرێدانەوەی جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکان و ڕێزگرتن لە بوونی مرۆڤ وەك مرۆڤ، کە تەنیا بوونەوەرە لەسەر ئەم هەسارەیە هەست بە «بوون»ی خۆی دەکات و لەمانای « بوون»ی خۆی تێدەگات.

٣. بۆ بەرگریکردن لە بەهاکانی «مرۆڤبوون»، فیکر و عەقیدەی بارزان بوونی بەرەڤانی و خەبات فەرز دەکات، ئەمەش نەك تەنیا بۆ یەك نەتەوە و یەك ئایین، بەڵکو بۆ هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان.

٤. فەرزکردنی «بەرەڤانی و خەبات» بۆ بەرگریکردن لە «مرۆڤبوون»، زەروورەتی بوونی چوارچێوەیەك «نیشتمانێك» بۆ ڕەنگدانەوەی هەموو بەهاکانی «بوون» فەرز دەکات، ئەمەش وەك چۆن شێخ عەبدولسەلامی بارزانی داوا لە ڕۆژهەڵات ناسێك دەکات، لەگەڵ خۆی بیبات بۆ بەریتانیای مەزن و شا جۆرج ببینێت و داوای هاوکاری بکات بۆ ئەوەی «دەوڵەتی کوردستان» دابمەزرێت.

٥. ڕەنگدانەوەی یاساکانی بیرکردنەوە لەناو «فیکر و عەقیدەی بارزان»دا لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەیەك هۆزی گەورەی کوردستان خۆیان لەناو ڕەنگدانەوەی ئەو «فیکر و عەقیدە»یە بینییەوە و پێی سەرسام بوون،

**مستەفا بارزانی پەروەردەی ناو فیکرێکە کە پێی دەگوترێت « فیکر و عەقیدەی بارزان»، یاساکانی بیرکردنەوە لەناو «فیکر و عەقیدەی بارزان»دا، مرۆڤبوونە، بەڵام بوونێکی مانادار بە هەموو ماناکانی بوون، نەک بوونێکی بێ مانا و بەتاڵکراو لە ماناکانی بوونی بوون**

**مرۆڤبوون لە « فیکر و عەقیدەی بارزان»دا، واتە پێکەوە گرێدانەوەی جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکان و ڕێزگرتن لە بوونی مرۆڤ وەک مرۆڤ**

بەمەش نەك هەر ئەو فیكر و عەقیدەیان پیادە كرد، بەڵكو خۆیان كرد بە خاوەنی ئەو فیكر و عەقیدەیە و ناویان لە خۆیان نا «بارزانی»، ئەمە لە كاتێكدا بارزان تەنیا گوندێكی بچووكە و هیچ هۆزێكیش بەناوی هۆزی بارزانەوە بوونی نییە.

٦. خاڵێكی دیكە كە زۆر گرنگە لەناو «فیكر و عەقیدەی بارزان»دا هەڵوەستەی لەسەر بكەین، بەكارهێنانی چەمكی «ئێمە»یە لە گوتاردا، ئەم چەمكە وەك پەیام و گوتاری سیاسیی ئاراستەی بەرانبەر كراوە و گوتراوە «ئێمە دەچەوسێنەوە و خاكمان داگیر كراوە، ئێمە زوڵم ڕەت دەكەینەوە و بەرگری لە مەزڵووم دەكەین و...هتد»، لەسەر بەركارهێنانی ئەم چەمكە «ئێمە» لە گوتاری ماندیلادا بەرانبەر داگیركەرانی بەكار هاتووە و گوتویەتی ئێمە «گەلەكەم و خۆم» سەركوت دەكرێین، لای دریدا، بەكارهێنانی چەمكی»ئێمە» لە گوتاری ماندیلادا ئەو سەرسامبوونەی دروست كردووە، ئەمە لە كاتێكدا چەمكی «ئێمە» لە گوتاری ماندیلا تەنیا ئاماژە بووە بۆ «ڕەشپێستەكانی باشووری ئەفریقا»، بەڵام لە گوتاری «فیكر و عەقیدەی بارزان»دا، بەكارهێنانی چەمكی «ئێمە» ئاماژەیە بۆ «نەتەوەكانی وەك كورد، كلدان و ئاشووری، ئەرمەن، توركمان، عەرەبی ڕەسەن»، هەروەها ئاماژەشە بۆ ئایینە جیاوازەكانی وەك «ئیسلام (بە شیعە و سوننەوە)، كریستیان، ئێزیدی .. و تەواوی ئەو ئایین و نەتەوانەی لە كوردستان بوونیان هەیە.

ئەم نەخشەڕێگەیە كە لە «فیكر و عەقیدەی بارزان»ـەوە سەرچاوە دەگرێت، وەك «یاسا» لە بیركردنەوە و كاروانی خەباتی «مستەفا بارزانی»دا بەرجستە و جێبەجێ كراون و، چوارچێوەی ڕەنگدانەوەی ئەم فیكر و عەقیدەیەشی بە جۆرێك فراوان كردووە، كە هەر چوار پارچەی كوردستان بگرێتەوە و ناسنامەی كوردبوون و كوردستانیبوون لە هەر چوار پارچەدا پێناسە بكاتەوە.

پابەندبوونی مستەفا بارزانی بە یاساكانی بیركردنەوە و ڕەنگدانەوە لەناو «فیكر و عەقیدەی بارزان»، هۆكاری سەرەكی بووە بۆ ئەوەی بیركردنەوەی مستەفا بارزانی دانەخزێت بۆ ناو هیچ ئایدیۆلۆژیایەك و هەر لەناو ویژدانی گەل و نەتەوەی خۆیدا بمێنێتەوە و ملكەچی ویژدانی ئەوان بێت و بزانێت داوای چی لێ دەكەن.

ئەم پابەندبوونە فیكرییە بە « ویژدانی نەتەوە» لای جاك دریدا، هۆكارێكی دیكەی سەرسامبوونە بە ماندیلا، لەبەر ئەوەی ماندیلا ٢٧ ساڵ لە زیندانەكانی ڕژێمی سەرمایەداری و ئاپارتاید زیندانی بووە، بەڵام بیری لەوە نەكردووە پەنا بۆ « كۆمۆنیزم و ماركسیەت» بەرێت، بۆ ئەوەی خەباتی دژی ڕژێمی سەرمایەداری و ئاپارتایدی پێ بكات، بەڵكو داكۆكی لە پرۆسەی نوێنەرایەتیی گەل و دابەشكردنی دەسەڵاتەكان و هەڵبژاردنی ئازاد و نیشتمان و باشووری ئەفریقا بۆ «سپی پێست و ڕەش پێست» دەكردەوە، ئەم خوێندنەوەی دریدا، دەرگایەكی دیكەمان بۆ سەرسامبوون بە مستەفا بارزانی بۆ دەكاتەوە، ئەویش ئەوەیە كاتێك ڕابەرایەتیی شۆڕشی دووەمی بارزانی كرد دژی ڕژێمی پادشایەتی لە چلەكانی سەدەی ڕابردوو، نەك هەر پەنای بۆ ئایدیۆلۆژیەتی شیوعی و ماركسی نەبرد، بۆ ئەوەی خەباتی دژی ڕژێمی پادشایەتی پێ بكات، بەڵكو لە چوارچێوەی ئەو سیستەمی پادشایەتییەی ئەو كاتی عێراق كە بانگەشەی بۆ سیستەمی «پەرلەمانی و دیموكراتی» دەكرد، بەرەڤانی دژی ڕژێمی پادشایەتی دەكرد و هەر یەك دوو ساڵ دوای دەستپێكردنی شۆڕشی دووەمی بارزان، بەرنامەیەكی بۆ دامەزراندنی پارتێكی نیشتمانی كوردستانی دانا، كە ئەویش دامەزراندنی «پارتی دیموكراتی كوردستان»بوو، لەمەش زیاتر دوای ڕووخانی كۆماری كوردستانیش كە مستەفا بارزانی ئەمجارە چەمكی «ئێمە»ی بۆ «ئێمە تەسلیم نابین» بەكار هێنا و، خۆی هەڤاڵەكانی دوای چەندین شەڕی سەخت و قوربانیدان ڕێڕەوە مێژووییەكەی «پەڕینەوەی ئاوی ئاراس»یان دەست پێ كرد و گەیشتنە كۆماری ئازربایجانی «سۆڤیەتی پێشوو»، لەوێش پابەندبوونی مستەفا بارزانی بە یاساكانی بیركردنەوەی «فیكر و عەقیدەی بارزان» بەردەوام بوو، بۆیە لەبری ئەوەی بیبێتە كۆمۆنیزم و دژی ڕژێمی شای سەر بە ڕۆژئاوا، بە ئایدیای كۆمۆنیزم خەبات بكات، بەڵام لە باكۆی پایتەختی ئازربایجانەوە دووبارە

**فیكر و عەقیدەی بارزان بوونی بەرەڤانی و خەبات فەرز دەكات، ئەمەش نەک تەنیا بۆ یەک نەتەوە و یەک ئایین، بەڵکو بۆ هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان**

**شێخ عەبدولسەلامی بارزانی داوا لە ڕۆژهەڵات ناسێک دەکات، لەگەڵ خۆی بیبات بۆ بەریتانیای مەزن و شا جۆرج ببینێت و داوای هاوکاری بکات بۆ ئەوەی «دەوڵەتی کوردستان» دابمەزرێت**



ڕایگەیاندەوە «ئێمە تەسلیم نابین، بەرەڤانی و خەبات فەرزە بوونی هەبێت، دەبێت بەرنامەی دامەزراندنی کوردستانی گەورە دابڕێژین و، هەر بەم ئاراستەیە و بە بەکارهێنانی چەمکی «ئێمە» خۆی گەیاندە «خرۆشۆف سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی پێشوو» و خۆی گەیاندە سەرکردەکانی جیهانی سێیەم وەك «تیتۆ، شاوسیسکۆ، جەمال عەبدولناسر و.. هتد» و بە هەموویانی گوت «ئێمە وەك گەلی کوردستان ژێردەستەیی قبووڵ ناکەین و فەرزە بەرەڤانی و خەباتی ئێمە دژی ئەم زوڵمە بوونی هەبێت و ئێوەش پشتگیریمان بکەن».

لەدوای ساڵی ١٩٥٨ کە شۆڕشی چواردەی تەمموز بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم دەستی پێ کرد و ڕژێمی پادشایەتی عێراق ڕووخا و دەستوورێکی کاتی نووسراوەیە کە تێیدا هاتبوو «عێراق نیشمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە»، چەمکی ئێمە «گەلەکەم و خۆم» لە گوتاری سیاسیی مستەفا بارزانیدا بۆ عەبدولکەریم قاسم سەرۆك کۆماری عێراق گۆڕانکاری و وەرچەرخانی گەورەی بەسەردا هات و ڕاگەیاند ئێمە (گەلەکەم و خۆم) پشتگیری لە کۆماری عێراق دەکەین، وەك نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب و پارێزگاری لێ دەکەین»، بەڵام کاتێك ڕژێمی کۆماریی عێراق لە بەڵێنەکانی پاشگەز بووەوە و بەندی سێیەمی دەستووری عێراقی پێشێل کرد، کە دەڵێت «عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە»، جارێکی دیکە چەمکی «ئێمە» لە گوتاری سیاسیی مستەفا بارزانیدا بووەوە بە «ئێمە (گەلەکەم و خۆم) ئەم پێشلکارییە قبووڵ ناکەین»، ڕاستگۆیی و بوێری مستەفا بارزانی لە بەکارهێنانی چەمکی ئێمە (گەلەکەم و خۆم) بووە ئەو ساتەوەختەی گەلی کوردستان بە تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانەوە یاساکانی عێراقیان خستە ژێر پێ و لە ساتە وەختی تووڕەبوونی «ویژدانی نەتەوەدا» گڵپەی شۆڕش دەرکەوت، کە ئەویش دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو، کە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەستی پێ کرد و دوای نۆ ساڵ لە خەباتی چەکداری و دیپلۆماتی توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەبات و بەرەڤانی گەلی کوردستان بۆ ئازادی و سەفرازی دیکۆمێنتێکی سیاسی و یاسایی لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا بکات، کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بوو.

ئەم مێژووەی کاروانی خەبات و بەرخۆدانی مستەفا بارزانی بووەتە بەشێك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان و لەناو ویژدانی گەلی کوردستاندا «خەتی سوور و حەرامی» دروست کردووە بەوەی کەس ناتوانێت، چەمکی « ئێمە» بێجگە لە ئاماژەکردن بۆ « گەلەکەم و خۆم» بەکار بهێنێت، بە پێچەوانەوە گەل ئەوانەی وەك خائین سەیری کردووە کە چەمکی « ئێمە»یان لە چوارچێوەی « گەلەکەم و خۆم» دەرهێنابێت، بۆ نموونە کاتێك دەڵێت «ئێمە وەك فڵان حزبی سیاسی» کە کۆمەڵێك داواکاری لەناو ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی بەرجەستە دەکات ، ئەوا وەك خائینێك سەیر کراوە و چەمکی «ئێمە»ی وەك «گەلەکەم و خۆم»ی بێ مانا کردووە، هەروەها لە بەکارهێنانی «ئێمە»یەکی دیکە لە گوتاری بارزانیدا کە دەڵێت «لای ئێمە کەرکووك دڵی کوردستانە و دەستبەرداری کوردستانییەتی کەرکووك نابین»، ئەم «ئێمە»ش بۆ خەتی سوور و تەحریمە بۆ هەر کوردستانییەك کە بڵێت «ئێمە وەك فڵان حزبی سیاسی، کەرکووك بە شارێکی عێراقی دەزانین».

## ● کوردستان یان نەمان
## چۆن بووە دروشمی شۆڕشی ئەیلوول؟

شۆڕش ئەگەر بە مانای وشە «ڕەنگدانەوەی تووڕەیی ویژدانی گەل و نەتەوە» بێت، ئەوا دروشمەکەشی هەر لەناو ئەو تووڕەییە وەك ڕەنگدانەوەی ئیرادەیەکی پەنگخواردووی ناو ئەو ویژدانە لەدایك دەبێت و، هیچ کەس و لایەنێکی سیاسیی ناتوانێت دروشمی ئەو شۆڕشە دیاری بکات، لەم بارەیەوە مستەفا عەقاد لە کتێبی «فەلسەفەی شۆڕش» کە دیراسەتی بۆ دروشمی شۆڕشی نەتەوە جیاوازەکان کردووە، سەبارەت بە دروشمی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا دەڵێت «کاتێك سەیری دروشمی شۆڕشی فەرەنسا دەکەین، کە بریتییە لە «ئازادی و یەکسانی و برایەتی» و، ئەم سێ وشەیەش لە زمانی فەرەنیسدا هاوئاوازن، مرۆڤ بیری

**پابەندبوونی مستەفا بارزانی بە یاساکانی بیرکردنەوە و ڕەنگدانەوە لەناو «فیکر و عەقیدەی بارزان»، هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی دانەخزێت بۆ ناو هیچ ئایدیۆلۆژیایەک و هەر لەناو ویژدانی گەل و نەتەوەی خویدا بمێنێتەوە**

بۆ ئەوە دەچێت، کە شاعیرێکی گەورە، یان بیرمەندێك ئەم دروشمەی داڕشتووە، بەڵام عەقاد دەڵێت «کاتێك دیراسەتێکی ورد بۆ ڕژێمی پادشایەتی لویس دەکەین و، لەسەر ئازار و نەهامەتییەکانی ئەو سەردەمەی گەلی فەرەنسا ورد دەبینەوە، ئەوا ئەم سێ وشەیە کە بووەتە دروشم «ئازادی، یەکسانی، برایەتی»، دەربڕی هەموو نەهامەتییەکانی گەلی فەرەنسا لەو کاتەدا بووە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر هەڵوەستەیەکی فیکری لەسەر دروشمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بکەین کە ئەویش تەنیا دوو وشەیە «کوردستان یان نەمان»، ئەمەش دیسان ئەگەر بە هەمان شێوەی شۆڕشی فەرەنسا، سەیری نەهامەتییەکانی گەلی کوردستان بکەین، لە سەروبەندی دەستپێکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا، بەتایبەتی کە ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم لەژێر کاریگەرییەکانی ئەفسەرە بەعسییەکانی ئەو سەردەمە لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق پاشگەز دەبێتەوە و ئەو ناسنامەیەمان لێ دەسێنێتەوە کە «عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب»ـە، ئەمەش بەو مانایەی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق نیشتمانی گەلی کوردستانە، ئەوا ئیدی شتێك بە مانای بوونی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان نامێنێت و دەگۆڕێت بۆ «بوونێکی ساختە»ی بێ بەها و بێ ناوەڕۆك، هەر بۆیە ئەگەر دروشمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول «کوردستان یان نەمان» بە میتۆدی «فەلسەفەی شۆڕش» کە مستەفا عەقاد باسی دەکات بیخوێنینەوە، ئەوا دەبینین جیاوازە لەگەڵ شۆڕشی سەرجەم نەتەوە ئازادیخوازەکانی جیهان و، کێشەیە و نەهامەتی گەلی کوردستان کێشەی بێ بەهابوونی «بوون» بووە لە غیابی نەبوونی نیشتمانێکی تایبەت بەم گەلە کە گەلی کوردستانە.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر ئەم کێشە و نەهامەتییەی گەلی کوردستان و نیگەرانیەکانی لەسەر مانەوە و بوونی لەم کوردستاندا، گرێ بدەینەوە بە شەڕی بەر دەرکی سەرای شاری سلێمانی لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو کە بە بڕیاریکی کۆمەڵەی گەلان، عێراق بووە ئەندام لەو کۆمەڵەیە، بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ گەلی کوردستان بکرێت و ڕای کوردستانییان وەربگیرێت، ئەوا گەلی کوردستان لەو کاتەشدا هەر «نەمان و شەهیدبوونی» لە بەرانبەر نەبوونی نیشتمانێك بەناوی کوردستان هەڵبژاردووە.

سەرۆك مەسعود بارزانی سەبارەت بە بەها بەرزەکانی «-بوون-ی گەل و نەتەوە» ئەو پرسیارەی وروژاندووە «بۆچی بارزانییەکان جامانەی سوور دەبەستن؟»، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پێمان دەڵێت «لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو، هەموو جۆرە جامەدانییەك لەلایەن بارزانییەکانەوە دەبەسترا، هەر کەس بەپێی ئارەزووی خۆی، هەروەك چۆن ئێستا هەر کەس بە ئارەزووی خۆی بۆینباغێك دەبەستێت، بەڵام لەو سەردەمە شێخ ئەحمەد بارزانی جامەدانی سووری دەبەست و، ئینگلیزەکانیش کە دەیانویست دژایەتیی شێخ ئەحمەد بارزانی بکەن، شوانێك دەگرن کە جامەدانی سووری لە سەر بووە، هەر بە جامەدانییە سوورەکە دەیخنکێنن و بە دارییەوە دەکەن، دوای ئەم ڕووداوە، شێخ ئەحمەد بارزانی وەك تەحەددایەك بۆ ئەو زۆردارییە نامرۆڤانەیە، بریار دەدات، دەبێت هەمووی جامەدانی سوور ببەستن».

ئەگەر سەرنج لەم پەیڤە بەرزە بدەین کە سەرۆك بارزانی دەیەوێت لەمەوە فێری مانای بەها بەرزەکانی «مرۆڤبوون»مان بکات، ئەگەر هێمایەك، یان ڕەفتارێك بووە هۆکاری ئەوەی بەها بەرزەکانی «مرۆڤبوون»مان بێ بەها بکات، ئەوا دەبێت لەو تەحەددایەی شێخ ئەحمەد بارزانی یەوە کە بە بڕیارەکەی بە بەستنی جامانەی سوور بە ئیگلیزەکان دەڵێت «خنکاندنی گەنجێك لەسەر ئەوەی تەنیا جامەنە سوورەکەی لە جامانەی شێخ ئەحمەد بارزانی بووە، عەزیمەی پیاوانی قارەمان نارووخێنێت و لە نێوان پابەندی بە یاسا زاڵمەکەی ئێوە و ویژدانی نەتەوەدا، گوێ بۆ ویژدانی نەتەوە دەگرین، ئەوجا بابزانین ویژدانمان چیمان لێ داوا دەکات و هەر ئەوەش جێبەجێ دەکرێت کە ویژدان داوامان لێ دەکات، ویژدانی نەتەوەشمان داوای ئەوەمان لێ دەکات، ئێمە لێرە «لە کوردستان» بوونێکی ڕاستەقینە و مانادارمان هەبێت، بوونمان دەکەینە مردن و شەهیدبوونمان، نەك ملکەچ بین و بوونێکی بێ مانا هەڵبژێرین».

**ئەم مێژووەی کاروانی خەبات و بەرخۆدانی مستەفا بارزانی بووەتە بەشێک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان و لەناو ویژدانی گەلی کوردستاندا «خەتی سوور و حەرامی» دروست کردووە بەوەی کەس ناتوانێت، چەمکی « ئێمە» بێجگە لە ئاماژەکردن بۆ «گەلەکەم و خۆم» بەکار بهێنێت**

ئـەم چەمكـە بـەرزەی «فیكـر و عەقیـدەی بـارزان» كـە دەڵێـت «بـۆ بوونمـان لـە كوردسـتان (بوونێكـی مانـادار)، گیانمـان دەخەینـە پێنـاوی نەمـان و شـەهیدبوون»، هەمـان ئـەو فیكـرە فەلسـەفییەی هایدگـەر لـە كتێبـی «بـوون و كات»مـان بیـر دەخاتـەوە و، پێمان دەڵێـت «بـوون لێـرەدا ( دا-زایـن)، مـرۆڤ ناچـار دەكات، شـان بداتـە بـەر هەمـوو سـەختییەكانی ژیـان و هەمـوو هـەوڵ و ئیـرادەی خـۆی بخاتـە گـەڕ بـۆ ئـەوەی مانـای (بوونـی خـۆی لێـرە) بسـەلمێنێت و بـوون بخاتـە پێنـاوی مردنـەوە، لەبـەر ئـەوەی مـردن گەورەترین ئیمكانیەتە بۆ ئەوەی بەها بەرزەكانی «بـوون» بسـەلمێنێت و بوونـی ڕەسـەن و خـاوەن بەها لـە بوونی ساختە و بێ مانا جیا بكاتـەوە.

### ● ساتەوەختی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول هەر ئەو ساتەیە مێژوو و ئایندە پێكەوە گرێ دەداتەوە

مێژوو نابێتـە بەشـێك لـە ڕابـردوو، لەبەر ئـەوەی هەتا ئێسـتاش چوارچێوەیەكە و پێناسـەی ئـازادی و بوونمان دەكات، لـە هەمـان كاتدا ئاینـدەش نابێتـە ئاینـدە كـە نەمانتوانیبێـت ئـەوەی ئامانجمانـە بیهێنینـەدی، لەم بازنەیـەدا ئەگـەر خوێندنەوەیەكی فیكـری بـۆ سـاتەوەختی هەڵگیرسـانی شـۆڕشی ئەیلـوول بكەیـن، ئـەوا دەبینیـن ئێسـتا هـەر ئـەو سـاتە وەختەیـە كـە هەنگاوێـك گەڕاوینەتـەوە دواوە بـۆ نـاو «مێـژوو» و لـە هەوڵـی ئەوەدایـن لـە «ئێسـتادا» هەنگاوێـك هەڵبگریـن بـۆ ئـەو ئایندەیـەی كـە ئامانجەكانمانی تێدا دەردەكەوێت، ئـەو كاتـەی وەك زەمـەن تێدەپەڕێـت بـۆ ئێمـە ئـەو كاتـە نییـە كـە ئامانجەكانـی ئێمـەی تێـدا دەركەوتبێـت، ئەمـە فێرمـان دەكات بـۆ ئـەوەی بوونمان لەنـاو ئـەو كاتـە، یـان ئـەو زەمەنـەی كـە پێیـدا تێدەپەڕیـن، مانـای هەبێـت، ئـەوا دەبێـت «بـوون و مـردن» بـەو شـێوەیە سـەیر بكەیـن كـە «بـوون و مردن»مـان پێكـەوە لەدایـك دەبـن و، لـەو كاتـەی مـرۆڤ لەدایـك دەبێت، چاوەڕوانـی مردنێـك دەكات، مردنـی مرۆڤیـش هاوشـێوەی كەوتنـە خـوارەوەی بەرهەمێكـی وەك «سـێو و هەنجیـر» نییـە كـە نیچـە داوا دەكات، شـەماڵی باكـوور هەڵبـكات و لـە دارەكـە بیخاتـە خـوارەوە، بۆ ئـەوەی ئەم بەرهەمـە بگاتـە دەسـتی مـرۆڤ، ڕاشـكاوانەتر مردنـی مـرۆڤ بـەو شـێوەیە نییـە كـە چـاوەڕێ بـكات تـەواوی تەمەنـی تـەواو بـكات و لـە كاتێكـی دیاریكـراودا بمرێـت، بۆیـە هەمـوو سـاتێك بـۆی هەیـە بـە ڕووداوێك، مـرۆڤ ڕووبـەرووی مـردن ببێتـەوە، كەواتـە ئـەم ئاراسـتەیە ئەوەمـان پـێ دەڵێـت، كـە مـردن ئەوەنـدە لـە مـرۆڤ نزیـك بێـت، ئـەوا لەسـەر مـرۆڤ فـەرز دەبێت لە پێناوی سەلماندنی بوونی خۆی مردن هەڵبژێرێـت.

لەسـەر ئـەم نەخشـە ڕێگەیـە، ئەگـەر خوێندنەوەیـەك بـۆ ئـەو ٦٢ سـاڵەی دوای هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلـوول بكەیـن، كـە خـودی شۆڕشـەكە لەسـەر پێشـێلكردنی دەسـتوور و مافەكانـی گەلـی كوردسـتان وەك تووڕەبوونـی ویژدانـی گەلـی كوردسـتان لـە چوارچێـوەی شۆڕشـدا گڵپـەی سـەند و، لـەم ڕوانگەیـەوە لـە خۆمـان بپرسـین، ئایـا ئـەو سـاتەوەختەی شۆڕشـی ئەیلولـی تێـدا هەڵگیرسـا، لەگـەڵ ئێسـتامان دوای (٦٢ سـاڵ) چ جیاوازییەكـی هەیـە؟ ئایـا شـاندی كوردسـتان كـە دەچێـت بـۆ دانوسـتاندن لەسـەر مافەكانـی گەلـی كوردسـتان لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای عێـراق، لەگـەڵ ئـەو شاندانەی لـە شۆڕشـی ئەیلـوول دەچـوون بـۆ هەمـان مەبەسـت لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئـەو كاتـی بەغـدا، چ جیاوازییەكـی هەیـە؟ ئایـا زەمانـی گفتوگـۆی دانوسـتاندنەكانی هـەردوو شـاندی كوردسـتان و شـاندی بەغـدا، چ گۆڕانكارییەكـی بەسـەردا هاتـووە؟ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارانە لـە هەنـاوی مێـژووی ئـەم ٦٢ سـاڵەدا، ئـەو ڕاسـتییەمان وەك ڕۆژی ڕوونـاك بـۆ ئاشـكرا دەكات، كـە سـەرۆك مسـعود بارزانـی لـە بەرگـی شەشـەمی «بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی كوردسـتان» پێمـان دەڵێـت «ئەقڵییـەت هەمـان ئەقڵییەتـی حكومەتەكانـی پێشـووە و تەنیـا دەموچـاوەكان گـۆڕاون».

هەر بۆیە كاتێك یادی ٦٢ ساڵەی ساڵوەگەڕی شۆڕشـی مەزنـی ئەیلـوول دەكەینـەوە، ئـەو وانـە بەرزە فێر دەبین كە «ئەو ساتەوەختەی شۆڕشی ئەیلولی تێدا هەڵگیرسا، هەمـان ساتەوەختەیە و مێـژووی ئـەو ٦٢ سـاڵە نەبووەتـە ڕابـردوو، ئـەو ئایندەیـەش نەهاتووەتـەدی كـە ئامانجەكانمی تێدا بـەدی بهێنیـن».


**كاتێك یادی ٥٢ ساڵەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەكەینەوە، ئەو وانە بەرزە فێر دەبین كە «ئەو ساتەوەختەی شۆڕشی ئەیلوولی تێدا هەڵگیرسا، هەمان ساتەوەختەیە و مێژووی ئەو ٥٢ ساڵە نەبووەتە ڕابردوو، ئەو ئایندەیەش نەهاتووەتەدی كە ئامانجەكانمی تێدا بەدی بهێنین»**



د. حەسەن کاکی فەیلی نووسەر و توێژەر بۆ گوڵان:

# کوردانی فەیلی مەلا مستەفا بارزانییان خۆش دەویست، چونکە خەباتی بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی دەکرد

# کورد لە ژێر زەبری زوڵم و چەوسانەوەدا ڕەنگە بتوانێت بژی بەڵام هەرگیز بێ خاک و نیشتمان ناتوانێت بژی




**نووسەر و توێژەری بەناوبانگی کورد و عێراقی دکتۆر حەسەن کاکی، کە خاوەنی چەندین بڕوانامەی عێراقی و عەرەبییە و لە بوارەکانی مێژوویی و سیاسی و ئەدەبیدا چەندین کتێبی چاپ کردووە، خاوەنی بڕوانامەی فەخریی یەکێتی ڕۆشنبیرانی عەرەبە و لە چەندین ڕێکخراو و سەندیکا و یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و عێراقیدا ئەندامە، لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الخالد) بووە، لەسەر پرسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی و ڕۆڵی کوردانی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلوول دیدارێکمان لەگەڵیدا ساز دا و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** پێکهاتە نەتەوەیی و کەمینەکان لەسەرجەم ئایین و ئایینزاکان لە عێراقدا بەردەوام کەوتوونەتە بەر شاڵاوی هێرش و جینۆساید، نەتەوەی کورد بەشی هەرە زۆری ئەو تاوان و جینۆسایدەی بەرکەوتووە، سەرەتای پرسیارەکەمان بەوە دەست پێ دەکەین، وەکو توێژەرێکی مێژوویی، چۆن ئەم جینۆسایدە هەڵدەسەنگێنیت، بەتایبەتی جینۆسایدی کوردانی فەیلی؟**

- سەدام حوسێن زوڵمی گەورەی لە نەتەوەی کورد کردووە، کوردانی فەیلییش بە هۆی کوردبوونیانەوە لەو زوڵم و چەوسانەوەیە پشکی زۆریان بەرکەوتووە. کورد لە ژێر زەبری زوڵم و چەوسانەوەدا ڕەنگە بتوانێت بژی، بەڵام هەرگیز بێ خاک و نیشتمان و ئایندەیەکی نادیار و ناڕوون زەحمەتە بتوانێت بژی. کوردی فەیلی بە ئێرانی و عەجەم و پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی تۆمەتبار دەکران، دڕندەیی ڕژێم گەیشتبووە ئاستێکی وا هەموو خێزانێکی کوردی فەیلی لە شەودا لە دەنگی لێدانی دەرگاکەی دەترسا، چونکە موخابەرات و پیاوانی ڕژێم لە درەنگانی شەودا هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵە کوردەکان و گەنجەکانیان ڕاپێچی زیندانەکان دەکرد، کە تا ئێستاش چارەنووسی زۆربەیان دیار نییە، کوردانی فەیلی بە هۆی کوردبوونیانەوە سەرەتا ڕژێم بە بڕیاری (محکمە الپورە-٦٦٦) لە ١٩٨٠/٥/٧ ڕەگەزنامەی عێراقییانی لێ سەندنەوە و، پارە و ماڵ و حاڵیان دەستی بەسەردا گیرا، ئەمەیە چارەنووسی کوردێك لە عێراقدا کە مێژوویەکی دەوڵەمەندی لە ناوچەکەدا هەیە و چەندین ئیمپراتۆریەتی هەبووە، لەوانە (کیشی و ئیلامی و میدیا و زەندی) مێژوو و بەڵگەنامەکان سەلمێنەری ئەم ڕەسەنایەتییەی کوردانی فەیلییە، کەچی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق تۆمەتباریان دەکردن بە «التبعیە الایرانیە»، تەنانەت ڕژێمی بەعس دەستی برد بۆ ناو پیرۆزیی خێزانەکان و بڕیاری ژمارە ٤٧٤ی لە ١٩٨١/٤/١٥ دەرکرد و ٤٠٠٠ دیناری بۆ هەر سەربازێك تەرخان کرد و ٢٥٠٠ دیناریش بۆ کەسێکی مەدەنی ئەگەر هاوسەرەکەی فەیلی بێت و تەڵاقی بدات، بۆئەوەی ئەو ئافرەتە داماوە لە ماڵ و منداڵی بکات و ڕەوانەی ئێرانی بکات، هەر بەمەشەوە ڕانەوەستا، بە بڕیارێك ماڵ و موڵکی ئافرەتەکەی دەدایە پیاوەکە بەو مەرجەی ئافرەتێکی دیکەی عێراقیی غەیرە فەیلی بهێنێت، ئەمە جگە لە چەندین تاوانی دیکەی وەکو دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتی کوردانی فەیلی لە ناو زیندانەکاندا .

**سەرۆک بارزانی ڕۆڵی لە ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی زۆر بوو، بەڵام حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کەمتەرخەم بوون**

**ڕژێمی بەعس دەستی برد بۆ ناو پیرۆزیی خێزانەکان و بڕیاری ژمارە ٤٧٤ی لە ١٩٨١/٤/١٥ دەرکرد و ٤٠٠٠ دیناری بۆ هەر سەربازێک تەرخان کرد و ٢٥٠٠ دیناریش بۆ کەسێکی مەدەنی ئەگەر هاوسەرەکەی فەیلی بێت و تەڵاقی بدات**

**کورد بە سرووشتی خۆی خاک و نیشتمانەکەی خۆی خۆش دەوێت و ئەم خۆشەویستییە بەسەر هەموو مەزهەب و بۆچوون و ئایدیۆلۆژییەکانیدا زاڵە**

**کاتێکیش مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو گەڕایەوە هەر لەبەسراوە تاکو بەغدا کوردەکانی فەیلی پێشوازییەکی گەورەیان لە مەلا مستەفا بارزانی کرد**

**بە کۆمەک و هاوکاریی کوردانی فەیلی یەکەمین ئێزگەی ڕادیۆی کوردییان گەیاندە حاجی ئۆمەران**

**لە کۆبوونەوەیەکدا سەدام حوسێن گوتی، دەرکەوت گەورەترین شاری کورد بەغدایە، بەعسییەکان لە کوردانی فەیلی زۆر دەترسان، چونکە ژمارە و ڕێژەیان زۆر بوو**

*** کەواتە «التبعیە الایرانیە» بۆ ئەم جینۆسایدەی کوردانی فەیلی تەنیا پاساوێکی دروستکراو بووە؟**

- هۆکاری یەکەمی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە عێراقدا بۆ بوونی عەقڵییەتی قەومیی شۆڤێنیی دژ بە کورد دەگەڕێتەوە، دواتر بە پاساوی جۆراوجۆری مەزهەبی جەعفەری شیعە و بوونی «التبعیە الایرانیە» لای زۆربەی کوردانی فەیلی، هەر خۆی لەخۆیدا ڕەگەزنامەی عێراقی بۆ دژایەتیکردنی کورد بەکار هێنراوە، پێشتر عوسمانییەکان و ئێرانییەکان وڵاتی عێراقیان داگیر کردبوو، کاتێکیش بەریتانییەکان ئەم وڵاتەیان لە دەوڵەتی عوسمانی داگیر کردەوە، گرفتی «التبعیە العپمانیە والتبعیە الایرانیە» مابوو، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٤ بڕیاری ژمارە ٤٢ی ڕەگەزنامەی عێراقی دەرچوو، ئەو دەمە ئیدارەی بەریتانیا لەلایەن ببرسی کوکس و میسس بیل و سەرۆکی عێراق عەبدولڕەحمان ئەلنەقیب بەڕێوە دەچوو، ئەمەش پێش دەرچوونی دەستووری عێراق بوو، بەپێی بڕیارەکەی ڕەگەزنامەی عێراقی هاووڵاتییانیان سەرپشك كرد لە هەڵبژاردندا لە نێوان هەردوو «التبعیە العپمانیە و التبعیە الایرانیە)، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە (التبعیە العراقیە) بکرێت، بەمەش زۆر لە کوردەکان و عەرەبیش (التبعیە الایرانیە)یان هەڵبژارد، چونکە کەوتبوونە سەر ناوچە سنوورییەکان و ئارەزووی هاتوچۆ و سەردانی کەسوکار و کاروکاسبی و بازرگانییان لەگەڵ دیوی ئێراندا هەبوو. کورد بە سرووشتی خۆی خاك و نیشتمانەکەی خۆی خۆش دەوێت و ئەم خۆشەویستییە بەسەر هەموو مەزهەب و بۆچوون و ئایدیۆلۆژییەکانیدا زاڵە.

*** باسی زاڵبوونی لایەنی کوردبوونی فەیلیت کرد، بەسەر لایەنی مەزهەبیدا، تەنانەت یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بۆ خۆشەویستیی فەیلییەکان بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەگەڕێتەوە، ئایا ڕۆڵی کوردانی فەیلی لە بزووتنەوەی ڕزگارخوازی کوردستاندا چۆن بوو؟**

- کوردەکانی فەیلی ڕۆڵێکی کارا و گەورەیان لە پاڵپشتی و هاوکاریکردنی مەلا مستەفا بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەبووە. حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەروەکو چۆن براکەی دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم چالاکێکی سیاسی بوو کە پاڵپشتیی گەلی کوردی دەکرد، بۆیە هەر زوو حکومەتی پادشایەتی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان کرد، یەدوڵڵا کەریم و فەهیم سەعید فەیلی و دەیان کوردی دیکە پێگە و پۆستی گەورەیان لە ناو پارتیدا هەبوو. یەکەمین کۆنگرەی پارتی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٤٦ لە ماڵی فەهیم سەعید فەیلی بەڕێوە چوو، کاتێکیش مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو گەڕایەوە هەر لەبەسراوە تاکو بەغدا کوردەکانی فەیلی پێشوازییەکی گەورەیان لە مەلا مستەفا بارزانی کرد، لە شوێنی حەوانەوەشی لە هۆتێلەکە هەر کوردانی فەیلی بوون لە ترسی ناپاکی و خیانەت، پاسەوانییان دەکرد، کۆمەك و هاوکاریی شۆڕش و پێشمەرگەیان دەکرد، بە کۆمەك و هاوکاریی کوردانی فەیلی یەکەمین ئێزگەی ڕادیۆی کوردییان گەیاندە حاجی ئۆمەران، لە ڕێککەوتنامەی مێژوویی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ گەورەترین ڕێپێوانییان لە ناو جەرگەی بەغدا لە گۆڕەپانی ڕەسافەوە بۆ باب ئەلشەرجی ئەنجام دا، تا وای لێهات لە کۆبوونەوەیەکدا سەدام حوسێن گوتی، دەرکەوت گەورەترین شاری کورد بەغدایە، بەعسییەکان لە کوردانی فەیلی زۆر دەترسان، چونکە ژمارە و ڕێژەیان زۆر بوو، هاوکات کەسایەتیی ناسراوی باشیان هەبوو، هەر ئەمەش بوو پێشتر وای لە سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی کرد، حەبیب محەمەد کەریم هەڵبژێرێت وەکو کوردێك بۆ پۆستی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق، ئێ خۆ عادل مورادیش سەرۆکی یەکێتی لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەروەکو چۆن زەکیە حەقی ئیسماعیل سەرۆکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بوو، لە ٨ی شوبات لە کاتی کودەتاکانی بەعسییەکان بۆ ڕووخاندنی عەبدولکەریم قاسم کە بە ٨ی ڕەشی شوبات ناسراوە، فەیلییەکان ڕووبەڕووی بەعسییەکان بوونەوە.

کوردانی فەیلی بڕوای تەواویان بە کوردبوون و خۆشەویستییان بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەیان هەیە، ئەوان دوای مەلا مستەفا بارزانی کەوتن،

چونکە خەباتی بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی دەکرد. چوونی ژمارەیەك لە کوردانی فەیلی لە بەغدا بۆ ناو حزبە شیوعییەکان بۆ پەراوێزخستنی حزبە کوردستانییەکان و سەرکردایەتیی ئەو حزبانە دەگەڕێتەوە، کە جگە لە فوئاد حوسێن، تەنانەت یەك بەڕێوەبەری گشتییان لە پشکی هەرێم لە ناو کوردانی فەیلی دانەمەزراندو، حزبە شیوعییەکان گەنجانی کوردی فەیلییان بۆ مەبەست و دوورخستنەوەیان لە دۆزی ڕەوای کورد دامەزراندووە، بەڵام کۆتا جار خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمانەکەیان هەر لە خوێن و دڵیاندایە .

*** لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ ئایا تاچەند حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق مافەکانی کوردانی فەیلییان گەڕاندووەتەوە؟**

- لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و عێراقی دوای ڕژێمی بەعس، مەینەتییەکانی کوردانی فەیلی درێژەی کێشا و لەبری ئەوەی ناسنامەمان بۆ بگەڕێتەوە و مافەکانمان لە ماڵ و حاڵ و زەوی و پێگە و پارەمان بۆ بگەڕێندرێتەوە و قەرەبوو بکرێینەوە، کەچی کەوتینە ناو گێژاوێکی پەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی کەیسی جینۆساید و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، مافە ماددی و مەعنەوییەکان و سۆراغی بێسەروشوێنەکانمان دیار نییە و یەکلا نەکراونەتەوە.

*** واتە شوێنەواری جینۆسایدی کوردانی فەیلی دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە هێشتا ماوە، ئایا حکومەتی فیدراڵی لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە هیچی ناکەوێتەسەر؟**

- تەنیا لەبەر کوردبوونمان بەم شێوە دڕندەیە جینۆساید کراین و ناسنامە و ماڵ و حاڵیان لێ تاڵان کردین و، گەنجەکانمان سۆراغیان دیار نەما، سوپاسی سەرۆك مسعود بارزانی دەکەم کە فشارەکانی بۆسەر حکومەتی عێراق دەست پێکردووە و هەندێك لەو داواکارییانەمان جێبەجێ کرا، سەرۆك بارزانی ڕۆڵی لە ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی زۆر بوو، بەڵام حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کەمتەرخەم بوون، چونکە جینۆساید تاوانێکی دژی مرۆڤایەتییە و کەیسێکی نێودەوڵەتییە، واتا دەبێت حکومەتی عێراق ئەو ئەرکە بگرێتە سەرشانی بەوەی قەرەبووی قوربانییەکان بکاتەوە.

*** وەکو کەسایەتییەکی ئەکادیمی و مێژوونووس و توێژەرێکی ناسراوی عێراقی، پێشنیار و داواکاریت چییە بۆ زیندووکردنەوەی کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی و گەڕانەوەی ماف بۆ خانەوادەکانیان؟**

- هەر دوو حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بە ئەرکی خۆیان هەڵسن و ئەم کەیسە و ئازار و مەینەتییەکانی پێکهاتەیەکی گرنگی کورد لە ناو پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت پشتگوێ نەخەن، ئێسك و پرووسکی شەهیدەکانمان دەربهێنن و ئاوارەکان بگەڕێندرێنەوە کە ٢٥٠ خێزانی کوردانی فەیلی لە هەر دوو کەمپی (ئیزانە و جەهرۆم) بهێننەوە و کارئاسانییان بۆ بکرێت، دەبێ بە ڕێز و خۆشەویستییەوە کوردانی فەیلی لە پۆستە باڵاکان دەبمەزرێنن و لە هەر دوو پەرلەمانی عێراق و کوردستان کورسیی خۆیان هەبێت و لە زانکۆکانی کوردستان کوڕ و کچ و نەوەکانیان دابمەزرێنن، خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ تەرخان بکەن.

*** لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی و بانگهێشتکردنی ئەو هەموو کەسایەتی و خەڵکەی ناو کوردانی فەیلی لە نێوخۆی عێراق و دەرەوەی عێراق، تاچەند بۆ ئێوەی کوردانی فەیلی گرنگ بوو؟**

- سەرۆك مەسعود بارزانی باوك و پارێزەرێکی سەرسەختی کوردانی فەیلییە، گوتاری سەرۆك بارزانی لە کۆنفڕانسی بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی لەناو دڵی کوردانی فەیلیدا جێگەی بایەخ و گرنگییە، کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، بۆ ئێمەی کوردانی فەیلییش ئومێدێکی زۆری بۆ گەڕاندینەوە، بۆیە گرنگە لە دووتوێی ئەم کۆنفڕانسەشدا ئەو دامەزراوەیەی دادەمەزرێت، بۆ بەدواداچوونی کاروباری کوردانی فەیلی و پێشکەشکردنی کارئاسانی و هاوکاریی کوردانی فەیلی بێت.

**حزبە شیوعییەکان گەنجانی کوردی فەیلییان بۆ مەبەست و دوورخستنەوەیان لە دۆزی ڕەوای کورد دامەزراندووە، بەڵام کۆتا جار خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمانەکەیان هەر لە خوێن و دڵیاندایە**

**تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، مافە ماددی و مەعنەوییەکان و سۆراغی بێسەروشوێنەکانمان دیار نییە و یەکلا نەکراونەتەوە**

**سوپاسی سەرۆك مسعود بارزانی دەکەم کە فشارەکانی بۆسەر حکومەتی عێراق دەست پێکردووە و هەندێك لەو داواکارییانەمان جێبەجێ کرا**

**گوتاری سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی لەناو دڵی کوردانی فەیلیدا جێگەی بایەخ و گرنگییە، کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو**



پێکەوەژیان و ڕێزگرتنی ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی دەوڵەمەند و قووڵی هەیە، مەلا مستەفا بارزانی لەسەر هزر و عەقدەی بارزان لە شۆڕشی ئەیلوول کۆکەرەوەی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان بوو، بۆیە هەموو نەتەوە و ئایینزا و چین و توێژەکانی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەشدار بوون. مەسیحییەکانی کوردستانیش وەکو پێکهاتەیەکی ڕەسەنی هەرێمەکە بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە ئەم کەلتوورە بەرزەی بارزانی و کوردایەتی، گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکی ئاراستەی ئیشایا داود فیلیبس قەشەی کەنیسەی مارگورگیس لە هەولێر کرد.

**قەشە ئیشایا داود فیلیبس**

لە کەنیسەی (مارگورگیس/ شۆڕش) بۆ گوڵان:

# پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان لەسەر دەستی مەلا مستەفای بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوول زۆر بە باشی و ڕۆشنی دەرکەوت

**جێی شانازیی ئێمەی مەسیحییەکانە بارەگای بارزانی وەکو جاران لەسەر بیر و هزر و عەقیدەی مەلا مستەفا بارزانی و بارزان بەڕێوە دەچێت**

*** هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو پێکەوەژیانەی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان، بووەتە جێی سەرنجی وڵاتانی دنیا، کە پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە و سەرکەوتوو لە ناوچەکەدا تیدا بەرجەستە بووە، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکانی هەرێم و عێراق و دونیاش چۆن سەیری پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- ئێمە وەکو مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان بە کەلتوورێکی دەوڵەمەند و گرنگ دەبینین، ئەمەش مێژوویەکی قووڵی هەیە و بنەمای ئاسوودەیی کۆمەڵگەی کوردستانییە، ئەم پێکەوەژیانە تەنانەت شۆڕ بووەتەوە بۆ ناو پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکانی هەرێم. پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلوولی پیرۆز لە سەر دەستی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی زۆر بە باشی و ڕۆشنی دەرکەوت، شۆڕشەکە وەك شۆڕشێکی جەماوەری و چەترێك بوو بۆ هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کۆمەڵگەی کوردستانی، بەشداریی کەسایەتی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینزاکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە ناو شۆڕشی ئەیلوولدا کورد و مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی و تادوایی، بەشدارییەکی کارای شۆڕشەکەیان کرد.

ئەم کەلتووره جوانەی کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی وەکو زنجیرەیەکی دانەبڕاوە لەگەڵ سەردەمی سەرۆك مسعود بارزانی کە بە ڕابەرایەتیی جەنابیان پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان قووڵتر بووەوە و، بەپێی ئەو بەرنامە و پلانەی لە کارنامەکانی حکومەت جەختی لەسەر دەکرایەوە و چووە قۆناغێکی زیاتر گەشەکردوو. هەموو ئەمانە وایان کردووە، ئێمەی مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان بە چاوێکی گرنگ و شانازی و سەرنجێکی جوانەوە تەماشای پێکەوەژیان و لێبوردەیی و ژیانی ئاشتییانەی هەرێمی کوردستان دەکەین، تەنانەت بووەتە جێگەی سەرنجی وڵاتانی هەموو ناوچەکە و دنیاش، ئەم پێکەوە ژیانەی کوردستان بە ڕاددەیەك سەرنجی قەداسەتی پاپای ڤاتیکانی ڕاکێشا، کە لە کاتێکی زۆر ناخۆشدا کە پەتای کۆرۆنا بڵاو بووەوە، سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستانی کرد و لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی حەشاماتێکی زۆری مەسیحییەکانی هەموو هەرێمی کوردستان و جەماوەری پێکهاتەکانی دیکە، نوێژی قەداسی لە گۆڕەپانی شەهید فرەنسۆ هەریری بەجێ گەیاند، هاتنی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان بۆ ئەوە بوو بە چاوی خۆی ئەو پێکەوەژیانە جوانە ببینێت کە باسی دەکرا و، ئیعترافێکی سیاسی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بوو بۆ ئەو قەوارەیەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێکەوەژیان، پێشکەوتن و ئاشتی و متمانە و دڵنیاییە بەرانبەر یەکتر و سەقامگیری و مافە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان، بۆیە دەبێت بەردەوام لە پەرەپێداندا بێت و ڕێگە نەدرێت کەسان و گرووپێك بۆ مەبەست و مەرامی تایبەتی خۆیان ئەم پێکەوەژیانە بشێوێنن.

*** ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان چۆن سەیری ئەو بڕیار و هەڵوێستەی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەن، کە ڕایگەیاند دەبێت هەموو پێکهاتەکان ئەندامیان لە لێژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هەبێت، تاوەکو خۆیان ماف و بەرژەوەندییەکانیان لە دەستووردا جێگیر بکەن؟**

- ئەو بڕیارە حەکیمانە و خەمخۆریی جەنابی سەرۆك بارزانی بوو بۆ هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان، لە هەمان کات داواکاریی ئێمەشە وەك پێکهاتەکانی کریستیان و ئەوانی دیکە لە کوردستاندا، بە تەئکید بوونی نوێنەر و ئەندامی پێکهاتەکان لە لێژنەکانی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور زۆر پێویست و گرنگە، چونکە خۆمان دەزانین ماف و بەرژەوەندییەکانمان چییە، کە وا پێویستە لە دەستوورەکەدا هەبێت و جێگیر بکرێت، هەروەها لەو کاتەی کە دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵیش ئامادە دەکرا، جەنابی سەرۆك وای کرد کە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئەندام و نوێنەریان لە لێژنەکانی نووسینەوەی دەستوورەکەدا هەبێت، ئەگەرچی جەنابی سەرۆك لە هەموومان زیاتر بەرگریکار و داکۆکیکارێکی سەرسەختی هەموو پێکهاتەکان بوو، بۆ ئەوەی ماف و بەرژەوەندییەکانمان لە

**ئەم پێکەوە ژیانەی کوردستان بە ڕاددەیەک سەرنجی قەداسەتی پاپای ڤاتیکانی ڕاکێشا، کە لە کاتێکی زۆر ناخۆشدا کە پەتای کۆرۆنا بڵاو بووەوە، سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستانی کرد**

**هاتنی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان بۆ ئەوە بوو بە چاوی خۆی ئەو پێکەوەژیانە جوانە ببینێت کە باسی دەکرا و، ئیعترافێکی سیاسی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بوو بۆ ئەو قەوارەیەی لە هەرێمی کوردستان هەیە**

**بوونی نوێنەر و ئەندامی پێکهاتەکان لە لێژنەکانی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور زۆر پێویست و گرنگە، چونکە خۆمان دەزانین ماف و بەرژەوەندییەکانمان چییە**

**لەو کاتەی کە دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدڕاڵیش ئامادە دەکرا، جەنابی سەرۆک وای کرد کە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئەندام و نوێنەریان لە لیژنەکانی نووسینەوەی دەستوورەکەدا هەبێت**

**بەلای جەنابی سەرۆکەوە دەستوور بەڵگە و سەنەد و بنەمایەکی هەمیشەییە کە دەتوانێت بەرگری لە ژیان و مافەکانمان بکات**

**وەک جەنابی سەرۆک بارزانی فەرموویەتیی نەتەوە بە ژمارە نییە، بەڵکو دەبێت بە ڕەسەنایەتی و بەشداری و بوونی نەتەوەکان سەیری پێکهاتەکان بکرێت**

**ئێمە وەک مەسیحییەکان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەش لە هەرێمی کوردستان پێویستە ئامادە بین بۆ ئەو پرۆسە دیموکراتییەی کە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێت**

دستووری عێراقدا جێگیر بکرێت، چونکە بەلای جەنابی سەرۆکەوە دەستوور بەڵگە و سەنەد و بنەمایەکی هەمیشەییە کە دەتوانێت بەرگری لە ژیان و مافەکانمان بکات، بۆیە بەپێویستی دەزانم لێرەدا ستایش و پێزانینی خۆمان ئاراستەی مەرجەعی گەلی کوردستان جەنابی سەرۆک بارزانی بکەم، ئەگەرچی زۆرجار و لە کاتی خۆیشیدا ئەو هەڵوێست و بڕیارەی جەنابیانمان زۆر بە هەند و گرنگ وەرگرتووە .

*** ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەو بۆچوونە دەکەن، کە جەنابی سەرۆک بارزانی فەرمووی هیچ کەمە نەتەوەیەك لە هەرێمی کوردستان نییە و نەتەوە بە ژمارە نییە، بەتایبەتی لە لایەنی ماف و ئەو حەقانەی کە پێویستە پێیان بدرێت؟**

- دەستەواژەی کەمە نەتەوەیی ئێمەش پێمان خۆش نییە، وەك جەنابی سەرۆك بارزانی فەرموویەتیی نەتەوە بە ژمارە نییە، بەڵکو دەبێت بە ڕەسەنایەتی و بەشداری و بوونی نەتەوەکان سەیری پێکهاتەکان بکرێت، ئەمەش هەقیقەتێکە جەنابی سەرۆك بازرانی بە درێژایی مێژووی تەمەنی خۆی تەئکیدی لەسەر کردووەتەوە، ئەو پەیامەی جەنابیان بۆ ئێمە بووە جێگای شانازی و زۆر ئاسوودەیی و متمانەی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە دروست کردووە، کە بە وڵات و نیشتمانی خۆمانی بزانین و بەرگری لێ بکەین و هەوڵی بۆ بدەین، تاوەکو زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت.

*** پێکەوەژیانی ئاشتییانە یەکێکە لەو سیما جوانانەی کە هەرێمی کوردستان شانازیی پێوە دەکات، لەمەش زیاتر لەو کاتەوەی دووبارە بارەگای بارزانی دامەزراوەتەوە، دەبینین هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە لەژێر چەتری بارەگای بارزانیدا کۆبوونەتەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا بارەگای بارزانی تا چەند کاریگەریی هەیە بۆ پاراستنی مافی پێکهاتە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستاندا؟**

- ئێمە هەموومان پێزانین و شانازی بە بارەگای بارزانییەوە دەکەین و شانازی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت کابینەی نۆیەم دەکەین، کە بووەتە هۆکارێکی گرنگ و کاریگەر بۆ زیاتر گەشەکردنی ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەرنامە و کار و پڕۆژەی پێویست و گرنگ بۆ هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان ئەنجام دەدەن، بەبێ جیاوازی، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ڕووی پێکەوەژیانەوە ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو لەناوچەکەدا، بێگومان بارەگای بارزانی پاش ئەوەی بە ڕابەرایەتی جەنابی سەرۆك دامەزراوەتەوە، ڕۆڵێکی زۆر باش و کاریگەری هەیە، کە وای کردووە دەنگ و داواکاریی ئێمە بگاتە جەنابی سەرۆك بارزانی و، هەر کێشە و داواکارییەکمان هەبووە، لە ڕێگەی ئەو بارەگا پیرۆزەوە جەنابی سەرۆك ڕەتی نەکردووەتەوە و بۆمانی چارەسەر و جێبەجێ کردووە، بارەگای بارزانی وەکو جاران لەسەر بیر و هزر و عەقیدەی بارزان و مەلا مستەفا بارزانی بەڕێوە دەچێت، کە ئەو عەقیدەیەش جگە لەوەی چەترێکە بۆ کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندیی هەموو لایەکمان، باوەڕمان وایە بارەگای پیرۆزی بارزانی بەدرەوامیی گەشەکردن بەو پێکەوەژیانە لێبوردەییەی هەرێمی کوردستان دەدات و ناهێڵێت پێکەوەژیان ڕابوەستێت، بەڵکو کار و پەیامی زیاتر گەشەکردن و بەرجەستەبوونی پێکەوەژیانی کۆمەڵگەی کوردستانیشە، بەتایبەت لەسەر دەستی مەرجەعی گەلی کوردستان و کاریزمایی ئەو سەرکردە بوێر و ئاشتیخوازە کە جەنابی سەرۆك بارزانییە.

*** پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە، جیا لەوەی بە سیستمی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان نوینەریان هەیە، لە هەمان کاتدا لە ناو حکومەتی کوردستانیشدا وەزیریان هەیە و لە دامەزراوەکانیشدا چەندین پۆستی باڵایان هەیە، ئایا تا چەند حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتی خزمەتی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی کوردستانی کردووە؟**

- هەرچەندە من کەسێکی سیاسی نیم، بەڵام وەك پێکهاتەی مەسیحییەکان کە لەگەڵ نەتەوەکانی کورد و تورکمان و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان نەتەوەی ڕەسەن و سەرەکین، بۆیە بەشداریمان لە پەرلەمان و حکومەت و هەموو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان پێویست و گرنگە، بێگومان

لەو قۆناغەی ئێستادا کورسیی کۆتا یەکێکە لەو متمانە و دڵنیاییەی بۆ بەرگریکردن لە ماف و بەرژەوەندییەکانمان لە دانانی یاسا لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا کە زۆر گرنگە، مەسیحییەکان بۆ ئەوەی دەنگ و ڕەنگیان بزر و پەرشوبڵاو نەبێتەوە، دەیانەوێت سیستمی یەك بازنەیی و کۆتا هەر بمێنێت، لە لایەکی دیکەوە بە بوونی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان و سکرتێری پەرلەمان و بەشداریمان لە چەندین جومگە و دەزگای باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان و، هەبوونی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بۆ ئێمە و بۆ ئیزدی و ئایین و ئایینزاکانی دیکە دڵنیایەکی بەڵگە نەویستە، کە ئێمە وەك نەتەوە و ئایین بە فیعلی لە هەرێمی کوردستاندا مومارەسەی ژیان و ماف و بۆنە و کەلتووری خۆمان دەکەین. ئەگەرچی بوونی نوێنەر لە هەر شوێنێك چ پەرلەمان، چ لە حکومەت، چ لە وەزارەتی ئەوقاف، گرنگیی لەوەدایە ئەو نوێنەرە تا چەند بە جددی بۆ نەتەوە و ئایین و ئایینزاکەی کار دەکات و تا چەند کاریگەریی لەسەر مسۆگەربوونی ماف و ئیمتیازاتی پێکهاتەکەی هەیە.

*** ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان چۆن خۆتان ئامادە کردووە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی هەرێمی کوردستان و، هاوکات لەگەڵ ئەم پرسیارە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجام دەدرێت، ئایا بەشداری لەو هەڵبژاردنانەش دەکەن، بەتایبەتی لە کەرکووك؟**

- ئەو پرسیارەش زیاتر سیاسییەکان دەتوانن وەڵامی بدەنەوە، بەڵام بە بۆچوونی من، ئێمە وەك مەسیحییەکان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەش لە هەرێمی کوردستان پێویستە ئامادە بین بۆ ئەو پرۆسە دیموکراتییەی کە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێت، بە هەمان ئەو سیستمەی پێشوو کە بە کورسیی کۆتا بۆمان دیاری کراوە، بە هەقی خۆمانی دەزانین لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کە لە مانگی ١٢ی ئەمساڵ بڕیارە ئەنجام بدرێت، بەشداری بکەین، چونکە مەسیحییەکانی کەرکووك بەشێکی ڕەسەن و سەرەکی و مێژوویی ئەو شارەن، هەروەها لای ئێمە کەرکووك شاری پێکەوەژیانی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانە.

*** ئێستا هەرێمی کوردستان بووەتە ئەو ناوچە ئارامەی عێراق کە خەڵکانێکی زۆر لە نەتەوەی عەرەب و ئایینە جیاوازەکان، لە ترسی ناسەقامگیریی بارودۆخی پارێزگاکانی عێراق و هەروەها هەڕەشەی تیرۆر ڕوودەکەنە هەرێمی کوردستان، ئایا چۆن سەیری ئەم دەرگاکردنەوەی هەرێمی کوردستان دەکەن بە ڕووی ئاوارەکاندا کە دێنە کوردستان؟**

- زۆرجار ئاماژەمان بەو کار و هەڵویستەی هەرێمی کوردستان داوە، بەتایبەت جەنابی سەرۆك لەو کاتەی کە داعشی تیرۆریست هێرشیان کردە سەر عێراق و ناوچە کوردستانییەکان، بڕیاری دا کە هەموو سنوور و دەروازەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕووی ئاوارەکانی شاری مووسڵ و دەشتی نەینەوا و ئاوارەکانی ناوەڕاست و هەر شوێنێکی عێراقدا بکرێتەوە، کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەو قەیرانە داراییە گەورەیەی لەسەر هەرێمی کوردستان بوو، حکومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستان لە هەموو شار و شارۆچکەکان دەرگای مزگەوت و ماڵ قوتابخانەکانیان بە ڕووی ئاوارەکاندا کردەوە و خزمەتی بەردەوام و جوانی ئاوارەکان کرا، بە تەئکید ئەو هەڵوێست و بڕیارەی جەنابی سەرۆك و پێشوازیی خەڵکی کوردستان لەبیر ناکەین و بە گرنگ و ڕەوشتبەرزی دەینرخێنین.

*** ئایا بوونی عەنکاوە بە قەزا تا چەند گرنگە و تمووحی ئێوە لێردا ڕادەوەستێت، یان داواکاری دیکەتان هەیە؟**

- بە تەئکید بوونی عەنکاوە بە قەزا یەکێکە لەو کارانەی کە کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر گەشەکردنی پێکەوەژیان ئەنجامی داوە، چونکە ئەو بڕیارە واتە لە ڕووی ئیداریی و داراییەوە دەسەڵاتی بەرفراوانتر و زیاتر دەبێت و ئەو گەشەکردنەی چەندین ساڵە بەخۆیەوەی بینیوە، زیاتر پەرە دەسێنێت، ئەگەرچی ئێمە تمووحی زیاترمان هەیە، کە پێشتریش داوامان ئەوە بووە کە دەشتی نەینەوا بکرێتە پارێزگایەکی سەربەخۆ بۆ مەسیحییەکان و دڵنیاین ئەگەر بارودۆخ گونجاو و لەبار بێت، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و بەتایبەت جەنابی سەرۆك بارزانی جگە لەو گرنگیدانە تایبەتانە، ئەوا ئۆتۆنۆمییش لە دەشتی نەینەوا بۆ مەسیحییەکان بە ڕەوا دەزانێت.

**بە هەقی خۆمانی دەزانین لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کە لە مانگی ١٢ی ئەمساڵ بڕیارە ئەنجام بدرێت، بەشداری بکەین**


**سەرەڕای ئەو قەیرانە داراییە گەورەیەی لەسەر هەرێمی کوردستان بوو، حکومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستان لە هەموو شار و شارۆچکەکان دەرگای مزگەوت و ماڵ قوتابخانەکانیان بە ڕووی ئاوارەکاندا کردەوە**

**بوونی عەنکاوە بە قەزا یەکێکە لەو کارانەی کە کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر گەشەکردنی پێکەوەژیان ئەنجامی داوە**

**دڵنیاین ئەگەر بارودۆخ گونجاو و لەبار بێت، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و بەتایبەت جەنابی سەرۆك بارزانی جگە لەو گرنگیدانە تایبەتانە، ئەوا ئۆتۆنۆمییش لە دەشتی نەینەوا بۆ مەسیحییەکان بە ڕەوا دەزانێت**

# نەخشە ڕێگەیەک بۆ ئاشتی

## ڕوانگەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ داهاتووی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا


THE
ROADMAP
TO PEACE
Critical Perspectives on the Speeches of
President Nechirvan Barzani
Collection of Essays 2023

ڕوانگەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ داهاتووی کورد لە عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لە ساڵی ۲۰۰۲ و پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە کۆنگرەی (کورد کلیلی چارەسەری کێشەی عێراقە) لە سەنتەری مستەفا بارزانی لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن ڕاگەیەندرا و، هەر لەم کۆنگرەیەشدا، توێژینەوەیەك لە لایەن پرۆفیسۆر دیڤید فلیپس بە ناوی «دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە عێراقدا» پێشکەش کرا. لەو کۆنگرەیەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەخشە ڕێگەی بونیادنانەوەی عێراقی وەك دەوڵەتێکی (فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی) ڕاگەیاند و بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند: «هەتا کێشەی کورد لە عێراقدا بە شێوەیەکی عادیلانە چارەسەر نەکرێت و چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی کورد لە تەواوی ناوچەکە نەدۆزرێتەوە، ئەوا نە عێراق و نە ناوچەکەش ئاشتی و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت».

ئەم ڕوانگەیەی نێچیرڤان بارزانی، ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی سەرۆك بارزانی و تەواوی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیش بوو، هەر بۆیە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و دەستپێکردنی هەوڵەکانی بۆ نووسینەوەی «یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت)» و دوای ئەویش دارشتنی دەستووری ساڵی ۲۰۰۵ی عێراق و پاشانیش پەسەندکردنی، هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بوو، کە عێراق لەسەر بنەمایەکی تازە وەك دەوڵەتێکی (فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی و فرەیی) دابمەزرێتەوە و، ئەو دەستوورە ئەگەر وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، نەخشە ڕێگەیەکی دروستە بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو دەوڵەتە دابمەزرێت. بەڵام ماوەی ۲۰ساڵ لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێندا تێدەپەڕێت و ئێستا ڕەوشی عێراق لەچاو دوای ساڵی ۲۰۰۳ خراپتر نەبێت، ئەوا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و ئەو واقیعەی ئێستا لە عێراقدا دەبینین بریتییە لە:

- عێراق بەدەست دابەشبوونی مەزهەبی و تیرۆر و توندتیژییەوە دەناڵێنێت، ئەم دابەشبوونەش دەوڵەتی عێراقی لەبەریەك هەڵوەشاندووەتەوە، نەك تەنیا ئاسایش و سەقامگیریی عێراقی خستووەتە بەردەم هەڕەشەیەکی گەورە، بەڵکو سەوەریی عێراقیش کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە.
- ئێستا لە عێراقدا نفووزی دەوڵەتانی دەرەکی هەیە و دەستتێوەردان لە کێشەکانی عێراقدا دەکەن.
- ئێستای عێراق بووەتە سەرچاوەی ئاژاوە و ئیفلیجبوونی دامەزراوەکان، بەرنامەیەکی ڕیفۆرم نییە بۆ ئەوەی کێشەکانی چارەسەر بکرێن و دامەزراوەکانی کاری خۆیان بکەن، هەر بۆیە وێرای ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام نەتوانراوە خزمەتگوزاریی سەرەکی بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت.
- دەستووری عێراق بە شێوەیەك دارێژراوە کە دەکرێت بڵێین بە ناتەواوی بەجێهێڵدراوە، بۆیە ماددەکانی تەفسیر و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت و، زۆر جار لە لایەن دادگای فیدراڵییەوە دژی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێندرێن.
- لەبەر ئەوەی تەنیا هەرێمی کوردستان هەرێمی فیدراڵە و ڕێگەیان نەداوە بەپێی ماددەی ۱۲۱ی دەستوور هەرێمی دیکە دروست بکرێت، کۆمەڵێك کێشەی کەڵەکەبوو لە عێراقدا هەیە.
- دەستووری عێراق بە تەواوەتی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێشێل کراوە و جێبەجێ ناکرێت و تەنانەت ئەنجوومەنی فیدراڵی هاوشانی ئەنجوومەنی نوێنەران دانەمەزراوە، بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و نیگەرانییانە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای مامەڵەیەکی نوێ دەکات، ئەمەش نەك تەنیا بۆ چارەسەرکردنی ئەو دابەشبوونە قووڵەی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا هەیە، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا، هەروەها ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا.

لەم چوارچێوەیەدا کتێبی «نەخشە ڕێگەیەك بۆ ئاشتی . تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بۆ پەیامەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان» کۆکراوەی ١٢ وتاری گرنگە کە لەلایەن ١٢ ئەکادیمست و کەسایەتیی پرۆفیشناڵی دیار، لەسەر ئاستی جیهان نوسراوە و ماوەی دوو دەیەیە چاودێر و توێژەرن لەسەر سیاسەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، بابەتەکان ڕوانگەی نێچیرڤان بارزانییان بەسەر سێ تەوەری گرنگدا دابەش کردووە، کە بریتین لە:

یەکەم: چارەسەرکردنی ئاشتییانە و عادیلانەی کێشەی کورد لە عێراق، کە هەمان بایەخی بۆ ئەو دەوڵەتانەی دیکەش هەیە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

دووەم: ئەو ناسەقامگیرییەی لە عێراقدا هەیە پەل دەکێشێت بۆ دەرەوەی سنوورەکان و کاریگەریی لەسەر وڵاتانی دیکەش دەبێت.

سێیەم: ئەو ئالنگارییانەی دێنە بەردەم ئەم ڕوانگە ئەبستراکتە، کاتێك هەوڵەکان دەخرێنە گەڕ کە بکرێتە پلانێکی واقیعی و جێبەجێکراو بۆ گرتنەبەر و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان.


لە ڕوانگەی ئەم سێ تەوەرەوە بەشداربووانی ئەم کتێبە بە کۆمەڵێك بیروبۆچوونی ڕەخنەییانەوە هەڵسەنگاندیان بۆ ڕوانگەی نێچیرڤان بارزانی بۆ داهاتووی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا کردووە، لێرەدا پوختەیەك لە بۆچوونی بەشداربووان دەخەینە ڕوو.

### د. کینس پۆلاک:

## عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە لۆژیکی هێز مامەڵەی لەگەڵ کوردستاندا کردووە

**د.کینس پۆلاک، گەورە توێژەری ئەنیستیوتی ئەمریکان ئەنتەرپرایزە لە واشنتۆن و بۆ دوو جار ئەندامی ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بووە، کە لە یەکێکیاندا بەڕێوەبەری کاروبارەکانی کەنداوی فارس بووە، پێشتریش یەکێك بووە لە گەورە توێژەرانی ئەنستیوتی بروکینگز، هەروەها بەڕێوەبەری توێژینەوەکان و بەڕێوەبەری سەنتەری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بووە، لەم کتێبەدا بە باسێك بە ناونیشانی «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، عێراق، هەرێمی کوردستانی نوێ» بەشداری کردووە و بەم جۆرە لەسەر نەخشەڕێگەکە بۆچوونەکانی خۆی خستووەتە ڕوو.**

ئەو نەخشە ڕێگەیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان بارزانی) خستوویەتیە ڕوو بۆ هەرێمی کوردستان، لەگەڵ خەونەکانی ئەمریکا بۆ کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەواو یەك دەگرێتەوە، چونکە ئەمریکا خوازیارە کورد بەهرەمەند بێت لە ئاسایش و گەشەکردن، وەك کورد ژیان بباتەسەر و دوور بێت لە چەوساندنەوە، لە چوارچێوەی عێراقدا بە خۆشحاڵ و خۆشگوزەرانی بژیێت و بەشداریی ئەرێنی و بنیادنەرانە لە عێراقدا بکات، ئەگەرچی دەزانین زۆرێك لە کورد خەون بە بوونی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیانەوە دەبینن. هەروەها ئەمریکا دەیەوێت عێراق بەهێز و سەقامگیر و سەربەخۆ و گەشەکردوو بێت، واتە دەیەوێت عێراق بە تەواوەتی حوکمرانی خاك و وڵاتی خۆی بێت و نەبێتە پاشکۆی وڵات و هێزی دیکە، بەڵام ڕەنگە ئەمە داواکارییەکی قورس بێت بۆ عێراق لە سایەی ئەو هەلومەرجەی لە ئێستادا لەم وڵاتەدا باڵادەستە. عێراق نوقمی گەندەڵییە و ڕکابەرییە تاکەکەسی و تایفەگەرییەکان حکومەتەکانی تووشی لێکترازان کردووە، مەترسییەکە ئەوەیە عێراق هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ خۆیدا ڕابکێشێتە ئەم گێژەنەوە، ئەوەتا دەیەوێت ئۆباڵی کێشەکانی عێراق بخاتە ئەستۆی کوردستان، هەروەها لە ڕێی دەسەڵاتی دادوەرییەوە ڕێگری لە کوردستان دەکات، نەوتی خۆی بفرۆشێت، بۆی هەیە ئەمانە ناسەقامگیری لە کوردستاندا دروست بکەن، بۆیە دەبێت ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن و پشتگوێ نەخرێن. هەرچۆنێك بێت، نەخشە ڕێگەکەی نێچیرڤان بارزانی بە ڕوونی گوزارشت لەوە دەکات کە نابێت لەخۆگرتن بە ملکەچپێکردن و بەشداریکردن بە پەراوێزخستن لێك بدرێتەوە، ناکرێت پەیوەندیی نێوان حوکمڕان و حوکمڕانیکراو پەیوەندیی نێوان چەوسێنەر و چەوساوە بێت، بە هۆی مێژووەکەیانەوە



● د. کینس پۆلاک

ئەمریکییەکانیش دەتوانن لە پێداگریی کورد تێبگەن، لەوەی نەبنە هاووڵاتی پلە دوو. نێچیرڤان بارزانی لە وتارێکیدا لە ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢١ ڕایگەیاند «هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٢١ بەغدا بە لۆژیکی هێز حوکمڕانیی کردووە، کە سەری کێشاوە بۆ کارەسات و کاولکاری»، ئەمە بە ڕاستی دیدگەیەکی قووڵە، چونکە ئەگەر وڵاتێك بیەوێت بەهێز و سەقامگیر بێت و جڵەوی چارەنووسی لە دەستی خۆیدا بێت، ناکرێت لە ناوخۆدا بە لۆژیکی هێز حوکمڕانی بکات. ئەم وشانەی نێچیرڤان بارزانی ڕەنگدانەوەی وانەیەکە کە پێویستە سەرجەم عێراقییەکان ڕەچاوی بکەن، ئەگەر دەیانەوێت ئەو دەستکەوتانە بەدەست بهێنن کە بە پەرۆشەوە لێی دەڕوانن. ئەم نەخشە ڕێگەیە شتێکی تەواو جیاواز دەخاتەڕوو، ئەمە دەرفەتێکە بۆ کورد و عێراقییەکان بۆ ئەوەی ئاراستەیەکی تەواو جیاواز بگرنەبەر بە ئاقاری سازشکردن، حوکمڕانیی باش، بەرەوپێشچوون، دەرفەتی ئابووری و مۆدێرنیتە و بگرە دیموکراسی.



● پرۆفیسۆر دەیڤید ڕۆمانۆ

## پرۆفیسۆر دەیڤید ڕۆمانۆ:
## نەخشە ڕێگەیەکی ئاشتی بۆ هەموو عێراق

**پرۆفیسۆر دەیڤید ڕۆمانۆ ئوستادی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی میسۆریی لە ئەمریکا و خاوەنی کتێبی «بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورد دەرفەت و کۆکردنەوە و ناسنامە**

**Kurdish Nationalist Movement .Opportuni-) (ty، Mobilization and Identit، لەم کتێبەدا بەم جۆرە ڕای خۆی خستووەتە ڕوو.**

نێچیرڤان بارزانی لە وتارێکیدا لە ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢١ ئاماژەی بەوە کرد کە «پێویستە هەموومان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕێگەی بەدیهێنانی پێکەوەژیان و ڕێزگرتنی دوولایەنە و لێبووردەیی و هاوبەشیکردن بدۆزینەوە، پێویستە پێکەوە کار بکەین و بەرژەوەندیی هاوبەش بۆ ئەو سیستەمە ئابووری و ئەمنییانە دروست بکەین، کە تێیدا هەموو لایەك براوەبن».

دەکرێت لەم ڕووەوە ئەوە بڵێین کە ئەمانە تەنیا وشە و گوتاری سەرنجڕاکێش نین کە زۆرێك لە سەرکردە سیاسییەکان بانگەشەی بۆ بکەن، پێش ئەوەی ئەجێندایەکی تایفەگەریی بەرتەسك بگرنەبەر و دواتر دەست بدەنە سەرکوتکردنی گرووپە کەمینەکان، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان و خودی بەڕێز بارزانی کە سەرکردایەتی دەکات، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئەم وشانەی کردووەتە هەنگاوی کرداری، حکومەتی هەرێم نەك تەنیا پێکهاتەکانی کوردستانی بەشداری پێ کردووە لە سیستەمی حوکمڕانیدا، بەڵکو ڕێزی لە مافەکانی دیکەشیان گرتووە وەك خوێندن بە زمانی دایك و پیادەکردنی ئایینی خۆیان.

لە وتارەکەیدا لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆك لە ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند: «ئەگەر پێکهاتەیەکی سەرەکیی وڵاتەکە لە حوکمڕانی و ئیدارەدان دوور بخرێتەوە، ئەوا دەتوانێت بەرهەڵستی بکات، ئەمەش پشێوی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە بۆی هەیە مەترسی بێت لەسەر هەموو لایەك لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی».

ئەوە بوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەم واقیعە دەستووری نوێی عێراق و سیستەمێکی بەنامەرکەزی و فیدراڵی لە ساڵی ٢٠٠٥ گەڵاڵە کرا، دەستوور چوارچێوەیەك دادەڕێژێت بۆ هاوبەشییکردنی دەسەڵات لەنێوان پارێزگا و هەرێم و دەسەڵاتەکانی بەغدا، بەڵام بەداخەوە زۆرێك لە ماددەکانی دەستوور جێبەجێ نەکراون. نێچیرڤان بارزانی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی «سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق ئەرکیان لە ئەستۆیە، بەڵام ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە جێبەجێکردنی دەستوور».

سەرکردایەتیی باش پێویستی بە دیدگەیە، پێویستە خەڵك ئەو ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بەدی بکەن کە لەلایەن سەرکردایەتییەوە وێنا دەکرێن و پێویستە ئەوانی دیکە دڵنیا بکرێنەوە، کە ئەم ئامانجانە هاوکاریان دەبێت لە گەشەکردن و بەرەوپێشچوون، بە خستنەڕووی نەخشە ڕێگەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ سەقامگیری و ئاشتی لە عێراقدا، ئەوا ئەم دیدگەیە لەبەردەستدایە.

## پرۆفیسۆر جەنگیز چاندار :

# بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد گەمەکە کۆتایی نایەت


**جەنگیز چاندار، جیا لەوەی یەکێکە لە رۆژنامەنووسە دیارەکانی تورکیا و جیهان، لە هەمان کاتدا توێژەرێکی باڵای پرۆگرامەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقایە لە سەنتەری کاروباری نێودەوڵەتیی سوید، لە ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٣ ڕاوێژکاری تایبەتی سەرۆك کۆماری تورکیا (تورکۆت ئۆزال) بووە بۆ کاروباری دەرەوە، خاوەنی کتێبی (ئەرکە مەحابەکانی تورکیا . شەڕ و ئاشتی لەگەڵ کوردەکان)ـە و لەم کتێبەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، بەبێ چارەسەری کێشەی کورد، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت و، بەم جۆرە ڕای خۆی خستووەتە ڕوو.**

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە لە بیرکردنەوەکانی نێچیرڤان بارزانیدا ئەو بۆچوون و دیدگەیانەم بەدی کرد، کە لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا بانگەشەم بۆ دەکردن، کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ لە کۆنفرانسی ساڵانەی زانکۆی ئەمریکی لە دهۆك ڕایگەیاند: «سیستمی ئەمنی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکەوە گرێ دراون».

دەکرێت ئەوە لەم قسەیەوە هەڵێنجێنین کە بەبێ خۆشگوزەرانی و بەشداریی کورد لە حوکمڕانی و ئیدارەدانی نەك تەنیا تورکیا، بەڵکو عێراق و ئێران و سووریاشدا، ئەوا سەقامگیری و ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زامن ناکرێت، لە کاتێکدا من ئەمە دەنووسم، ئەوا نە ئێران و نە تورکیا و نە بەغدا و نە دیمەشق ئاماژەی ئەرێنییان لێ بەدی ناکرێت، لە ڕووی هاوکاریکردنی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی نێو دەوڵەتەکانیانەوە، بۆ برەودان بە مافە کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بەو چەشنەی کە لە پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانیدا هاتووە.

لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢١ و لە هەولێر، لە کۆنفرانسێکدا بە ناوی «عێراق، چارەنووسێکی تراژیدی»، نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند: «عێراق دەرس وەرناگرێت لە ئەزموونی تاڵی ڕابردووی، لە شکستە بەردەوامەکانی، لە شەڕە بێکۆتاییەکان و باجی گەورەی ئەو کاولکارییەی کە گەلان و پێکهاتەکانی عێراق داویانە و بەرگەیان گرتووە».

ئەوەی نێچیرڤان بارزانی لە ساڵی ٢٠٢١دا بە ڕوونی گوزارشتی لێ کرد، لە ساڵی ٢٠٢٢دا هاتەدی، کاتێك عێراق خزایە نێو دوایین و قووڵترین ساتەوەختی قەیرانێکی بەردەوامەوە، ئەگەر نەتوانرێت عێراق بە دەوڵەتێکی شکستخواردوو وەسف بکرێت، ئەوا بێگومان وڵاتێکە کە دامەزراوەکان تێیدا لاواز و میلیشیاکان تێیدا بەهێزن، سوپایەکی نیشتمانی نییە و ئایندەیەکی نادیار چاوەڕوانی دەکات.



● پرۆفیسۆر جەنگیز چاندار

## د. پاول بلاکلیدج :

# چیتر ناکرێت کورد بە چەشنی ڕابردوو و بە ئاسانی فەرامۆش بکرێت

**د.پاول بلاکلیدج، توێژەر و تایبەتمەندە لە (سیاسەت و ئاکار) توێژەر و مامۆستایە لە (بەڕێوەبردنی سەرچاوەی مرۆیی، سەرکردە و فیکری سیاسی) لە ژمارەیەك لە زانکۆکانی بەریتانیا، لەم کتێبەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو سەردەمە بەسەرچووە، جارێکی دیکە پرس و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ئاسانی فەرامۆش بکرێت و بەم جۆرە بۆچوونەکانی خستووەتە ڕوو.**

نێچیرڤان بارزانی مشتومڕی ئەوە دەکات کە ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا تەنیا ئەو کاتە بە تەواوەتی بەدی دێت، کە پەیوەندییەکی سەقامگیر لە نێوان ئەو چوار دەوڵەتەدا دروست ببێت، کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، لەوەش زیاتر ئەو ئاماژە بەوە دەکات، کە سەقامگیری لەم ناوچەیەدا گرنگییەکی جیهانیی هەیە، کەواتە تاوەکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی هەناردەی نەوت بێت، ئەوا خەبات و کۆششی کورد بۆ سەرمایەداریی جیهانی گرنگیی دەبێت.



● د. پاول بلاکلیدج

بە گوێرەی بۆچوونی بارزانی «ماف و بەرپرسیارێتی پێکەوە گرێ دراون، ئەگەر دەسەڵاتی فیدراڵی لە بەغدا مافە دەستوورییەکان بە هەرێمی کوردستان بدات،

ئەوا هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت بە تەواوەتی ئەرکە دەستوورییەکانی جێبەجێ بکات»، بەڵام کێشەکە ئەوەیە نێچیرڤان بارزانی ئاماژە بە ئەرکی مۆراڵی دەکات، بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانی، لە کاتێکدا ئەوەی لە جیهاندا زاڵە، حیساباتی بەرژەوەندییەکانە.

بەهێزترین لایەنی مشتومڕی بارزانی ئاماژەکردنیەتی بەوەی کە هەلومەرجەکە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە لە سەدەی ڕابردوودا، بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٩١ـەوە، چیتر کورد پێکهاتەیەکی خێڵەکی نین لە گوندەکاندا نیشتەجێ بن و هێزە ئیمپریالییە باڵادەستەکان بتوانن بەرژەوەندییەکانی پشتگوێ بخەن، ئێستا ئەوان لە خەڵکی شارنشین و چینێکی سەرمایەداری هەڵکشاو دروست بوون لە ڕێی تۆڕەکانی بازرگانی لە ناوچەکە و جیهاندا. هەرێمی کوردستان وەك سەنتەرێکی گرنگی کەڵەکەکردنی سەرمایەی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی نەوتەوە ماوەتەوە، واتە چیتر ناکرێت کورد بە چەشنی ڕابردوو و بە ئاسانی فەرامۆش بکرێت.

## د.ئازاد ئەسلان :
## کەڵەکەبوونی کێشەکان و پشتگوێخستنی جێبەجێکردنی دەستوور

**د.ئازاد ئەسلان، کە دکتۆرای مێژووی لە زانکۆی لەندەن وەرگرتووە، توێژەرەی بواری مێژووە و چەندین توێژینەوەی لەسەر مێژووی کورد کردووە و، نووسەری کتێبی «ململانێ بەوەکالەتەکان. فۆرمەلەکردن و شکستی ئەم دواییەی ناسیونالیزمی کوردی»یەو لەم کتێبەدا جەخت لەسەر ئەو ڕوانگەیەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئاشتی دەکات و، بەم جۆرە بۆچوونەکانی دەردەبڕێت.**


لە دوای ئەوەی نێچیرڤان بارزانی بوو بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کار و کۆششی لەسەر ستراتیژیەتێکە کە تێیدا هەوڵی داوە کاراکتەرە سیاسییەکانی عێراق قەناعەت پێ بکات، کە پێویستە سەقامگیری و ئاشتی و ئاسایش بەدی بهێنن لە وڵاتەکەدا، ئەویش لە ڕێی بەدەنگەوەهاتنی داخوازییە ڕەواکانی گەلی عێراق لە پێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ئارادان، لە ڕێی گرتنەبەری ڕێگەچارەی گفتوگۆ لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی دەستووری عێراق، ئەوە بوو لە وتارەکەیدا لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ لە کۆنفرانسی ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆك ڕایگەیاند:

«لە پەیوەندی بە عێراق و کێشەکانییەوە، ئەوا بە داخەوە ماوەیەکی زۆر بوو، ئێمە پێشبینی ئەم دەرئەنجامەمان کردبوو، کاتێك دەستوور وەلانرا، یەکەم هۆشداری لە کوردستانەوە درا، ئەو کاتە گوتمان ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت و ئەگەر دەستوور و ئەو بنەمایانەی کە عێراقی نوێی لەسەر بنیاد نراوە، فەرامۆش بکرێت، عێراق بەرەو داڕووخان دەچێت، ئێستاش دووپاتی دەکەینەوە، ئەوەی لە ئێستادا ڕوو دەدات، دەرئەنجامی کەڵەکەبووی ١٥ ساڵە لە هەڵەی سیاسی و ئابووری و پشتگوێخستنی دەستوور».

ڕەنگە لە ئێستادا نێچیرڤان بارزانی دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە سەرکەوتوو بێت لە دیدگەکەیدا بۆ دووبارە بنیادنەوەی عێراقێکی نوێ، بە هاوکاری و هاوبەشی لەگەڵ کاراکتەرە سیاسییەکانی دیکەی عێراق، پێویستە لە ئێستادا نوخبەی سیاسیی عێراق دەرك بەو ڕاستییە بکەن، کە عێراقێکی سەقامگیر و خاوەن سەروەری تەنیا ئەو کاتە بەدی دێت، کە هاوکارییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکرێت.

نێچیرڤان بارزانی بەردەوام بووە لە گرتنەبەری پەیوەندییەکی دۆستانە و دیپلۆماتییانە لەگەڵ تورکیا و ئێراندا، تەنانەت لە کاتی قەیرانەکانیشدا جەختی لەسەر دیالۆگ و دیپلۆماتی کردووەتەوە، هەرچۆنێك بێت، پەیوەندییەکانی مەحکوومن بە واقیعە سیاسی و ئابوورییەکەوە لە کوردستان و عێراقدا، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، لە پەرەپێدانی پەیوەندیی هاوسەنگتر و یەکسانتر لەگەڵ ئێران و تورکیا، پێویستە هاوکارییەکی سێ ئاست بەدی بێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و دامەزراوەی سیاسیی عێراق لەخۆ بگرێت.





● د.ماریانا چارۆنتاکی



● د. سەید شامس

### د.ماریانا چارۆنتاکی:

## ڕێگەچارەی ئاشتییانە بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەم کارێکی پێویست و هەم کارێکی خوازراوە

**د.ماریانا چارۆنتاکی، گەورە وانەبێژی ساسیەتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی لینکن، نووسەری کتێبی «کورد و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا . پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە ساڵی ١٩٤٥ـەوە»ـە و لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە توێژینەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چڕ کردووەتەوە. لەم کتێبەدا کە بە باسێك بە ناونیشانی «نەخشە ڕێگەی نیچیرڤان بارزانی . تێڕوانینێك لە ناوەوە» بەشداری کردووە، بەم جۆرە بۆچوونەکانی خستە ڕوو.**

تەرحی نێچیرڤان بارزانی بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ و دیدگەیەکی نوێ کە سەرجەم لایەنەکانی نێو شەبەنگی سیاسیی عێراق کۆبکاتەوە، نەك تەنیا کارێکی پێویستە، بەڵکو داهێنانکارانەیە. ئەگەرچی ئەم تەرحە پێشینەی هەیە کە بۆچوون و پابەندبوونی هاوشێوە (ئەگەرچی تەمومژاوی) کراون، وەك ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژی بۆ پەیوەندیی هاوکاریئامێز لە نێوان ئەمریکا و عێراق (١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨)، بەڵام کارێکی زۆر دەگمەنە، کە دەستپێشخەرییەکی لەم چەشنە لە تاقە کەسایەتییەکی سیاسییەوە سەرچاوە بگرێت، بەتایبەتی کەسایەتییەك کە نوێنەرایەتیی حکومەتی فیدراڵی ناکات لە بەغدا، لەوەش زیاتر ئەم دەستپێشخەرییە تەوەربەندە لەسەر عێراق، ئەگەرچی پێشینەی هەیە، پشتیوانیی دەنگە دەرەکییەکانی بەدەست هێناوە، بە چەشنی پاپا فرانسیس لە میانەی سەردانەکەی بۆ عێراق لە ئازاری ساڵی ٢٠٢١. کەواتە نەخشە ڕێگەکەی بارزانی بەرجەستەکاری هەنگاوێکی نوێیە کە پێدەچێت، یەك بگرێتەوە و بەردەوام بێت و بە چەشنێك بونیاد نرابێت، کە وەڵامدەرەوەی تەحەددییەکانی تایبەت بە سیستمی سیاسیی عێراق بێت.

لە پەیوەندی بە تورکیاوە، جێبەجێکردنی دیدگەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دیالۆگی بەردەوامە کە هاوشان بێت بە ئامانجی دیاریکراو و خشتەی زەمەنی، هەرێمی کوردستان وەك هاوبەشێکی ددانپێدانراو و متمانەپێکراو لە عێراقدا دەتوانێت هاوکار بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵپەسێردراوی کورد لە تورکیادا، ڕێگەچارەی ئاشتییانە بۆ چارەسەر کێشەی کورد هەم کارێکی پێویست و هەم کارێکی خوازراوە.

### د. سەید شامس:

## دەکرێت دەوڵەتانی دیکەی هەرێمیش سوود لە نەخشە ڕێگەکەی نێچیرڤان بارزانی وەربگرن

**د.سەید شامس، گەورە توێژەر و بەڕێوەبەری توێژنەوەیە لە سینیکا و وانەبێژی سیسیۆلۆژی و سیاسەتە لە کۆلێژی ئینفیلد لە بەریتانیا و، نووسەری کتێبی «ناسیونالیزم، ئیسلامی سیاسی، کێشەی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لە ئێران)ـە، لەم کتێبەدا بە باسێك بەشداریی کردووە بە ناونیشانی «دەستپێشخەرییەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێراندا» لەم باسەشدا ئەوەی خستووەتە ڕوو کە دەکرێت سوود لە نەخشە ڕێگەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە دەوڵەتەکانی دیکەی وەربگیرێت و، بەم جۆرە بۆچوونەکانی خستە ڕوو:**

ئێران دەتوانێت سوودمەند بێت لەو دیدگەیەی نێچیرڤان بارزانی خستویەتیە ڕوو بۆ ئاشتی و گەشەکردن لە عێراقدا، کە ئەو بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ئاماژە بەوە دەکات کە «نەتەوەکانی کورد و فارس و عەرەب و تورك پێش ئەم دەوڵەتانە لە ئارادا بوون، کە تەمەنیان تەنیا سەدەیەکە و ئەوان خاوەنی مێژوو و خاکی هاوبەشن. بێگومان ئەم نەتەوانە وەك دراوسێ دەمێننەوە، کەواتە هیچ بەدیلێك نییە بۆ پێکەوەژیان و ڕێزگرتنی دوولایەنە». چەقی ئەم دیدگە دروستە گوتاری لەخۆگرتن و هاوبەشیپێکردنی دەسەڵات و لێبوردەییە، ئەوەی وا دەکات، ئەم دیدگەیە شایستەی لەبەرچاوگرتن بێت و سوودمەند بێت، پەندلێوەرگرتن لەو هەلومەرجی بە بنبەستگەیشتنی سیاسییەیە کە لە ئێراندا لە ئارادایە. داواکاریی کورد

بۆ خۆبەڕێوەبردن و گرتنەبەری ڕێگەچارەی دیموکراتییە کە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ تاکرەوی و ناسیۆنالیزمی تەوەربەند لەسەر بنەمای ئیتنی، کە لە ناوچەکەدا لە ئارادایە لە هەلومەرجی بە بنبەستگەیشتنی سیاسی لە عێراق و پشێویی سیاسییە لە ئێران، کوردستان دەرفەتی بەهاداری دەستەبەر کردووە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و سیستمێکی دیموکراتی بۆ هاوبەشیکردنی دەسەڵات کە لە دەرەوەی کوردستانیش پیادە بکرێت.

## د.زانا کوردە:
## دەستوور چەقی نەخشە ڕێگەکەی نێچیرڤان بارزانییە

**د. زانا کوردە، توێژەر و پسپۆڕە لەسەر کاروباری یەکێتیی ئەوروپا و نووسەری کتێبی «یەکێتیی ئەوروپا و پرسی کورد . یەکێتیی ئەوروپا وەك ئەکتەرێکی ستاندەری ئەقڵانی»یە، هەروەها لە زانکۆی برۆکسل دکتۆرای لە سیاسەتدا وەرگرتووە و ماستەریشی لە دیراساتی ئەورووپی لە زانکۆی توینت لە هۆڵەندا وەرگرتووە، لەم کتێبەدا بە باسێك بە ناونیشانی «یەکێتیی ئەوروپا و کورد. بۆچوونێکی هاوبەش بۆ عێراق» بەشداریی کردووە و بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستووەتە ڕوو:**

ستراتیژیەتی یەکێتیی ئەوروپا بۆ عێراق و نەخشەڕێگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چەند خاڵێکدا یەك دەگرێتەوە، یەکەمیان، هەردووکیان لەو قەناعەتەوە سەرچاوە دەگرن، کە پێویستە ڕێز لە تەواوی دەستووری عێراق بگیرێت و جێبەجێ بکرێت، یەکێتیی ئەوروپا بە ڕوونی پشتیوانیی خۆی ڕاگەیاندووە بۆ عێراقێکی فیدراڵی و فرەیی، فیدراڵی لە نێو دەستووری عێراقدا چەسپێندراوە، کە جێی ڕێزگرتنێکی تەواوە لەلایەن یەکێتیی ئەوروپاوە و بووەتە بنەمای مامەڵەکردنی لەگەڵ عێراقدا، لە نێویاندا هەرێمی کوردستان. بە هەمان شێوە دەستوور چەقی نەخشە ڕێگەکەی نێچیرڤان بارزانییە.

دووەمیان ڕێگەچارەی گشتگیری یەکێتیی ئەوروپا و سەرۆکی هەرێمە بۆ پرسی ئاسایش، پێدەچێت هەردوولا هاوبەش بن لەو بۆچووندا کە ئاسایش لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووریش دەگرێتەوە. یەکێتیی ئەوروپا لە پێشەنگی ئەو لایەنانە بوون، کە هەوڵی مرۆییانەیان داوە و کاریان بۆ سەقامگیری کردووە لە عێراقدا، بە هەمان شێوە هەرێمی کوردستان کاراکتەرێکی گرنگ بووە لە دەستەبەرکردنی نەوایەکی ئارام بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق.

سێیەمیان بۆچوونیانە لەبارەی ناکۆکیی نێوان بەغدا و هەولێر. یەکێتیی ئەوروپا ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە یەکێك لە تەحەددییە سەرەکییەکان و بە سەرچاوەی ناسەقامگیریی سیاسی دادەنێت لە عێراقدا. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، یەکێتیی ئەوروپا بەردەوامە لە هاندانی هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، ئەمەش یەکێکە لە پایە گرنگەکانی دیدگەی نێچیرڤان بارزانی، کە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی بە ڕێگەیەك داناوە، بۆ گەڕاندنەوەی متمانە لە نێوان هەولێر و بەغدا، کە ئەمەش پێشمەرجێکە بۆ ئاشتییەکی بەردەوام لە عێراقدا.


● د.زانا کوردە

## پرۆفیسۆر دەیڤید فلیپس:
## نەخشەڕێگەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئاشتی و سەقامگیری ڕاسپاردەی کرداری لەخۆ دەگرێت


**پرۆفیسۆر دەیڤید فلیپس، بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی بونیادنانی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤە لە ئامۆژگای دیراسەتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆلۆمبیا، پێشتریش گەورە ڕاوێژکار و پسپۆڕی کاروبارەکان بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و، ماوەی ٣٥ ساڵە لەگەڵ کێشەی کورد ئاشنایە، چەندین کتێب و بە دەیان ڕاپۆرتی سیاسی و وتاری لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاو کردووەتەوە، لەم کتێبەشدا بە باسێك بە ناونیشانی «تێڕوانینێك لەسەر سەقامگیریی هەرێمی لە عێراقدا» بەشداری کردووە و بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستووەتە ڕوو.**

سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق نەخشە ڕێگەیەك دەخاتە ڕوو بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە عێراق و تێکڕای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی


● پرۆفیسۆر دەیڤید فلیپس

ناوەڕاستدا بۆ تێپەڕاندنی ناکۆکییە توندوتیژەکان، ئەو تێڕوانینێکی گشتگیر دەگرێتەبەر بۆ ئاسایشی مرۆیی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، ئاسایشی ئابووری، ئاسایشی خۆراك، ئاسایشی ئاو، ئاسایشی وزە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ژیان. ئەو پشتیوانی لە هاوکارییەکی نێودەوڵەتی دەکات، بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەحەددییانە، لەگەڵ بەرەودان بە تێگەیشتن و هاوکاری لە نێو وڵاتاندا، بە لای نێچیرڤان بارزانییەوە، هاوکاری بەدیلی ناکۆکی و توندوتیژییە، کە بووەتە هۆی لاوازکردنی گەشەکردن لە عێراقدا لە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٣٢.

نەخشە ڕێگەکەی سەرۆکی هەرێم زیاتر تەنیا چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەخۆ ناگرێت، بەڵکو ڕاسپاردەی کرداری لەخۆ دەگرێت، بە پشتبەستن بە هاوکاریکردن لەگەڵ ئەمریکا. بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی پڕ لە پشێوی لە عێراق و بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا ئەرکی هەرێمی کوردستان و ئەمریکایە کە هەوڵی بەدیهێنانی شێوازی کرداری بدەن بۆ هاوکاری بۆ بەرەودان بە ئامانجی هاوبەش. هاوکاریکردن لە نێوان کورددا کە شەفاف بێت و هەڕەشە نەبێت، بۆ بونیادی دەوڵەتەکە، دەبێتە هۆی بەرەودان بە ڕۆڵی سەرکردایەتیی بارزانی و دەبێتە هۆی قووڵکردنەوەی ڕایەڵەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی، هەروەها لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا کە بەرژەوەندی و دیدگای ستراتیژییان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە.



د.فابریس بالانچ

### د.فابریس بالانچ:

## عێراق بە چەشنی لوبنان ڕووبەڕووی ناسەقامگیریی سیاسی بووەتەوە

د.فابریس بالانچ، جوگرافیناسە و تایبەتمەندە بە جوگرافیای سیاسیی (سووریا، لوبنان، عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و، پرۆفیسۆری یاریدەدەر و بەڕێوەبەری توێژینەوەکانە لە زانکۆی لیۆن، لەم کتێبەدا بە باسێك بە ناونیشانی «نەخشەڕێگەکەی بارزانی ڕێگرتن لە لەبەریەك هەڵوەشانی زیاتر» بەشداریی کردووە و بەم جۆرە ڕای خۆی خستووەتە ڕوو.

هەرێمی کوردستان دوورگەیەکی سەقامگیرە لە ناوچەیەکدا کە پتر بەرەو ناسەقامگیری دەچێت، لەبەر ئەوە گرنگە ڕێگە نەدرێت ئەم ناسەقامگیرییە پەل بکێشێت بۆ نێو ئەم هەرێمە. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، من هیچ بەرەوپێشچوونێکی سیاسی و ئابووریی کورتمەودا نابینم، بەڵکو عێراق بە چەشنی لوبنان ڕووبەڕووی ناسەقامگیریی سیاسی بووەتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت هەرێمی کوردستان هەوڵێك بدات کە لە توانایدا بێت بۆ پارێزگاریکردن لە یەکبوونەکەی و دەتوانێت خۆی بەهێز بکات لە ڕێی بەردەوامیدان بە یەکبوونەوە، لە کاتێدا بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە بەرەو لاوازی دەچێت لە ڕێی ئەو پرۆسەی لێکترازانەی لە ناوچەی شامدا ڕوو دەدات، هەر لەبەر ئەمەش سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند «پێویستە دامەزراوە سیاسییەکانی عێراق بە جددی داواکارییەکانی خەڵك لەبەرچاو بگرن و وەڵامی متمانەدار دەستەبەر بکەن. ئێمە بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەغدامان کرد و هانی هەموو لایەکمان دا، کە چارەسەری جددی و ڕیشەیی و واقیعبینانە بدۆزنەوە، چارەسەرێك کە وەڵامدەرەوەی ئەو نارەزایەتی و تووڕەییە توندە بێت کە لە نێو گەلی عێراقدا هەیە، ئەمە بەرپرسیارێتیی هەموومانە و نابێت کەس خۆی لەم بەرپرسیارێتییە لابدات».

### د.ئیکبال دورە :

## دەکرێت پەیوەندیی هەرێم و بەغدا هاوشێوەی تەتەرستان و مۆسکۆ چارەسەر بکرێت

د. ئیکبال دورە، پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە ئامۆژگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و زانستی کۆمەڵناسی و زانستی سیاسەت لە زانکۆی مۆسکۆ و، لە هەمان کاتدا ئەندامی ئەدکادیمیای ئەورووپایە بۆ زانستی سرووشتی، لەم کتێبەدا بە باسێك بە ناونیشانی «هەرێمی خاوەن سەروەری لەگەڵ دەوڵەتی خاوەن سەروەری. کەیسی تەتەرەکان» بەشداریی کردووە و هەوڵی داوە ئەو چارەسەرەی بۆ

**کەسیی تەتەرەکان سەرکەوتوو بووە، بۆ هەرێمی کوردستان و عێراقیش دووبارە بکرێتەوە، بەم جۆرەش بۆچوونەکانی خستووەتە ڕوو.**

هەر دوو قەوارەی کورد و تەتەرەکان بە پانتایی کیشوەری ئاسیا دەورە دراون. تەتەرستان بە خاکی ڕووسیا دەورە دراوە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان دەروازەی دەریایی نییە و لە لایەن ئەو وڵاتانەوە دەورە دراوە کە ڕژێمەکانیان هاوئاواز نین لەگەڵ خەونە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا. بەراوردکردنی تەتار- ڕووسی و ئەزموونی مێژوویی و ئیتنی و سیاسیی کورد کارێکی سوودبەخشە، کە مێژوی ئەم دواییەی کەمینە سەرەکییەکانی ڕووسیا ئەوە پیشان دەدات، کە چۆن دەکرێت سەربەخۆیی ئەمری واقیع لە نێو مۆدێلێکی نەرمی کۆنفیدراڵیدا و لەگەڵ دەوڵەتی دایکەدا بەدی بێت. سەرکردایەتیی ئێستای کوردستانی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان کە پارتی حوکمڕانە لەم هەرێمەدا ڕێچکەیەکی هاوشێوەیان گرتووەتەبەر. ئەوان تەواو هۆشیارن بەوەی پرۆسەی بەدەستهێنانی ئاستێکی باڵای بڕیاردانی چارەنووس و سەروەریی نەتەوەیی، کە بە ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ دەستی پێ کرد، ڕێگەیەکی دوور و درێژ دەبێت، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە بابەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە هەنگاوی ڕادیکاڵی کێشەی سەروەری و سەربەخۆیی کورد چارەسەر ناکات.


## مەهمەت ئەمین ئەسڵان:

## ئەم دەستپێشخەرییە سیاسییە بەهادارە بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان

**مەهمەت ئەمین ئەسڵان، توێژەر و نووسەرە و خاوەنی کتێبی «تیۆری دەوڵەت و سەروەری»یە و لەم کتێبەدا بە باسێك بە ناونیشانی «توێکاریی نەخشەڕێگەکە لە دیدیگەی سیاسەتی نیشتمانی»یەوە بەشداریی کردووە و، بەم جۆرە بۆچوونی خۆی خستووەتە ڕوو.**

دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی بۆ عێراقێکی ئاشتیخواز و سەقامگیر و فرەیی، کە تێیدا سەرجەم گرووپە نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینییەکان پێکەوە بژین، لە سایەی حوکمڕانییەکی دەستووریدا، ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی ئاستەم دەبنەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەم دەستپێشخەرییە سیاسییە بەهادارە بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان و پەیوەندییە دیپلۆماتییە نێودەوڵەتییەکانی، بە چاوپۆشین لەوەی لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو دەبێت، یان نا، دەستپێشخەرییەکەی نێچیرڤان بارزانی خزمەت بە ئامانجی مانادار دەکات، لە لایەکەوە هەرێمی کوردستان و کاراکتەرە سیاسییەکانی وەك هێزێکی سەرەکی دەناسرێن کە عێراق بەرەو دەوڵەتێکی فرەیی و دیموکراتی و دەستووری دەبەن. لەلایەکی دیکەوە، ئەمە پانتاییەك دەستەبەر دەکات، بۆ کاراکتەرە سیاسییەکانی بۆ برەودان و چارەسەرکردنی کاروبار و کێشە ناوخۆییەکانی نێو هەرێمی کوردستان.

هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دەستوورییە لە عێراقدا، لەم ڕوانگەیەوە و بە هۆی ئەو پێگە یاساییەی کە سەرۆکایەتیی هەرێم هەیەتی، ئەوا نێچیرڤان بارزانی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆیە بۆ مامەڵەکردن و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی عێراق. نێچیرڤان بارزانی دوو ئەرك و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆیە بۆ سەرکردایەتیکردنی نەتەوەکە، لەلایەك وەك سەرۆکی هەرێم، پێویستە هەوڵ بدات لە ڕێی دەستپێشخەرییەکەیەوە کەیسی نەتەوەی کورد چارەسەر بکات و بەرەوپێشی ببات، ئەویش لەگەڵ بەغدا و کاراکتەرە سیاسییەکانی دیکەی عێراق، لەلایەکی دیکەوە، وەك سەرکردەیەکی سیاسی، پێویستە دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەرچاو بگرێت و لە ڕێی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە ئامادەکردنی نەتەوەکەی بۆ ئەو ڕۆژگارە دژوارەی ئێستا و ئەو سەردەمە پڕ لە پشێوی و خوێناوی و بێڕەحمانەی بە خێرایی نزیك دەبێتەوە.



● د.ئیکبال دوڕە



● مەهمەت ئەمین ئەسڵان

# کەرکووک، مێژووی نەهامەتیی میللەتێک

**ئەگەر تەماشای ئاماری ساڵی ١٩٥٧ی عێراق بکرێت، عەرەب ٤٨ هەزار کەس بوون، لە بەرانبەردا کورد ١٧٨ هەزار کەس بوون**

**لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک کە زۆرینەی کارمەندانی (٨٠٪) لە کورد پێک هاتبوون، وردە وردە کارمەندەکان بەر شاڵاوێکی فەسڵکردن و گواستنەوە و خانەنشینی کەوتن و ڕێژەیەکی زۆری عەرەبیان لە شوێنیان دانان و کۆنترۆڵی ئەو لایەنەش کرا**

لە سەردەمی بونیادنانی وڵاتی عێراق (١٩٢١) و لکاندنی باشووری کوردستان بەم وڵاتەوە، بەردەوام حوکمڕانانی پاشایەتی و کۆماری بە سیاسەتێکی شۆڤێنی کاریان لەسەر سڕینەوەی کورد لەسەر خاکی خۆی کردووە، بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای کەرکووك، سامانی سرووشتی (نەوت و غاز) هۆکاری یەکەمی پاڵنەرە سەرەکییەکەی حوکمڕانیی عێراق نەبووە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو شارە و بەردەوامیدانیان بە پرۆسەی بە عەرەبکردن (تعریب)، بەڵکو دیوە ڕاستییەکەی جوگرافییە گرنگەکەیەتی، کە ئەم پارێزگایە سنووری جیاکەرەوەی باشووری کوردستانە لە عێراق و هەروەها فرەپێکهاتەیی نەتەوەیی پاڵنەر و خاڵێکی دیکەی نێو سیاسەتە چەوتەکەی حوکمڕانیی عێراق بووە، چونکە پێکهاتە نەتەوەییەکەی هیچ لە بەرژەوەندیی باڵادەستیی ڕەهای حوکمڕانی بەغدا نییە، چونکە پێکهاتەکەی وا هەڵکەوتووە کە عەرەب کەمینەیەکی بێکاریگەری ئەو شارە بووە.

لە هیچ ئامارێکی شاری کەرکووکدا عەرەب پێکهاتەی یەکەمی شارەکە نەبوون، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ئاماری ساڵی ١٩٥٧ـی عێراق بکرێت، عەرەب ٤٨ هەزار کەس بوون، لە بەرانبەردا کورد ١٧٨ هەزار کەس بوون، واتا جیاوازییەکە بەو دۆخەی هەبووە کە پێشتریش بەعەرەبکردنی ئەو شارە پەیڕەو کراوە، بەڵام هێشتا ناگا بە نیوەی کورد، ئەمە حکومەتی ئەوسای عێراقی وەئاگاهێنایەوە کە پرۆسەکەی خێراتر و دەوڵەمەندتر بکات، بۆ سڕینەوەی ڕێژەی کورد لەوشارەدا، بۆیە لە زۆربەی هەنگاو و ڕێکارە فەرمییەکاندا ئاماری ساڵی ١٩٥٧ وەك بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت، ئەگەرچی لەو ئامارەشدا غەدر لە پێکهاتەی کورد کراوە، بەڵام عەرەب هەرگیز لەم شارەدا ڕێژەیەك نەبوون کە تێیدا باڵادەست بن.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨ کاتێك بەعسییەکان لە عێراق کودەتایان کرد و دەسەڵاتیان گرتەدەست، بەهۆی ئایدۆلۆژیا شۆڤێنییەکەیەوە کە لە مێژووی عێراقدا ڕووی نەداوە، سیاسەتێکی توندوتیژیان گرتەبەر، بەتایبەتی دژ بە گەلی کوردستان، بەتایبەتتر بەرانبەر بە کەرکووك، کاتێك خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٢ دەستی پێکرد، ئیدی ئەم خۆماڵیکردنەی نەوت بووە ئاگرێك بۆ سووتاندنی کورد لە کەرکووك، بە شێوەیەکی سیستماتیك حزبی بەعس بە قیادەی خودی سەدام حوسێن لە نێوان ساڵانی (١٩٣٧-٢٠٠٦) کەرکووك کەوتە ناو پیلانگێڕیی سڕینەوەی دیموگرافییەوە، تەعریبکردنی شارەکە ڕووکارێکی یاسایی پێ بەخشرا و لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووك کە زۆرینەی کارمەندانی (٨٠٪) لە کورد پێك هاتبوون، وردە وردە کارمەندەکان بەر شاڵاوێکی فەسڵکردن و گواستنەوە و خانەنشینی کەوتن و ڕێژەیەکی زۆری عەرەبیان لە شوێنیان دانان و کۆنترۆڵی ئەو لایەنەش کرا.

ئەم سیاسەتە چەوتەی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەردەوامیی هەبوو، تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ و کۆتاییهاتنی سەردەمی حزبی بەعس و دەستپێکردنی قۆناغی نوێی حکومەتی زۆرینەی شیعە، لەگەڵ کورد و لایەنەکان لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت مادەیەك تایبەت بە شارەکە دانرا، بە ناوی مادەی(٥٨) و، دواتر ئەم مادەیە بووە بنەمای مادەی (١٤٠)ـی دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە ئەم مادەیە نەخشە ڕێگەی چارەسەری کێشەکانی سنوور و خاك و پێکهاتەکانی دارشت، لەو مەودایەدا ڕێکاری ئاساییکردنەوە و ئامار و ڕیفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوە دانرا، بەڵام حکومەتەکانی شیعە لە ڕووی پراکتیکییەوە هیچ هەنگاوێکی جددی و بەرچاویان لەم بوارەدا نەخستە چوارچێوەی کارەکانیان، چەندین ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا خاڵێکی سەرەکیی جێبەجێکردنی ئەو مادده دەستوورییە بوو، کەچی نەك جێبەجێ نەکرا، بەڵکو ڕۆژانە بەعەرەبکردن و داگیرکردنی زەوی و زاری کورد لەم شارەدا بەردەوامە و، ئەوانەی عەرەب بوون و لە دوای مادەی ١٤٠ قەرەبوویان وەرگرت بۆ چوونەوەیان بۆ شارەکانی خۆیان، بە پاڵپشتیی هێزە میلیشیاییەکان جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ داگیرکردنی کەرکووك.

یەکێك لەو نەهامەتییانەی کە کورد لە عێراق ڕووبەڕووی دەبێتەوە، نەبوونی پاڵپشتیی نێودەوڵەتییە لە پرسی کەرکووك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، کە لەژێر سێبەری زوڵمی حوکمەتی عێراقداین و نە نەتەوە



پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم

توێژەری مێژووی سیاسی

بۆ گوڵانی نووسیوە

یەکگرتووەکان و نە ئەمریکا و وڵاتانی دیکە، هیچ هەنگاوێکیان جێی دڵخۆشی نەبووە و نییە بۆ کۆتاییهێنان بەم دۆخە پڕ لە نەهامەتییە بۆ شاری کەرکووك، بگرە بەشێکیان هاوبەش و بەشدار بوون لە خیانەتی ١٦ـی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧، کە تەواوی شاری کەرکووك بەخشرایە میلیشیا عێراقییەکان و بە زەبری چەك و کوشتن و بڕین دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتووە، زۆر سەختە لێکەوتەکانی ئەم خیانەتە بە ئاسانی لەسەر شارەکە تێپەڕێت و لە مێژوودا بسڕێتەوە.

نموونەیەك لەو نەهامەتییانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە کورد و کەرکووك لە مێژوودا هەمیشە باس دەکرێت، ئەو لیژنەیە بوو، کە کۆنگرێسی ئەمریکا لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٦ بۆ چارەسەری پرسی عێراق پێکی هێنا و سەردانی عێراق و کەرکووکیان کرد، بەناوی لیژنەی (بێکر- هاملتۆن)، لەوەشدا ئەوان ڕاستیی ئەوەیان بۆ دەرکەوت دۆخی کەرکووك تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە و بە هۆی ئەو زوڵمە گەورەیەی کە لە کورد لەو شارە کراوە، پرۆسەی ئاساییکردنەوەی زەحمەتە، دروست ئەوەشیان زانی بۆ کورد، کەرکووك هێڵی سوورە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتی هەمیشە کورد بە قوربانی نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە کراوە، لە ڕاپۆرتەکەی ئەوانیشدا ئەوە بە زەقی بینرا، کە چارەسەرکردنی کێشەکە زەحمەتە، بەڵام بەرپرسانی کورد و سەرکردایەتیی کوردیش هەر ئەوە بە خاڵی کۆتایی دەژمێرن کە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دەتوانێ زوڵم و مێژووی نەهامەتیی کەرکووك بۆ ئایندە لابدەن.


دۆخەکەی ئێستا ئاماژەی مەترسیداری تێدایە، بەتایبەتی لە دژی گەلی کورد، هاوبەشییەکی زۆر جێی سەرسوڕمان لە نێوان بەشێك لە تورکمانەکان و عەرەب هەیە، کە ئەمەش لە چوارچێوەی سیاسەتی هەرێمایەتییە دژ بە گەلی کورد لە شاری کەرکووك، ئەم هاوبەشییە ڕاستە لە ئێستادا دژ بە گەلی کوردە، بەڵام تورکمان لە ئایندەدا زیانمەندی یەکەم دەبێت، چونکە مێژوو سەلماندوویەتی کە کورد لەم شارە کۆتایی نایەت، دەبوو وانەکانی مێژوویان لەبەرچاو بگرتایە، لە ساڵی ١٩٧٥ بارزانیی نەمر ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، لە کۆتایی تێکچوونی ڕێککەوتننامەی ١١ـی ئادار و پیلانگێڕیی جەزائیر، ئامادە نەبوو دەست لە کوردستانیبوونی شاری کەرکووك هەڵگرێت و شۆڕشێکی لەم پێناوەدا بەرپاکرد، بەڵام هەمیشە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد پێداگرییان لەسەر مافی پێکهاتەکان کردووە بە کورد و تورکمان و عەرەبە ڕەسەنەکانی شارەکە و، بەردەوام ڕەنگدانەوەی پێکەوەژیان و فەرهەنگی لێبوردەیی کورد لەم شارەدا باڵی بەسەر بیرکردنەوەی خەڵك و هێزە کوردییەکاندا کێشاوە، بۆیە دەبوو تورکمانەکان ئەم وانەیان لە پێش چاو بوایە و بەشدارییان لەو پیلانگێڕییە نوێیە دژ بە کەرکووك نەکردبا.

لە سەردەمی کابینەی محەمەد شیاع سوودانی کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنامەی (هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت) کە پێکهاتەی (شیعە و کورد و عەرەبی سوننە) هاتە سەر حوکم، یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی پێکهاتنی ئەم حکومەتە ئاساییکردنەوەی سەپاندنی دۆخی سەربازی و میلیشیایی شاری کەرکووك و ڕادەستکردنی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە لە ئەنجامی خیانەتی ١٦ـی ئۆکتۆبەر لە لایەن هەندێك لایەنی میلشیای شیعەوە داگیر کراون، بەڵام بە هۆی لاوازیی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق بەرانبەر بەم میلیشیایانە جارێکی دیکە کەرکووك بووە قوربانی عەقڵییەتی شۆڤێنی و زوڵمکردن لە کورد و شەهید و برینداركردن و بێڕێزیکردن بە پیرۆزییەکانی کورد بەردەوامە.

لە سەد ساڵی مێژووی دروستبوونی عێراقەوە هەرگیز دەستەبژێری دەسەڵاتداری عێراق ئەزموونیان لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوە وەرنەگرتووە و، دووبارە پەیڕەوی سیاسەتێکی چەوتیان کردووەتەوە، ئەگەر جارێك عاقڵمەندانە بە ڕێکارە دەستووری و یاساییەکان هەنگاو بنێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك، ئەوا ئەو شارە دەبێتە نموونەیەکی باڵا بۆ پێکەوەژیان و فەرهەنگی لێبوردەیی و شادەماری پێشکەوتنی بواری وزە و سامانی سرووشتی دەبێت، کە خێری هەموو ئەمانە بۆ گەلانی عێراق دەبێت، بەڵام تاکو ئێستا نەهامەتییەکەی بووەتە مێژوویەکی دووبارە تەنیا بۆ گەلی کورد.

**ئەوانەی عەرەب بوون و لە دوای مادەی ١٤٠ قەرەبوویان وەرگرت بۆ چوونەوەیان بۆ شارەکانی خۆیان، بە پاڵپشتیی هێزە میلیشیاییەکان جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ داگیرکردنی کەرکووك**

**لە خیانەتی ١٦ـی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧، کە تەواوی شاری کەرکووك بەخشرایە میلیشیا عێراقییەکان و بە زەبری چەك و کوشتن و بڕین دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتووە**



بەپێی ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی ناو هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵی، ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای نەوت و غازی فیدڕاڵی پێویستە بە هاوبەشی لە نێوان هەرێم و ناوەند دابڕێژدرێتەوە. لە سەردانەکەی هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا و وەزیری وزە و سامانە سرووشتییەکانی ئەو وڵاتەش بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، گفتوگۆ لەسەر ئەم دۆسیە گرنگە کرا و بڕیارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و بەشێك لە نەوتی کەرکووك لە بۆڕیی هەرێمی کوردستانەوە بەرەو بەندەرەکانی جەیهانی تورکی دەست پێ بکاتەوە. لە ئێستاشدا وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ڕۆژانە بە تێکڕا ٨٥ هەزار بەرمیل نەوت دەدات بە عێراق و ڕادەستی پاڵاوتگەی (کار)ی دەکات، بێ ئەوەی عێراق یەك دۆلار بۆ ئەم بەرهەمە سەرف بکات. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر گۆڤەند شێروانی پسپۆڕی بواری وزە و نەوت سازدا .

## د. گۆڤەند شێروانی

پسپۆڕی بواری وزە و نەوت بۆ گوڵان:

# پێویستە یاسای نەوت و غاز لەسەر بنەمای دەستوور دابنرێت و ببێتە سەکۆیەک بۆ بەڕێوەبردنێکی دادپەروەرانەی سامانی نەوت

* سەرەتا دەمانەوێت لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر نەوت و غاز بەکوێ گەیشتووە؟

- لە ساڵی ٢٠١٤وە عێراق هەوڵی داوە کێشە بۆ یاسای نەوت و غازی هەرێم دروست بکات، تا کار گەیشتە بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانی پاریس لە ٢٣ی ئاداری ساڵی ٢٠٢٣ کە لە ٢٥ی ئادارەوە هەناردەکردنی نەوت ڕاوەستا و لە ٢٥ی نیسانی ساڵی ٢٠٢٣ عێراق داوای کرد بڕی ١٢٠-١٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ ڕادەستی بکرێت، هەرێمی کوردستانیش هەموو پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ کردووە و لە ئێستادا ڕۆژانە لە نێوان ٨٠-٩٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی عێراق دەکات، بۆ ئەوەی لە ناوخۆدا بەکاری بهێنێت، گفتوگۆکانی نێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم و وەزارەتی نەوتی فیدراڵیش لەسەر کۆمەڵێك پرسی تەکنیکی و هونەری و چۆنیەتی ماف و حەقدەستی کۆمپانیاکان و شێوازی گرێبەستەکانە، کە لەگەڵ ناوەندا جیاوازن. بۆیە پێویستی بە پێداچوونەوە لە گرێبەستەکان و تێچوونی بەرهەمهێنان و تاریفەی گواستنەوە و زۆر بابەتی دیکەی تەکنیکی و هونەری هەیە، لە مانەش گرنگتر دانوستان و گفتوگۆکانە لەسەر دۆسێی ئامادەکردنی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، لەسەر ئەم پرۆژە یاسایەش ناکۆکییەکی زۆر هەیە، لە لایەکی دیکەوە گفتوگۆکانی نێوان عێراق و تورکیا لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوت لە ڕێگەی بۆڕیی کەرکوک - جەیهانەوە درێژەی هەیە. بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوەی ناکۆکییەکان لە نێوان هەرێم و ناوەند زیاتر لەسەر شێوازی گرێبەستەکانە، لە ناوەند بە زۆرینە گرێبەستی خزمەتگوزارییە و لە هەرێم هاوبەشییە، کە ئەمە وای کردووە، تێچوونەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت لە هەرێم زیاتر بێت، لە زۆر کێڵگەی نەوتیش لە عێراق تێچوونەکان بەرزن، بەڵام لەوێ لە بودجەدا بڕە پارەیەکی زۆر تەرخان کراوە بۆ پاڵپشتیی ئەم بابەتە. ئەگەر حکومەتەکەی سوودانی جددی بێت و نەکەوێتە ژێر فشاری سیاسییەوە، ئەوە ئومێد زۆرە گفتوگۆکان بگەنە دەرئەنجامێکی باش .

* لە چوارچێوەی قسەکاندا چەند بابەتێکی گرنگت ورووژاند، سەرەتا دەکرێت بزانین ڕاوەستانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان چ زیانێکی بە عێراق و هەرێمی کوردستان گەیاندووە؟

- ٨٦٪ی داهاتی عێراق لە داهاتی فرۆشتنی نەوتەوە دەست دەکەوێت و تەنیا ١٤٪ی نانەوتییە، ئەمە کەموکورتییەکی گەورەیە لە پەیکەری ئابووریی وڵات و کورتهێنانێکی گەورەی لە بودجە لێ کەوتووەتەوە، لە ئەگەری داشکانی بەهای بەرمیلێك نەوت بۆ خوار ٧٠ دۆلار زیانەکان گەورەتر دەبن، لەم بارودۆخەدا بێگومان هەر ڕاوەستانێکی نەوت زیانی گەورەی بۆ سەر ئابووری و باروبژێوی ژیانی خەڵکی دەبێت، گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم دۆسییەی نەوتە وەکو هەموو دۆسێکانی دیکە دوور نییە لە دەستتێوەردانە سیاسییەکان و شوێنەوارە خراپەکانی، بێگومان زیانەکانی ڕاوەستانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی ئایارەوە تەنیا لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان زۆر ڕادەوەستێت، تاکو ئێستا زیانەکانی ڕاوەستانی هەناردەکردن نەوتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ٢٨ ملیۆن دۆلار و لە مانگێکدا ٨٤٠ ملیۆن دۆلار و لە ماوەی پێنج مانگدا خۆی لە زیاتر لە ٤ ملیار دۆلار دەدات، ئەمە وێڕای زیانی مادی و هونەریی دیکە کە بەر تورکیا و هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکان دەکەوێت، ڕاوەستانی هەناردەکردنی ئەو بڕە نەوتە بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق و هەرێمی کوردستان زیانێکی گەورەیە، بەتایبەتی کە یەدەگی نەوتی عێراق بە ١٥٣ ملیار بەرمیل و هەرێمی کوردستان بە ٣٠ ملیار بەرمیل دەخەمڵێندرێت و، لە ناو ئۆپێکدا لە ئاستی هەناردەکردنی نەوت بە پلەی دووەم دێن و پێکەوە هێزێکی ئابووری و دارایی گەورەیان هەیە، ئەمە ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی و دوور لە ململانێ و کێشمەکێشی سیاسی بەکار بهێنرێت.

* کەواتە سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەگەری هاتنی ڕەجەب تەیب ئۆردوگان، ئومێدێکی زۆری لەسەر هەڵدەچێنرێت بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت؟

**سەرچاوەی ناکۆکییەکان لە نێوان هەرێم و ناوەند زیاتر لەسەر شێوازی گرێبەستەکانە، لە ناوەند بە زۆرینە گرێبەستی خزمەتگوزارییە و لە هەرێم هاوبەشییە**

**ئەگەر حکومەتەکەی سوودانی جددی بێت و نەکەوێتە ژێر فشاری سیاسییەوە، ئەوە ئومێد زۆرە گفتوگۆکان بگەنە دەرئەنجامێکی باش**

**٨٦٪ی داهاتی عێراق لە داهاتی فرۆشتنی نەوتەوە دەست دەکەوێت و تەنیا ١٤٪ی نانەوتییە**

**لەم بارودۆخەدا بێگومان هەر ڕاوەستانێکی نەوت زیانی گەورەی بۆ سەر ئابووری و باروبژێوی ژیانی خەڵکی دەبێت**

**زیانەکانی ڕاوەستانی هەناردەکردن نەوتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ٢٨ ملیۆن دۆلار و لە مانگێکدا ٨٤٠ ملیۆن دۆلار و لە ماوەی پێنج مانگدا خۆی لە زیاتر لە ٤ ملیار دۆلار دەدات**

**تورکیاش لە ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان زیانی گەورەی بەرکەوتووە، بەتایبەتی کە تورکیا سوود لە گواستنەوەی نەوتەکە و چاککردنەوەی هێڵەکەش وەردەگرێت**

**ساڵی ٢٠٠٧ ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدڕاڵی هەبوو، بەڵام پەسند نەکرا و دەرنەچوو، بەمەش دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٨ ساڵ تا ئێستا ئەم یاسایە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە چاوەڕوانیی دارشتنەوەدایە**

- بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانانی پاریس حەوت بڕگەی لەخۆگرتووە، پێنجیان لە بەرژەوەندیی تورکیادایە و دووانیان لە بەرژەوەندیی تورکیا نییە، بە واتایەکی دیکە بڕگەکانی بارکردن و ئەمبارکردن و هەناردەکردنی بە نادەستووری وەسف نەکردووە، چونکە هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور بەشێکە لە عێراقی فیدڕاڵ و بەپێی ماددەی ١١١ نەوت موڵکی هەموو گەلانی عێراقە بە گەلی هەرێمی کوردستانیشەوە، لە دواسەردانەکەی هاکان فیدانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ عێراق، چەند مەلەفێکی گرنگی ئەمنی و ئاو و نەوت تاوتوێ کران، بێگومان سەردانەکەشی بۆ هەرێمی کوردستان و دواتر سەردانی وەزیری وزە و سامانە سرووشتییەکانی تورکیا و سەردانی وەزیری بازرگانیی تورکیا بۆ عێراق، ئەمانە هەمووی جموجووڵی دیپلۆماسیی گرنگن و ئومێدێکی زۆری لەسەر هەڵدەچێنرێت، بەتایبەتی وەزیری وزەی تورکیاش کە سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و تیمێکی تەکنیکیی لەگەڵدا بوو، بەواتای کارکردن لەسەر وردەکارییە تەکنیکی و هونەرییەکان، تورکیاش لە ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان زیانی گەورەی بەرکەوتووە، بەتایبەتی کە تورکیا سوود لە گواستنەوەی نەوتەکە و چاککردنەوەی هێڵەکەش وەردەگرێت و، لەگەڵ عێراقدا بەشداری لە پرۆژەی ستراتیژیی گەورەی (ڕێگای پەرەپێدان) و دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر دەکات. ڕاستە بۆچوونی زۆر دەگوترێت لەسەر ڕاستی و دروستیی تێکچوونی هێڵەکە، چونکە دوای بوومەلەرزەکەی تورکیا ٥٠ ڕۆژ هەناردەی نەوتی تێدا ئەنجام دراوە، دواتر بڕیاری دادگای پاریس هات، تەنانەت ئەگەر هێڵەکە ئامادەش بکرێت بۆ هەناردەکردنەوە، هەندێك لایەنی تەکنیکی هەیە لە کێڵگە نەوتییەکاندا کە بە هۆی ڕاگرتنی بەرهەمهێنانەوە زیانیان بەر کەوتووە و پێویستیان بە سیانە و کاری پشکنین و لایەنی سەلامەتی هەیە و خەرجی و تێچوونی زۆری دەوێت. هەموو هەواڵەکان ڕەش و خراپ نین و لەو دیو تونێلەکەوە هەواڵی خۆشیش هەیە، لەوانە نزیکبوونەوەی بەگەڕخستنەوەی هێڵی کەرکووك- جەیهان کە لە دوا سەردانی حەییان عەبدولغەنی وەزیری نەوتی عێراق بۆ تورکیا و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئالب ئەرسەلان بیرقداری وەزیری وزە و سامانە سرووشتیەکان ئاماژەیان بە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوت کرد.

*** ئاماژەت بەوە کرد، لەسەر ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و غازی ناوەندیش ناکۆکی هەیە، وەکو پسپۆڕێکی بواری نەوت و وزە، تاچەند ئومێد هەیە ئەم پرۆژەیاسایەش بە دەردی یاسای بودجە نەبرێت و دەستکاری نەکرێت، بەتایبەتی لە ناو قوبەی پەرلەماندا؟**

- ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و غازی فیدڕاڵی مێژوویەکی کۆنی هەیە و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان نەیانتوانیوە ئەم یاسایە لە قوبەی پەرلەمان تێپەڕێنن. لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدڕاڵی هەبوو، بەڵام پەسند نەکرا و دەرنەچوو، بەمەش دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٨ ساڵ تا ئێستا ئەم یاسایە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە چاوەڕوانیی دارشتنەوەدایە، بەمەش بۆشاییەکی یاسایی دروست بووە لە ناو ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و چۆنیەتی هەماهەنگی و دەرکردنی یاسای نەوت و گاز، بە ڕاددەیەك تا دەرچوونی ئەم یاسایە هیچ بارگرژی و کردەوەیەکی دژایەتیکردن نەبێت، ئەمەش لە بەرنامەی کابینە وەزارییەکەی سوودانی ئاماژەی پێ داوە و دواتر پەرلەمانی عێراق لە ٢٧ی ١٠ی ساڵی ٢٠٢٢ پەسەندی کرد و لە ماددەیەکی دەستووریدا بەتایبەتی بڕگەی ١١٢ مافی داوە بە پارێزگا و هەرێمەکان، واتا هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەوەی بە هاوبەشی کێڵگە نەوتی و غازییەکانی بەڕێوە ببات، کە پێش ساڵی ٢٠٠٥ هەبووە، لە هەمان کاتدا ماددەیەك هەیە (١١٥) کە دەڵێت ئەگەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ کێڵگەیەکی نەوت و غازی تازە دۆزرایەوە بە کێڵگەی نوێ هەژمار دەکرێت و ناکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حەسریی حکومەتی فیدڕاڵییەوە، ئالێرەدا ئەوان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئاماژە بەم بڕگەیە ناکەن و بڕیارەکەی دادگای ئیتحادییش دژی هاوبەشی بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی نەوتە، واتا دژی دەستووری هەمیشەیی عێراقیشە، ڕەنگە قورسترین خاڵی دانوستان و گفتوگۆکان ئەو بابەتە بێت، کە تایبەتە بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی لایەنەکان بۆ ماددە دەستوورییەکانی تایبەت بە

سوودوەرگرتن و بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکانی پێشوو، لەگەڵ کێڵگە نەوتییەکانی دوای دەنگدان لەسەر دەستووری هەمیشەیی و، ئەو گرێبەستە نەوتییانە بێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان واژووی کردووە. بەشێوەیەکی گشتی لە ٥٠-٦٠٪ی ئەو مادده و بڕگانەی لەسەر بابەتە تەکنیکییەکان لە ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی هاتووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکۆکی لەسەر نییە و پێی ڕازییە، گرفتەکە لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردن و ڕێژە و ڕۆڵی هەر لایەنێکە لە دارشتنەوەی ستراتیژیەت و بەڕێوەبردنی کێڵگەکان و شێوازی گرێبەستەکان، حکومەتی عێراق ڕەشنووسی پڕۆژە یاسایەکی ئامادە کردووە، دەیەوێت بەسەر هەرێمی کوردستان و پارێزگا بەرهەمهێنەکانی نەوتدا فەرزی بکات و سەرجەم دۆسێکان بەرەو مەرکەزی بباتەوە، ئەمە پێشێلکارییە بۆ سیستمی فیدراڵی و تەنانەت شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگا بەرهەمهێنەکان، ئەم دۆسێیەش وەکو هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی دیکە بە هۆی دەستتێوەردانی دەرەکی و ئەجیندە و مەرام و بەرژەوەندیی شەخسی و سیاسی، ڕێگر بووە لە گەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ تێپەڕاندنی یاسایەکی وا گرنگ، گرفتەکەش لەوەدایە تا ئەمڕۆش هەندێك لایەنی سیاسی بە ئیجتیهاداتی خۆیان خوێندنەوە بۆ دەقی مادده دەستووری و بەند و بڕگەکانی تایبەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و سوودوەرگرتن لەم سامانە گرنگە دەکەن.

*** ئایا بۆچوونی هەرێمی کوردستان پشت بە چ ماددەیەکی دەستووری دەبەستێت، یاسای نەوت و بەڕێوەبردنی لەسەر ئاستی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، چ ستراتیژیەتێکیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سامانە گرنگە هەیە؟**

- سەرەتا پێگەی هەرێمی کوردستان کە بەپێی ماددەی ١١٦ و ١١٧ لە دەستوور پارێزراوە، بۆچوونی هەرێمی کوردستانیش پشت بە چەند خاڵێکی سەرەکی دەبەستێت، لەوانە: لەسەر بنەما دەستوورییەکان بڕگەیەکی ڕوون هەیە لە دەستووردا ئاماژە بە هاوبەشی دەکات لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت و هەموو هەرێمەکان، هەروەها بڕگەکانی پیشەسازیی نەوت (پشکنین و بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتن و پارەپێدان و ئیدارەدان) لەم بوارانەدا پێویستە هاوبەشی هەبێت و، هەرێم و پارێزگاکان ڕۆڵیان هەبێت لەسەر ئاستی ستراتیژیەت و دانانی یاسای نەوت و غاز و بەڕێوەبردن، بۆ نموونە پارێزگایەکی وەکو بەسرا کە ڕۆژانە یەك ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، دەبێت ڕۆڵی گەورەی لەو بەرهەمەی پارێزگاکەیدا هەبێت و لە ستراتیژیەت و دانانی سیاسەت و ئیدارەدان و گرێبەستەکانیش پەراوێز نەخرێت.

ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە ئەوەیە یاسای نەوت و غاز ببێتە سەکۆیەك بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و ڕێگە نەدات کۆسپ و ئاستەنگی نوێ دابنرێت و دادپەروەری لە بەڕێوەبردنی سامانی نەوت و غاز هەبێت، لایەنێك پەراوێز نەخرێت و لەسەر بنەمای دەستوور دانرێت، ئا لەم بۆچوونەوە من گەشبینم هەر دوو حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەنە ئەنجامێکی باشی هاوبەش، ڕاستە ڕێککەوتننامەیەك، یان لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش ڕانەگەیەندراوە و واژوو نەکراوە، بەڵام ڕێگەچارەی دیکە نییە و گرنگە هەردوو حکومەت بگەنە ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ پرۆسەی هەناردەکردن و فرۆشتن و بەڕێوەبردنی مەلەفی نەوت و چارەسەری گرفتی تاریفە و نرخی فرۆشتنی نوێ و گواستنەوە و پێدانی حەقدەستی کۆمپانیاکان.

*** ئایا تاچەند دۆسێی نەوت و غاز بەستراوەتەوە بە بابەتی جێبەجێکردنی بودجە و دابینکردنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراق؟**

- بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت لەلایەن کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی (سۆمۆ) هەمووی بەستراوەتەوە بە بابەتی بودجە و پشکی هەرێم لە بودجەدا، هەرێم لە بەرانبەر ڕاگرتنی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت زیانی گەورەی بەرکەوتووە، دەبێت حکومەتی عێراقی فیدراڵی قەرەبووی بکاتەوە، ئەم ڕاوەستانە تەنیا زیانێك نییە لە ئاستی فرۆشتنی نەوت، بەڵکو زیانی وشکبوونی بیرە نەوتەکانیشی لێ دەکەوێتەوە، کە دواجار دەبێتە هۆی تێچوونی زۆرتر، تەنانەت بەستنەوەی دۆسێی نەوت لەگەڵ دۆسێی ئەمنی و ئاو لە تورکیا دەبێتە هۆی دانانی ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم ڕێککەوتنی نوێ و دواکەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوت.

**حکومەتی عێراق ڕەشنووسی پڕۆژە یاسایەکی ئامادە کردووە، دەیەوێت بەسەر هەرێمی کوردستان و پارێزگا بەرهەمهێنەکانی نەوتدا فەرزی بکات و سەرجەم دۆسێکان بەرەو مەرکەزی بباتەوە**

**ڕاستە ڕێککەوتننامەیەک، یان لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش ڕانەگەیەندراوە و واژوو نەکراوە، بەڵام ڕێگەچارەی دیکە نییە و گرنگە هەردوو حکومەت بگەنە ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ پرۆسەی هەناردەکردن و فرۆشتن و بەڕێوەبردنی مەلەفی نەوت**

**هەرێم لە بەرانبەر ڕاگرتنی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت زیانی گەورەی بەرکەوتووە، دەبێت حکومەتی عێراقی فیدراڵی قەرەبووی بکاتەوە، ئەم ڕاوەستانە تەنیا زیانێک نییە لە ئاستی فرۆشتنی نەوت، بەڵکو زیانی وشکبوونی بیرە نەوتەکانیشی لێ دەکەوێتەوە**

دیمانەی تایبەت



**ئارینا مۆریسان**

بەڕێوەبەری پڕۆژەی «ئەفریقای باشوور لە جیهان» لە ئەنستیوتی دیالۆگی جیهانی بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا ناتوانرێت ئەزموونی بۆتسوانا لە وڵاتانی دیکەی ئەفریقا دووبارە بکرێتەوە

**ئارینا مۆریسان، توێژەری باڵا و بەڕێوەبەری پڕۆژەی ئەفریقای باشوور لە جیهان»ـە لە ئەنستیوتی دیالۆگی جیهانی و لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێك دەدات، وەك سیاسەتی دەرەکی و شرۆڤەکردنی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکانی پەیوەست بە ئەفریقا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە پێگەی وڵاتانی ئەفریقا لە نێو سیستمی جیهانی و کاریگەریی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر ئەم کیشوەرە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** ئەگەر بە وڵاتانی ئەفریقا بوترێت «وڵاتانی باشوور»، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم وڵاتانە سوودمەند نەبوون لەو سیستمەی پێی دەوترێت «سیستمی نوێی جیهان» یان «سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی»، لەم ڕوانگەیەوە دەمانەوێت ئەو پرسیارە بکەین، ئایا بۆچی سیستمە لیبراڵییە نێودەوڵەتییەکە لە بەرژەوەندیی وڵاتانی باشووردا نییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە سیستمە لیبراڵییەکە لە ڕۆژگار و سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی جیهاندا بنیاد نرا و دروست کرا. ئەویش کاتێك کۆبوونەوە بەنێوبانگەکە لە بریتوون وودز لە ساڵی ١٩٤٤ ئەنجام درا و، بە هۆی ئەوە هەلومەرجێك خوڵقێنرا بۆ دامەزراندنی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی جیهانی بۆ سەقامگیرکردنی سیستمە جیهانییەکە، لەو کاتەدا تەنیا ٤٤ وڵات لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون. بەڵام وڵاتانی ئەفریقا لە ساڵی ١٩٥٦ بە دواوە دەستیان بە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کرد، واتە لەو کاتەدا سیستمەکە بە ئاراستەی ئەو وڵاتانە بوو کە بواریان پێ دەدرا، تاوەکو بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەشدار بن لە سیستمە نێودەوڵەتییەکە و بە ڕاددەیەکی زۆریش سوودمەند ببوون لە سیستمە کۆڵۆنیاڵییەکە. هەروەها لەو کاتەدا کۆمەڵێك ڕێسا هاتنە دارشتن، بەڵام بە داخەوە لە ئێستادا گۆڕینی ئەم ڕێسایانە کارێکی دژوارە، لەبەر ئەوەی ئەم گۆڕانکارییە بە مانای کەمکردنەوی ئەو هەلومەرجە دەبێت بۆ ئەو وڵاتانەی لە ئێستادا سوودمەندن لە سیستمە نێودەوڵەتییەکە.

*** لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئایا کاریگەریی ئەم شەڕە چی بووە لەسەر وڵاتانی ئەفریقا و بۆچی بەم دواییە سەرکردەکانی ئەفریقا برەویان بە پلانێکی ئاشتی دا بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە بینیمان کە وڵاتانی ئەفریقا کەوتوونەتە ژێر زەبری شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە پەیوەندی بە پرسی بازرگانییەوە. بۆیە دەستپێشخەرییەکەیان بۆ ئاشتی دەستپێشخەرییەکی سیاسیی گرنگ بوو، بۆ ئەوەش بوو کە ئەوە پیشان بدرێت، چۆن ئەم شەڕە لەسەر وڵاتانی ئەفریقا کاریگەر بووە. ئەگەرچی ئەم وڵاتانە بەکارهێنەری سەرەکیی دانەوێڵەی ئۆکرانیا نین، بەڵام نرخی خۆراك زۆر بەرز بووە و بە ئەستەم دەتوانرێت ئیدارەی هەڵئاوسان بکرێت، بە شێوەیەکی گشتی بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار لە بەرانبەر دراوەکانیاندا بووە هۆی ئەوەی وڵاتانی ئەفریقا بکەونە بارودۆخێکی دژواری ئابوورییەوە، لە هەمووش گرنگتر ئەوە بوو ئەم وڵاتانە داوای دیالۆگیان کرد.

*** ئەوە ڕوونە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا زۆنێکی ناسەقامگیر بووە و سەرچاوەی چەندین گرووپی تیرۆریستی بوون، کە بوونەتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان، بە تێڕوانینی ئێوە هۆکارە ڕیشەییەکانی سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە لەم ناوچەیەدا چین؟**

- لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین، بە بێ پەرەسەندن ئاشتی بەرپا نابێت و نایەتەدی. خەڵکی بە ئاسانی بەرەو توندڕەوی دەڕۆن،

**وڵاتانی ئەفریقا کەتوونەتە ژێر زەبری شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە پەیوەندی بە پرسی بازرگانییەوە. بۆیە دەستپێشخەرییەکەیان بۆ ئاشتی دەستپێشخەرییەکی سیاسیی گرنگ بوو**

**خەڵکی بە ئاسانی بەرەو توندڕەوی دەڕۆن، ئەگەر هیچ بژارەیەک، یان پاشەڕۆژێکی باشیان لەبەردەمدا نەبێت**

ئەگەر هیچ بژاردەیەك، یان پاشەڕۆژێکی باشیان لەبەردەمدا نەبێت. بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هێرشی کوێرانە دەکەن بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان و کارێکی دووڕووانەیە ئەگەر بڵێین ئەم کارانەش بۆ بەرژەوەندیی گشتییە.

*** لە ئێستادا چەند وڵاتی ئەفریقا، وەك نەیجەریی و سوودان تووشی پشێوی و ئاڵۆزی بوون، ئێوە چۆن لەم پەرەسەندن و پێشهاتانە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا لەم دوو وڵاتەدا هۆکاری ئاڵۆز لە ئارادان کە سەردەکێشن بۆ ناسەقامگیریی سیاسی. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی زیاتر مایەی نیگەرانییە، بریتییە لە هەڵکشانی مەترسییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی خۆراکەوە، کە دەبێت ئەفریقییەکان لەگەڵ ئەم پرسەدا هاوسۆز بن.

*** ڕەنگە شتێکی نادادپەروەرانە بێت کە بڵێین تێکڕای وڵاتانی ئەفریقا نوقمی قەیران و گەندەڵی و تەنگژەن، ئەوەتا چیرۆکی سەرکەوتن هەیە لەم کیشوەرەدا، کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە ئەزموونی وڵاتانی بۆتسوانا بکەین، ئایا دەکرێت ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ وڵاتانی دیکەی ئەم کیشوەرە؟**

- لە ڕاستیدا ژمارەی دانیشتووانی وڵاتی بۆتسوانا زۆر کەمترە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی ئەفریقا. هەروەها مێژووی ئەم وڵاتە چەندین هەلومەرجی جیاوازی خوڵقاندووە، کە سەریان کێشاوە بۆ هێنانەئارای ئەم بارودۆخەی ئێستا. کەواتە کاتێك ڕووبەڕووی تەحەددایەکی کەمتر دەبیتەوە، کە سەرچاوە دەگرن لە بوونی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان کە توانای دەستراگەیشتنیان نییە بە خوێندن و بیمەی کۆمەڵایەتی، ئەوا ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی حوکمڕانییەکە دەبنەوە، کەمتر ئاڵۆزن. پێویستە حکومەتەکان ژیرانە هەڵسوکەوت بکەن و خاوەنی ئەو دیدگا درێژخایەنانە بن، کە دەتوانرێت بە ئاسانی جێبەجێ بکرێن. هەروەها چەند پیشەسازییەکی سەرەکی هەن لەم وڵاتەدا، کە بە ئاستێکی زۆر باش بەرێوە براون و بازار بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان دۆزراوەتەوە (گەشتیاری، بەخێوکردنی ئاژەڵ و کانگاکردنی ئەڵماس). هەرچۆنێك بێت، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە کەلێنی پەیوەست بە هەژاری لە ئارادا نییە، یان ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی هەست ناکات لەلایەن پارتێکی سیاسییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. من پێم وانییە بتوانرێت لە ئێستادا ئەزموونی بۆتسوانا دووبارە بکرێتەوە.

*** بەم دواییە وڵاتانی بریکس (بەرازیل، ڕووسیا، هیندستان، چین و ئەفریقای باشوور) هەوڵیان دا کە پشتبەستن بە مامەڵەکردن بە دۆلاری ئەمریکی کەم بکەنەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە هەلومەرجێکی گەشبینیانەی خوڵقاندووە بۆ ئەو وڵاتانەی کە بە ڕادەیەکی گەورە پشت بە دۆلاری ئەمریکی دەبەستن، ئەمریکا وەك هێزێکی بالادەستی جیهان چەندین ئیمتیازی هەیە، بەڵام بە توندی لە هەوڵی بەدیهێنان و هێنانەئارای بەرژەوەندییەکانیدایە. دواتر دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت، کە دۆلاری ئەمریکی وەك ئامرازێکی تۆڵەسەندنەوە بەکارهێنراوە بۆ جێبەجێکردنی سزای تاکلایەنانە، کاتێکیش وڵاتان بە خێرایی بەرەو گەشەکردن چوون، ئەوا لەلایەن ئەمریکاوە ئاستەنگیان بۆ دروست کراوە، یان ئیحتیوا کراون. کەواتە ئەم کاردانەوەیە لە ئاست دۆلاردا شتێکی حەتمی بوو. لە کاتێکدا دەستهەڵگرتن لە مامەڵەکردن بە دۆلار لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوو نادات، ماوەی دەیەیەك دەبێت کە وڵاتانی بریکس پێکەوە کاریان کردووە بە ئاراستەی سیستمێکی بەدیلی پارەدان، ئێستاش ئەرکەکەیان ئەوەیە کە پتر لەگەڵ یەکدا هاوکار بن.

*** کەواتە ئایا دەکرێت وڵاتانی بریکس بەشدار بن و لە گۆڕینی سیستمە ئابووری و سیاسییەکەی جیهان لە بەرژەوەندیی خۆیان ڕۆڵیان هەبێت؟**

- وڵاتانی بریکس ڕێچکەیەکی پراگماتی دەگرنەبەر و دەیانەوێت زیاتر لە بژاردەیەکیان لەبەردەستدا بێت، هەروەها وڵاتانی بریکس دەتوانن لەگەڵ ئەو بەشانەی جیهاندا بکەونە گفتوگۆوە کە ڕۆژئاوا ناتوانێت. ئێوە بڕواننە ناوبژیوانیی چین لە نێوان ئێران و سعودیەدا. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی زۆر ئاڵۆزە و وڵاتانی بریکس دیدگای خۆیان خستووەتەڕوو بۆ ئایندەیەك کە پاڵنەری بەهێزتری ئابووری لەخۆ بگرێت.

**ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هێرشی کوێرانە دەکەن بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان**

**ئەوەی زیاتر مایەی نیگەرانییە، بریتییە لە هەڵکشانی مەترسییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی خۆراکەوە، کە دەبێت ئەفریقییەکان لەگەڵ ئەم پرسەدا هاوسۆز بن**

**پێویستە حکومەتەکان ژیرانە هەڵسوکەوت بکەن و خاوەنی ئەو دیدگا درێژخایەنانە بن، کە دەتوانرێت بە ئاسانی جێبەجێ بکرێن**

**دۆلاری ئەمریکی وەک ئامرازێکی تۆڵەسەندنەوە بەکارهێنراوە بۆ جێبەجێکردنی سزای تاکلایەنانە، کاتێکیش وڵاتان بە خێرایی بەرەو گەشەکردن چوون، ئەوا لەلایەن ئەمریکاوە ئاستەنگیان بۆ دروست کراوە**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر ئیان لەستیک بۆ گوڵان:

# ئاشتەوایی ئێران و سعودیە لە پێداویستیی ڕاستەقینەی هەر دوولاوە سەرچاوەی گرتووە

**ئیان لەستیك، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستە سیاسییەکان کە لە زانکۆی کالیفۆڕنیا بەدەستی هێناوە، ئێستاش پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی پەنسلڤانیا و وانەبێژی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرفراوانبوون و داکشانی دەوڵەتان و چەند بوارێکی دیکە، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە بواری سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات، لەگەڵ جەختکردنەوە لە کێشە و ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و عەرەب و ئیسرائیل و فەلەستین. بۆ زانینی بیروبۆچوونەکانی لەبارەی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەرەبستانی سعودیە و ناکۆکیی درێژخایەنی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، هەروەها ئاشتەوایی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی و چەند بابەتێکی دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

**ئێرانییەکان لە ژێر گوشاری ناوخۆییدان و دەیانەوێت لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی پەیوەندی دروست بکەن، بە ئومێدی ئەوەی ئەمە هاوکاریان بێت لە خۆلادان لە سزا سەپێندراوەکان**

**سعودیە دەیەوێت پیشانی بدات کە دەتوانێت کار لەگەڵ چین و ئێراندا بکات و پێویستی بەوە نییە بە تەنیا پشت بە ئەمریکا ببەستێت**

*** چۆن لە نزیکبوونەوە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەرەبستانی سعودیە دەڕوانیت؟ ئایا لە تێڕوانینی ئێوەدا هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەم ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوەیەی نێوانیان چی بووە؟**

- لە ڕاستیدا پێشتر و ئێستاش هۆکار و پاڵنەرەکانی ئاشتەوایی نێوان ئێران و سعودیە هەر پێداویستیی ڕاستەقینەی ئەم دووولاتە بووە. لەبەر ئەوەی ئێرانییەکان لەژێر گوشاری ناوخۆییدان و دەیانەوێت لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی پەیوەندی دروست بکەن، بە ئومێدی ئەوەی ئەمە هاوکاریان بێت لە خۆلادان لە سزا سەپێندراوەکان لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دووبارە دروستکردنەوەی دەرفەت بۆ درێژەدان بە دەستڕۆیشتوویی ئێران لە جیهانی ئیسلامیدا لە ڕێی ڕایەڵ و پەیوەندییە دیپلۆماتی و ئابوورییەکانەوە. هەروەها عەرەبستانی سعودیەش دەیەوێت شکستی یەمەن کۆتایی پێ بهێنێت و چەند دەستکەوتێك لە ئەمریکاوە بەدەست بهێنێت، بەوەی سعودیە دەیەوێت پیشانی بدات کە دەتوانێت کار لەگەڵ چین و ئێراندا بکات و پێویستی بەوە نییە بە تەنیا پشت بە ئەمریکا ببەستێت.

*** ئایا بە تێڕوانینی ئێوە ئەم ڕێککەوتن و ئاشتەواییە سەرکەوتوو و بەردەوام دەبێت و سەردەکێشێت بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاستەقینە لە چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی ناوچەکەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە تووشی هەوراز و نشێو دەبێتەوە، چونکە هیچ شتێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەمیشەیی و بەردەوام نییە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە ڕژێمەکانی ئەو ناوچەیە کێشەی شەرعییەتیان هەیە لە تێڕوانینی زۆرێك لە دانیشتووانی وڵاتەکانیاندا. کەواتە دەکرێت بوترێت لە زۆر ڕووەوە ڕێککەوتنەکان تەنیا چەند ڕێوشوێنێکن لە نێوان حوکمڕانە خۆسەپێنەکاندا کە تەنیا پەرۆشی ئەوەن هاوپەیمان بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن بۆ پاراستنی خۆیان لە بەرانبەر گەلەکانیاندا. بەڵام لەم نێوەندەدا بەرژەوەندیی ڕاستەقینە هەن و بارودۆخەکە بەرەو ئەوە دەچێت کە کۆتایی بە ژمارەیەك کێشە و ناکۆکی بهێنرێت، نەك تەنیا لە پەیوەندی بە حوسییەکان لە یەمەنەوە، بەڵکو لە پەیوەندی بە چارەسەرکردنی کێشەی مامەڵەکردن لەگەڵ شیعەکانی نێو عەرەبستانی سعودیە. ئێمە دەتوانین ئومێدی ئەوە بکەین کە بوونی پەیوەندیی باشتر لە نێوان ڕیاز و تاران، ئاشتی و دەرفەتی بووژاندنەوە بۆ عێراق و سووریا و یەمەن بهێنێتەوە ئاراوە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە تا چەند ئەم ئاشتەواییە ئاماژەیە بە هەڵکشانی دەستڕۆیشتوویی چین لەم ناوچەیەدا- بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی چین ناوبژیوانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بووە بۆ بەدیهێنانی ئەم ڕێککەوتنە- و تا چەند ئەمە ئەمریکای نارەحەت کردووە؟**

- فاکتەری سەرەکیی توانای چین بۆ بەدیکردن و بەکارهێنانی دەرفەتی سەرکەوتنی دیپلۆماتی لە ڕێی ناوبژیوانی لە نێوان ئێران و سعودیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تووشی ئەستەمی و ئاستەنگ بووەتەوە لە پەیوەندی بە سیاسەتەکانی لە ئاست ئێران و

ئیسرائیلدا بە هۆی گوشارە سیاسییە ناوخۆییەکانەوە کە ناچاری دەکات، هاوشان بێت بە سیاسەتەکانی ئیسرائیل، تەنانەت کاتێك واشنتۆن هاوڕاش نەبێت لەگەڵ سیاسەتەکانی ئیسرائیلدا (بۆ نموونە لە پەیوەندی بە فەلەستین و لە ئاست ئێراندا)، ئەمەش بواری جووڵەی ئەمریکا کەم دەکاتەوە. ئەگەرنا ئەمریکا دەیتوانی بەلای کەمەوە پەیوەندییەکی بنیادنەرانەی لەگەڵ حوکمڕانانی ئیسلامیی تاران دروست بکات، هەروەك ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ حوکمڕانی ئیسلامیی ڕیاز هەیەتی. هەر چۆنێك بێت، ئەگەرچی ڕوون نییە ئەم ناوبژیوانییەی چین بۆ ئەم ئاشتەواییە تا چەند دەبێتەهۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و سعودیە، بەڵام ئەمە هۆشدارییەکە کە بۆی هەیە پەیوەندیی نزیکی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتە توندڕەوەکانی ئیسرائیل باجی گەورەی بەدوادا بێت.

*** ئایا دەکرێت بڵێین ئەم ڕێککەوتنەی نێوان سعودیە و ئێران بە ناوبژیوانیی چین گومانی لەسەر پەیوەندییە ستراتیژییەکانی سعودیە و ئەمریکا دروست کردووە؟ ئایا پەیوەندیی نێوان سعودیە و ئەمریکا لە ئایندەدا بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕوات؟**

- لە ڕاستیدا ساڵانێکە ئەم پەیوەندییانە لە نێوان سعودیە و ئەمریکا تووشی بارگرژی بوونەتەوە. سعودیە دەیەوێت بڕەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لە بەرانبەر ئەمریکا لە ڕێی ورووژاندنی ئەگەری جۆرێك لە ئاشتەوایی لەگەڵ ئیسرائیلدا، کە ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە زۆر خزمەت بە ئیدارەکەی بایدن دەکات. ئەگەرچی سعودیە سەربەخۆیی خۆی پیشان دەدات و ئەوە دەخاتەڕوو کە بژارەی دیکەی لەبەردەستدایە لە ڕێی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و چین. لە کۆتاییدا پێم وانییە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سعودیە بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، بەڵام تاوەکو حکومەتی ئێستای ئیسرائیل لە دەسەڵاتدا بێت، ئەوا پەیوەندییەکان بە تەواوی ئاسایی نابنەوە.

*** لە پەیوەندی بە ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستینەوە، بۆچی ئەم ناکۆکییە هێندە درێژخایەنە و بۆچی پرۆسەی ئاشتی ئەوەندە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە کە ڕێگری لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی یەکجارەکی دەکات؟**

- ئەم ناکۆکییە درێژخایەنە، لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی ناوەندە ئیستیعمارییە نیشتەجێبووەکانی دیکەیە وەك (ئەمریکا، کەنەدا، ئوسترالیا، ئەرجەنتین و.. هتد) کە تێیدا دانیشتووانە بنەڕەتییەکە لە نێو بردران، یان لە ڕووی سیاسی و دیموگرافییەوە پەراوێز خران، ئەوا زایۆنیزم و جوولەکە نیشتەجێبووەکانی نێو فەلەستین ئەم کارەیان ئەنجام نەدا. ئەوەتا چەندین عەرەب هەن لە ڕۆژهەڵاتی ئەردەن کە لەژێر کۆنترۆڵ و ڕکێفی ئیسرائیلدان، بە چەشنی ئەوەی جوولەکەش هەن تێیدا. ئەم ناکۆکییە بۆ چەندین نەوە درێژە دەکێشێت. ئەگەر پێنج ساڵ پێش ئێستا ئەوە چارەسەر و جێبەجێ بکرایە کە بوونی دوو دەوڵەتی لەخۆ دەگرت، ئەوا بارودۆخەکە جیاواز دەبوو. بەڵام ئەو دەرفەتە لەدەست درا. ئێستاش پرسیارەکە ئەوەیە چەندی دەوێت تا ئیسرائیل ببێتە دیموکراسیەتی فرەکەلتووری.

*** چۆن لە ئاساییبوونەوەی پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی دەڕوانیت و ئایا پێت وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا سعودیەش دەست دەکات بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا؟**

- من پێم وایە ئاساییکردنەوە ئەو کاتە ڕوودەدات کە گۆڕانکاری لە حکومەتی ئیسرائیلدا ڕوو بدات، تەنانەت ئەو کاتەش تەنیا ئەگەری قووڵکردنەوەی ئەو پەیوەندییە ئەمنی و هەواڵگرییانە دەبێت، کە حاڵی حازر لە نێوان ئیسرائیل و سعودیەدا هەیە. لەم ڕووەوە دەکرێت ئەوە بڵێین کە سەرجەم ئەو ڕژێمانەی کە تەنیا و تەنیا پشت دەبەستن بە تەکنیکی خۆسەپێنی و هەواڵگری بۆ ئەوەی درێژە بە حوکمڕانیی خۆیان بدەن بەسەر دانیشتووانێکی گەورەی عەرەب و موسڵمانەکانەوە، لە نێویاندا ئیسرائیل، بەرژەوەندییان لەوەدایە کە تەکنیك و زانیارییەکان لەگەڵ یەکدیدا ئاڵوگۆڕ پێ بکەن. لە مەودای دووردا واقیعی یەك دەوڵەتی (بە واتای ئەوەی کە کەناری ڕۆژئاوا و کەرتی غەززە بە واقیعی دەکەونە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە) دێتە ئاراوە، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ سعودیە دەرفەت بۆ عەرەبەکانی نێو ئیسرائیل دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی دەستیان بە سەرچاوەکان ڕابگات و ڕەنگە جۆرێك لە پاراستنی دیپلۆماتییش لەو وڵاتە موسڵمان و عەرەبانەوە بەدەست بهێنن کە ئیسرائیل پەیوەندی هەیە لەگەڵیاندا و نایەوێت ئەو پەیوەندییانە بخاتە مەترسییەوە.

**هیچ شتێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەمیشەیی و بەردەوام نییە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە ڕژێمەکانی ئەو ناوچەیە کێشەی شەرعییەتیان هەیە لە تێڕوانینی زۆرێك لە دانیشتووانی وڵاتەکانیاندا**

**لە زۆر ڕووەوە ڕێککەوتنەکان تەنیا چەند ڕێوشوێنێکن لە نێوان حوکمڕانە خۆسەپێنەکاندا کە تەنیا پەرۆشی ئەوەن هاوپەیمان بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن بۆ پاراستنی خۆیان لە بەرانبەر گەلەکانیاندا.**

**دەتوانین ئومێدی ئەوە بکەین کە بوونی پەیوەندیی باشتر لە نێوان ڕیاز و تاران، ئاشتی و دەرفەتی بووژاندنەوە بۆ عێراق و سووریا و یەمەن بهێنێتەوە ئاراوە**

# هێزی نەرم لە چارەسەری ناکۆکییە نێودەوڵەتی و پەیوەندییە سیاسییەکاندا

ئاشکرایە لێك نزیك بوونەوە و هاوئاهەنگی لە نێوان گەلانی جیهاندا بابەتێکی نویێ نییە، بەتایبەتی لە جیهانی دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵکو ئامانجێکە کە بیرمەند و سیاسەتمەدارەکان هەمیشە داکۆکییان لەسەر کردووەتەوە،جگە لەوەش ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش بڵاوکردنەوەی گوتاری جۆراوجۆریان لەسەر ئەو بابەتە لە پێشینەیان بووە، لەوانەش «هەمەجۆریی کەلتووری» کە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان و پایەی سەرەکیی گەڕان بووە بە دوای هاوئاهەنگی لە نێوان هەموو گەلان و یەکسانی و پێدانی ماف بە بەرانبەر و چەسپاندنی دادپەروەری، چونکە هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت بەبێ پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەدا بژی، تەنانەت ئەگەر لە ڕەچەڵەك و زمانیشدا لە یەکتر جیاواز بن.

دەسەڵات بەردی بناغەی زانستی سیاسییە کە تیایدا زانا و توێژەران بە گشتی لەسەر ئەوە کۆکن کە حوکمڕان دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی و سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەرچەندە بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە پێناسەی دەسەڵات، بەڵام دەسەڵات یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە چالاکیی دەوڵەت لە کەشوهەوای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دیاری دەکات. وەك ئەکتەرێکی کاریگەر مامەڵە دەکات کە بەردەوامی و باڵادەستیی خۆی دەسەپێنێت، بەڵام دەسەڵات بە تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر دەوڵەت دروست بکات، بۆ دروستکردنی سیاسەتێکی کاریگەر بۆ بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە لە چالاکییە بەرجەستەکراوەکانی بواری دەوڵەت و جیهانی نێودەوڵەتیدا وەك چالاك و دینامیکی هۆکار.

ولاتانی بەهێز و زلهێزەکان هەمیشە پشت بە ناوەندی لێکۆڵینەوە و بیرمەندەکانیان دەبەستن لە کاتی بڕیاردان و ڕووبەڕووبونەوەی ئالنگارییەکان و دوور لە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزی زبر و دەسەڵاتی ڕەق. لەو ڕوانگەیەوە لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە بیرمەندەکان جۆرێکی نوێی دیپلۆماسی نێودەوڵەتییان بەرهەم هێناوە، کە بریتییە لە «دیپلۆماسیی کەلتووری.»

مەبەست لە «دیپلۆماسیی کەلتووری» کە لەلایەن توێژەرانی «کامینغز» پێناسەی بۆ کراوە، بریتییە لە «ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و زانیاری و هونەر و لایەنەکانی دیکەی کەلتوور لە نێوان گەلاندا»، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لێکتێگەیشتن و پێکهێنانی پێکهاتەیەکی گرنگی هەوڵە دیپلۆماسییە فراوانترەکان و بە سادەیی هەموو ئەو شتانەی کە نەتەوەیەك دەیکات بۆ ئەوەی خۆی پێی بناسێنێت.

بە لەبەرچاوگرتنی جەوهەری دیپلۆماسیی کەلتووری، کە ڕێگە بە وڵاتان دەدات، دەربڕینی داهێنەرانەیان هاوبەش بکەن، بە شێوەیەکی سرووشتی و نەرمونیان، هەر بۆیە دەتوانێت یەکێك بێت لە کاریگەرترین ئامرازەکانی دیپلۆماسی، هەروەها نموونەیەکی ڕاستەقینەی ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت «هێزی نەرم»، واتە توانای ڕازیکردن و کاریگەریدانان لە ڕێگەی کەلتوور و بەها و بیرۆکەکانەوە، نەك دەسەڵاتی سەخت و زبر، کە لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت.

کاتێك باسی دەسەڵات دەکەین، هەمیشە بیر لە توندوتیژی، یان هێزی سەربازی دەکەینەوە، بەڵام هێزی نەرم یەکێکە لە جۆرە گرنگەکانی دەسەڵات. هێزی نەرم چەمکێکە کە لەلایەن «جۆزێف نای» لە زانکۆی هارڤاردەوە داڕێژدرا بۆ وەسفکردنی توانای ڕاکێشان و لکاندنی، یان بەکارهێنانی

**ولاتانی بەهێز و زلهێزەکان هەمیشە پشت بە ناوەندی لێکۆلینەوە و بیرمەندەکانیان دەبەستن لە کاتی بریاردان و رووبەرووبونەوەی ئالنگارییەکان و دوور لە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزی زبر و دەسەلاتی رەق**

**ئەوەی کە ئەمرۆ پێی دەوترێت «هێزی نەرم»، واتە توانای رازیکردن و کاریگەریدانان لە رێگەی کەلتوور و بەها و بیرۆکەکانەوە، نەک دەسەلاتی سەخت و زبر، کە لە رێگەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت**



**ئاشنا بابان**
**مامۆستای زانکۆ، زانستە سیاسییەکان**
بۆ گوڵانی نووسیوە

هێز وەك ئامرازێك بۆ ڕازیکردن. جۆزێف نای، ڕوونیشی کردەوە کە «لە سەردەمی زانیاریدا متمانە دەگمەنترین سەرچاوەیە.»

هەرچەندە پێش ئەویش هاتبوو لە مێژوودا لەلایەن کۆنفۆسیۆس و سۆکرات و ئەنتۆنیۆ گرامشی لە یەکێك لە تیۆرییەکانیدا سەبارەت بە باڵادەستیی کەلتوور لەگەڵ سەرمایەداری و بەرەی سۆسیالیستی، بەڵام بەقەد ئێستا نییە کە لەژێر بیرۆکەی جۆزێف نای، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەوڵەتدا بەکار هاتبێت. دەتوانرێت بڵێین: هێزی نەرم دەتوانێت زۆرترین سوود بەدەست بهێنێت، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە هێزی نەرم ببێ هۆکاری گرنگ و هەستیار وەك ئابووری و سەربازی، کە ئاراستە کراون بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەمانە بە داڕشتنی سیاسەتی گشتی. بە بەکارهێنانی هێزی نەرم، دەوڵەت دەتوانێت بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بگات، کە هەمیشە هەوڵی بەدەستهێنانی داوە.

هێزی نەرم لە زۆر بواردا پراکتیزە دەکرێت، وەك کەلتوور و وەرزش و گۆرانی، براند و ...هتد، تەنانەت فیلمیش، بۆ نموونە ئەمریکا جگە لەوەی هێزی سەربازی و ئابووریی بەهێزی هەیە، هێزی نەرمی زیاتر و هەژموونی نێودەوڵەتیی بەهێزی هەیە، کە لە ڕێگەی (فیلمی هۆلیوود، خواردنی خێرا، جلوبەرگ، براند و...هتد) بەکاری دەهێنێت، ئەوەش زیاتر تێکەڵکردنی کەلتوورییە و کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەی جیهانی داناوە، واتە جۆرێك داگیرکاریی فیکرییە و زۆرترین کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسی و پەیوەندییە سیاسییەکان هەیە.

هێزی نەرم لە ڕوانگەی «جۆزێف نای»ەوە لەسەر سێ بنەما سەرچاوە دەگرێت ئەوانیش:

١. کەلتوورەکەی لەو شوێنانەدایە کە کەسانی دیکە بۆ خۆیان ڕادەکێشێت.

٢. بەها سیاسییەکانی کاتێك لە ناوخۆ و دەرەوەدا بەپێی ئەوان دەژی.

٣. سیاسەتی دەرەوەی خۆی کاتێك کەسانی دی بە ڕەوا و ئەخلاقی سەیری دەکەن.

ئەم درێژکراوەی پەیوەندییە یارمەتیدەر بووە لە کۆکردنەوەی خەڵك و لە هەمووی گرنگتر هێزێکی نوێی بە کەلتوور بەخشیوە. کاتێك ئێمە جەخت لەسەر ڕۆڵی ڕۆشنبیری دەکەینەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئەمە بۆ ئەوەیە کە ئاماژە بەوە بکەین، وڵاتانی پێشکەوتوو دەرکیان بە گرنگیی پیشەسازییە کەلتوورییەکان کردووە لە ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانیاندا، ئەمەش ڕێگەی پێ داون کە بە دیپلۆماسیی نەرمونیان پەیوەندییەکانیان بەهێز بکەن، لە پێناو بەدەستکەوتنی زۆرترین سوود بە کەمترین تێچوون. لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، بەکارهێنانی هێزی نەرمە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند بەتایبەتی و وڵاتانی جیهان بەگشتی.

لە جیهانێکدا ئامرازەکانی پەیوەندیکردن جۆراوجۆر بووە و، پاش ئەو شۆڕشە تەکنەلۆژیایەی کە دونیای کردووە بە گوندێکی بچووك، ئیتر ئاسان و لۆژیکی نییە، قسەی زبر و چەوساندنەوەی وڵاتێك لەلایەن وڵاتێکی دیکەوە. هەر بۆیە هەوڵەکان کۆکرانەوە بۆ ئەوەی زمانێکی دیپلۆماسیی سیاسیی نەرم بەکاربهێنرێت و، بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت و ئامانجەکان و ڕەوانەوەی کێشەکان، کە باشترین و گرنگترین ڕێگایە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کە لە ڕێگەی دیپلۆماسیەت و هێزی نەرمەوە بە ئامانجەکانی بگات.

**هێزی نەرم چەمکێکە کە لەلایەن «جۆزێف نای» لە زانکۆی هارڤاردەوە داڕێژدرا بۆ وەسفکردنی توانای ڕاکێشان و لکاندنی، یان بەکارهێنانی هێز وەک ئامرازێک بۆ ڕازیکردن**

**وڵاتانی پێشکەوتوو دەرکیان بە گرنگیی پیشەسازییە کەلتوورییەکان کردووە لە ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانیاندا، ئەمەش ڕێگەی پێ داون کە بە دیپلۆماسیی نەرمونیان پەیوەندییەکانیان بەهێز بکەن**

## پارێزەر ئاهەنگ ئەنوەر:

# بە هەزاران کچی کەرکووکی خاوەن ئەزموون و بڕوانامەی زانستین، کەچی سوود لە تواناکانیان وەرناگیرێ و لە ماڵەوەدا دانیشتوون



بڕیارە لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەبچێت و، لە دوای ١٨ ساڵ هەمان هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت. لەوەتەی عێراقی فیدراڵی دامەزراوە، لە کەرکووک تەنیا یەك جار هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بەڕێوەچووە، ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو، کە تێیدا کورد زۆرینەی کورسییەکانی مسۆگەر کرد و، بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی یاسایی ئیدارەی پارێزگاکەی بە دەستەوە گرت.

بۆ ئەمجارەش کورد لە کەرکووك بە فرە لیست بەشدار دەبن و بە یەك لیست بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەن، هاوکات لە ناو بەربژێرەکاندا ژمارەیەکی باش لە خانمانی بەتوانا خۆیان کاندید دەکەن و، لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ٩ ئافرەتی بەتوانا و پڕئەزموون بۆ پۆستی ئەنجومەنی پارێزگاکان کاندیدن. پارێزەر ئاهەنگ ئەنوەر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەربژێرە. پارێزەر ئاهەنگ ئەنوەر خانمێکی بە هەڵوێست و داکۆکیکارێکی سەرسەختی خەڵکی سڤیلی شاری کەرکووکە، هاوکات پاڵپشت و خەمخۆری خانمان و کچانی شارەکەیەتی. لە دیدارێکیشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە بەرنامەی کارەکانی دەخاتەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«وەکو یاساییەك چاودێریی هەموو یەکە ئیدارییەکانی شاری کەرکووك دەکەم و لە هەموو کەموکووڕی و کەمتەرخەمییەکی فەرمانگە ئیداری و یاسایی و خزمەتگوزارییەکان دەکۆڵمەوە، چونکە لە بەشێك لە فەرمانگەکانی ئەم شارەدا کارەکانی خەڵکی کەرکوك زۆر بە سستی بەڕێوەدەچێت و لە بەردەم هەر پەنجەرەیەکدا بە دەیان هاووڵاتی بۆ چەند کاتژمێرێك لە ڕیزدا ڕادەوەستن، ئەگەر هاووڵاتییەکی ئاسایی بێت، ڕەنگە تەحەمولی بکات، بەڵام بۆ کەسێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت کە لەسەر عارەبانەکەیەتی و کاری کەوتووەتە فەرمانگەیەکی حکوومی، زۆر دژوارە، بەتایبەت کە تەنانەت هەندێ لە فەرمانگەکان شوێن و ڕێڕەویان بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت نییە، لە لایەکی دیکەشەوە بایەخ بە کەرتی تەندروستی و پەروەردە دەدەین و، هەوڵ دەدەین پەنجە بخەینە سەر ئەو بۆشاییانەی کە لە ناوەندەکانی خوێندن نەخۆشخانەکاندا هەیە».

پارێزەر ئاهەنگ ئەنوەر، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «دۆخی کەرتی تەندروستی لە کەرکوکدا لە ئاستێکی زۆر خراپدایە و بە شێوەیەکە خەڵکی شارەکەی بە تەواوی نیگەران کردووە». هاوکات دەڵێت: «هەموو توانام دەخەمەگەڕ بۆ چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتی لۆکاڵیی کەرکووك و بە جددی لەسەر ئەو جیاکارییانە ڕادەوەستم کە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە لە نێوان گەڕەکەکاندا دەکرێت، چونکە زۆر بە ڕوونی ئەوە دەبینین کە گەڕەکە کوردییەکان بە تەواوی لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە فەرامۆش کراون، هەروەها هەموو هێزم دەخەمەگەڕ بۆ ڕووبەڕووبونەوە و ڕێگرتن لەو پیلانانەی کە دژ بە کوردی شارەکە ئەنجام دەدرێن، چونکە لای هەمووان ئاشکرایە لە چەند ساڵی ڕابردوودا دژایەتییەکی زۆری کوردی شارەکە کراوە و هەوڵی جددی دراوە بۆ پەراوێزخستنیان لە ڕووی دامەزراندن و وجوودیان لە فەرمانگەکانی حکومەتی ناوخۆیی کەرکووکدا، هاوکات زمانی کوردی فەرامۆش کراوە لە نووسین و نووسراوە فەرمییەکاندا و هەوڵ دەدەین کە لە هەموو تابلۆ و نووسراوەکانی شارەکەدا زمانی کوردی وجوودی هەبێت و لە کاتی پشتگوێخستنیدا ڕێکاری یاسایی دەگرینە بەر».

ئەو یاساناسە بەربژێرە لە کارکردن بۆ باشترکردنی ڕەوشی گەنجانیش خافڵ نییە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بە حوکمی ئەوەی خۆیشم گەنجم، هەوڵ دەدەم بە ڕاوێژکردن لەگەڵ گەنجانی خاوەن توانا و بەهرەی کەرکووکدا، بتوانین کایەی ڕۆشنبیری و وەرزشی و هونەری لە شارەکەماندا بگەڕێنینەوە دۆخی سرووشتیی خۆی، چونکە لە ڕابردوودا کەرکووك ناوەندێکی ڕۆشنبیریی گرنگ بووە بۆ کوردستان و بە دەیان گەنجی بەتوانای لە بوارە جیاجیاکاندا خستووەتە خزمەتی ئەم وڵاتەوە».

پارێزەر ئاهانگ ئەنوەر ئەوەشی دووپات کردەوە کە «لە ئێستادا دۆخی ژینگەی کەرکووك لە ڕەوشێکی زۆر مەترسیداردایە و ڕۆژانە لە نێو هاووڵاتییانی شاردا ڕێژەی نەخۆشییەکان و بەتایبەتی شێرپەنجە ڕوو لە هەڵکشانە، بەهۆی پیسبوونی ئاو و خاك و هەوای کەرکووکەوە و ڕێژەی سەوزایی زۆر زۆر کەمە و زبڵ و خاشاکێکی زۆر لە کۆڵان و شوێنە گشتییەکاندا کۆبووەتەوە».

ئەو بەربژێرە سەبارەت بە بەرنامەی کاری خۆی بۆ ئافرەتانی کەرکووك گوتی: «وەك دەزانین لە ڕابردوودا ژنانی کەرکووك ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لە کایە جیاوازەکانی ژیاندا، بەڵام بەداخەوە ئەم چەند ساڵەی دواییدا بە هۆی دۆخی نالەباری کەرکووکەوە دەبینین چەندین کێشە و گیر و گرفت هاتوونەتە پێشەوە، هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا پەرە بە تواناکانی ئافرەتان بدەین و کەشێك دروست بکەین، کە کەرتی حکوومی و کەرتی تایبەت بایەخێکی زیاتر بە بوونی خانمان لە ناوەندەکانی کاردا بدەن، تاوەکو بتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن و خزمەت بە کۆمەڵگەی کەرکووك بکەن. جێگەی داخە بە هەزاران کچی کەرکووکی خاوەن ئەزموون و بڕوانامەی زانستین، کەچی سوود لە توانا مرۆییەکانیان وەرناگیرێ و لە ماڵەوەدا دانیشتوون. ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین لە هەموو فەرمانگەکاندا ڕێژەیان جێگیر بکرێت بە دەزگا ئەمنییەکانیشەوە، لە لایەکی دیکەشەوە کردنەوەی خانەیەك بۆ داڵدەدانی بێ سەرپەرشتان و کچانی بێ کەس و کاری شارەکە کە لە تەمەنی منداڵی و نەوجەوانیدان بە پێویست دەزانین، لەپێناو زامنکردنی داهاتوویەکی تەندروست بۆیان کاری لەسەر بکەین».

**لە بەشێک لە فەرمانگەکانی ئەم شارەدا کارەکانی خەڵکی کەرکوک زۆر بە سستی بەڕێوەدەچێت و لە بەردەم هەر پەنجەرەیەکدا بە دەیان هاووڵاتی بۆ چەند کاتژمێرێک لە ڕیزدا ڕادەوەستن**

**بایەخ بە کەرتی تەندروستی و پەروەردە دەدەین و، هەوڵ دەدەین پەنجە بخەینە سەر ئەو بۆشاییانەی کە لە ناوەندەکانی خوێندن نەخۆشخانەکاندا هەیە**

**هەوڵ دەدەین کە لە هەموو تابلۆ و نووسراوەکانی شارەکەدا زمانی کوردی وجوودی هەبێت و لە کاتی پشتگوێخستنیدا ڕێکاری یاسایی دەگرینە بەر**



## سۆلین عوسمان:

# خۆم و هاوسەرەکەم لەپێناو منداڵەکەمان و دابینکردنی ژیانێکی باشتر شەڕ لەگەڵ هەژاری دەکەین

زۆرن ئەو خانمە گەنجانەی کە لەسەر پێی خۆیان وەستاون و پشتیان بە تواناکانیان بەستووە، بێ ئەوەی چاوەڕێی دەستی کەس بکەن، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە ئافرەتی کورد لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا هێمای هێز و خۆڕاگرین. سۆلین عوسمان خانمە گەنجێکی پڕ وزە و داهێنانە، ئەو لە ئێستادا قوتابیی زانکۆیە و دایکی منداڵێکی یەكساڵانە و لە هەمان کاتیشدا کاردەکات و لە پەنای ئەو هەموو ئەرکەدا خەریکی نووسینی ڕۆمانێکە، لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سۆلین عوسمان، تەمەنی ٢٣ ساڵە و لە شاری سلێمانی لە دایك بووە و دانیشتووی هەمان شارە، قوتابیی بەشی زمانی عەرەبییە لە زانکۆی سلێمانی، هاوسەرگیری کردووە دایکی منداڵێکی تەمەن یەك ساڵانە سەبارەت بە ژیانی خۆی دەڵێت: «قوربانی هەموو شارەکانی کوردستان بم، من وڵاتەکەی خۆمم خۆش دەوێت، بەڵام خۆم لە سلێمانی لە دایك بووم، هەر لەو شارەش دەژیم، هەرگیز ڕێم بە خۆم نەداوە قەیران و دۆخی سیاسی وام لێ بکات شار و وڵاتی خۆم لا ناشیرین بێت. سەبارەت بەو کارانەش کە دەیانکەم، هەمەچەشنن، بەڵام زۆرینەیان لە چوارچێوەی هونەردان. کاری چنین و دروومانی جلی کوردی و دروستکردنی ئێکسسوارات و بابەتی جوانکاری و تەزبیح دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا تابلۆش دەکێشم، هەندێ جاریش خواردن و شیرینی دروست دەکەم و دەیانفرۆشم، لەلایەکی دیکەوە سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانەکەمم بە ناوی (هەنجیر١٩٩١) کە چیرۆکێکی خۆشەویستیە لە کاتی کۆڕەوە مەزنەکەی گەلی کورد ١٩٩١. دڵخۆشم بە کارەکانم، ڕەنگە تا ڕاددەیەك کاری بچووك بچووك بن، بەڵام لانی کەم باشترە لەوەی لەماڵەوە دەست بخەمە ژێر چەناکەم و دۆش داماو دانیشم و بزانم دۆخم بەرەو کوێ دەڕوات. لێرەوە قەرارە خۆمان کار بۆ باشتر کردنی دۆخەکەمان بکەین

کاتێك پەیامنێری گۆڤاری گوڵان لێی پرسی: وەك دەبینین لە تەمەنێکی گەورەدا نیت، بەڵام هەستی بەرپرسیارێتی و وزەیەکی زۆرت بۆ تێکۆشان هەیە، چی شتێك وای کرد بێیتە مەیدانی کار؟ لە وەڵامدا گوتی: «چەند هۆکارم هەیە بۆ ئەوەی کار بکەم، گرنگترینیان هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی و ویستی یارمەتیدانی هاوسەرم، جگە لەوەش لە ڕۆژگارێکی قورساین و ژیانەکە بە ئاسانی ناڕوات، ئەگەر کرێنشین بیت و خوێندکار بیت و زۆر شتی دی. بۆیە بەر لەوەی هەژاری بمانخنکێنێ، دەمەوێت ئێمە ئەو بخنکێنین و خۆم و هاوسەرەکەم لە پێناو منداڵەکەمان و دابینکردنی ژیانێکی باشتر شەڕ لەگەڵ هەژاری بکەین. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نامەوێت بوەستم و شەرم لە وەستان دەکەم، مرۆڤ بە جووڵەوە جوانە».

سەبارەت بە کارکردن و خوێندن و ئەرکی دایکایەتی و هاوسەرداری و چۆنیەتی ڕێکخستنیان گوتی: «ئەو ئەرکانە ناڵێم ئاسانە، بێگومان سەختە ئەو هەموو کارە بەسەر یەکەوە ئەگەر تەنیا بام، شتە باشەکە ئەوەیە محەمەدی هاوسەرم زۆر هاوکارمە و هەستاوین بە ڕێکخستنی کاتەکانمان و بەرنامەمان داناوە بۆ ژیانمان، هاوسەرەکەم شەفتی کارکردنی خۆی کردووە بە شەوان لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی من لە زانکۆم ئەو لای (ڕۆژ)ی کوڕمان بێت، کە من گەڕامەوە بۆ ماڵەوە پاشان ئەو بڕواتە سەر کار، بەم شێوەیە . پاشان لە سەرووی هەموو ئەمانەوە هێزمان لە خواوە وەرگرتووە و توانای بەرگەگرتنیش بەهرەیەکە و خوای گەورە پێی داوین».

ئەو خاتوونە دەستڕەنگینە لەوە نیگەرانە کە دووکان و شوێن تایبەتی نییە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی، هاوکات دەڵێت: «نەبوونی دووکان و شوێنی کار نەیتوانیوە لە کارکردن سستم بکات، پەیجێکی بچووکم هەیە و بە ئۆنلاین بەرهەمەکانم دەفرۆشم، ساڵانەش کاتێك فیستیڤاڵ دەکرێتەوە، خێرا بەشداری دەکەم و وەك هەلێك دەیقۆزمەوە بۆ ساغکردنەوەی شتەکانم. لەڕاستیدا فرۆشمان لە ئێستادا زۆر سستە بە هۆی بچووکی پەیجەکەم و گرانیی کورسیی بەشداریکردن لە هەندێ لە فیستیڤاڵەکان، بەڵام پشتیوان بە خوا کارمان بۆ ئاسان دەکات، گرنگ ئەوەیە جووڵەیەك بکەین، خۆی دەستپێکردنیش تەواوکردنی نیوەی کارەکانە، من گومانم لە دەسەڵاتی خوا نییە و ژیانیش پڕە لە دەرفەت و شتی چاوەڕوان نەکراو».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە وەکو خانمێکی گەنج بۆ داهاتووی کارەکەت چ ئامانجێکی دیاریکراوت هەیە؟ گوتی: «بێگومان ئامانجی گەورەم ئەوەیە کار لەسەر ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵم بکەم و بەرەو باشتربوونی ببەم، خەون و ئاواتی گەورەم ئەوەیە ڕۆژێك خاوەن شوێنێکی کارکردنی خۆم بم و خانمانی دیکەش دەرفەتی کاریان بۆ بڕەخسێنم، هەروەها دەمەوێت نموونەیەکی جوان بم بۆ چوار دەورەکەم و وزە ببەخشمەوە».

لە کۆتایی لێدوانەکانیدا ویستی پەیامێکی بۆ خەڵکی وڵاتەکەمان هەبێت و گوتی: «تکایە مەهێڵن خەفەت زاڵ بێت بەسەرتاندا و وزەی نەرێنی مێشکتان بخوات، زاڵ بن بەسەر دۆخەکاندا و پشت بە خوا ببەستن، ڕق لە دڵتاندا دەر بێنن و خۆشەویستی بچێنن، بەر لە تووڕەبوون لە یەکتری با بیرمان بێتەوە ڕۆژێك مەرگ ئێخەمان پێ دەگرێت و دەبین بە گرێ لە دڵی یەکدا، خەڵکە جوانەکەی کوردستان با چاوەڕێ نەکەین بزانین ئاخۆ سبەینێ چی پێیە بۆمان، با خۆمان بڕیار بدەین کە سبەینێ چی دەکەین، خۆشەویستیی خاك و خۆڵی وڵاتەکەمان با ون نەکەین بە هیچ هۆکارێك. با خۆشەویستی بڵاو بکەینەوەو وەك ئەو خەڵکە قەدیمییەی باوە حەمەی باپیرم بۆی باس دەکردم، یەکمان خۆش بوێتەوە و لەگەڵ خۆمان و خاك و نیشتمانەکەماندا ئاشت ببینەوە .سڵاویشم بۆ خوێنەرانی گۆڤارە جوانەکەی گوڵان هەیە.

**دڵخۆشم بە کارەکانم، ڕەنگە تا ڕاددەیەک کاری بچووک بچووک بن، بەڵام لانی کەم باشترە لەوەی لەماڵەوە دەست بخەمە ژێر چەناکەم و دۆش داماو دانیشم و بزانم دۆخم بەرەو کوێ دەڕوات**

**نەبوونی دووکان و شوێنی کار نەیتوانیوە لە کارکردن سستم بکات، پەیجێکی بچووکم هەیە و بە ئۆنلاین بەرهەمەکانم دەفرۆشم**

**تکایە مەهێڵن خەفەت زاڵ بێت بەسەرتاندا و وزەی نەرێنی مێشکتان بخوات، زاڵ بن بەسەر دۆخەکاندا و پشت بە خوا ببەستن**

# بۆ یەکەم جار بۆ خوێندنی ئەمساڵ بە بڕیاری وەزیری پەروەردە ڕۆژانی شەممە دەکرێتە پشوو

■ بڕیارە لە هەرێمی کوردستان ١٣ی ئەیلوول وەرزی نوێی خوێندن بۆ ساڵی٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ لە ناوەندەکانی خوێندن دەستپێبکات و، ئالان حەمەسەعید، وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی ١٦ی تەمموزی ٢٠٢٣ لە کۆنگرەیەکی میدیاییدا ڕایگەیاند، بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ و بە کۆدەنگیی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە بڕیار دراوە، ڕۆژانی شەممە لە سەرتاسەری ناوەندەکانی خوێندنی حکوومی پشووی فەرمی بێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە دیدی خۆیانەوە پرسەکە تاوتوێ دەکەن.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئالان حەمەسەعید، وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان ڕەتی کردەوە بڕیاری پشووی شەممە کاریگەریی لەسەر پرۆسەی خوێندن هەبێت و جەختی لەوە کردەوە کە بە شێوەیەك بڕیارەکەیان داوە، کاریگەریی لەسەر کوالێتیی خوێندن نەبێت. ڕاشیگەیاند، کۆی گشتیی ڕۆژانی خوێندنی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ لە ١٧٠ ڕۆژ کەمتر نابێت. بە گوێرەی خشتەیەك، کە ئامادەیان کردووە، لە ساڵی نوێی خوێندندا ڕۆژانە شەش وانە دەخوێندرێن بۆئەوەی زیان بە پرۆگرامی خوێندن نەگات».

بە گوتەی وەزیری پەروەردە، ٧٠٪ی قوتابخانەکان یەك دەوام و ٢٨,٣٪ دوو دەوام و ١,٧٪ سێ دەوامیان تێدا دەکرێت. گوتیشی: «دەوامی شەوان بە سێ دەوامی هەژمار ناکرێت».

د. بەهزاد تاهیر سەلیم مامۆستای زانکۆیە و ڕای وایە «بابەتی کاتژمێرەکانی خوێندنی ڕۆژانە، یان هەفتانە بە بەردەوامی لە ژێر لێکۆڵینەوە و بیروڕای جیاوازدایە. بەڵام ئێمە دەبێت سەیری ئەو وڵات و شوێنانە بکەین کە بەو ئەزموونەدا تێپەڕیون و تا ڕاددەیەك باشی و خراپیی شێوازەکانیان بۆ ڕوون بووەتەوە. بۆ نموونە لە ئەمریکا بە شێوەی مامناوەند ماوەی خوێندن لە ساڵێکدا بۆ قوتابخانەکان بریتییە لە ١٦٠ تاکو ١٨٠ ڕۆژ و لە هەندێ شوێنی تر زیاتریش دەبێت».

هاوکات گوتی: «بە شێوەیەکی گشتی و بەپێی توێژینەوەکان لە بواری خوێندن و زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەر مرۆڤێك (چ قوتابی بێت، یان مامۆستا)، پێویستی بەوە هەیە کە هەفتانە دوو ڕۆژ پشووی هەبێت بۆ ڕاپەراندنی کاروباری کەڵەکە بوو و تەواوکردنی ئەرکەکان و دەرکردنی ماندوویەتیی هەفتانەی خۆی. کەمکردنەوەی ڕۆژی شەممە لە خوێندنی قوتابخانەکان




و کردنی بە پێنج ڕۆژی خوێندن بە دڵنیاییەوە سوودی زۆری دەبێت و ڕاستە هەندێ خراپیی هەیە، بەڵام سوودی زیاترە، وەك:
یەکەم: یارمەتیدەرە بۆ مامۆستایان تاکو بتوانن ئەو مەنهج و بابەتانەی خوێندن کە لە بەردەستیانە بە شێوازێکی باشتر ئامادەی بکەن و دەرفەتیان هەبێت بۆ پەرەپێدانی خۆیان.
دووەم: ڕۆتینێکی بەردەوام بۆ خوێندکاران و دایك و باوکان دابین دەکات. یارمەتیی قوتابیەکان دەدات کە خۆیان ئامادەتر بکەن بۆ خوێندن و توانای بەڕێوەبردنی کات پەرە پێ بدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی باشتربوونی ئاستی خوێندن.
سێیەم: خوێندنی پێنج ڕۆژە لەگەڵ زۆربەی خشتەی کارکردنی دایك و باوکەکاندا هاوتەریبە، ئەمەش پلاندانان بۆ ڕێکخستنەکانی چاودێریی منداڵان ئاسانتر دەکات. هەروەها هاوتایە لەگەڵ هەفتەی کارکردنی تەقلیدی، کە هەماهەنگیی نێوان قوتابخانە و کار، ئاسان دەکات.
چوارەم: دەرفەتی زیاتر دروست دەکات بۆ چالاکییەکانی دەرەوەی مەنهەج، وەك وەرزش، یانەکان و بەرنامەکانی هونەر. ئەم چالاکییانە دەتوانن گەشەپێدانی گشتیی خوێندکار بەرز بکەنەوە، و ببێتە هۆی ڕاهاتنی قوتابی لەگەڵ کۆمەڵگە و پەروەردەکردنی کاری تیمی و تواناکانی سەرکردایەتیکردن.
پێنجەم: جگە لە ئامادەکاری بۆ پەرەپێدانی کەسی و زانستی، مامۆستایان کاتێکی زیاتریان دەبێت بۆ ئامادەکاری بۆ وانەکان، ئەرکەکانی نمرەکان و بەشداریکردن لە گەشەپێدانی پیشەیی خۆیان، ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی باشتربوونی کوالێتیی وانەوتنەوە و دەرئەنجامی خوێندکاران.
شەشەم: جگە لەو سوودانەی کە لە سەرەوە باسم کرد، لە ڕووی ماددییەوە زۆر گرنگە و بەشێك لە خەرجی خانەوادەکان وەك گواستنەوە و خەرجی دیکەی پەیوەست بە خوێندنەکە کەم دەکاتەوە. هەروەها خەرجییەکانی حکومەتیش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەکاتەوە.
بە دڵنیاییەوە ئەگەر بیری لێ بکەینەوە، دەتوانین کۆمەڵێك سوودی دیکەی دەستنیشان بکەین، بە پێی چۆنیەتی و شێواز و شوێن و بەرنامەی وەزارەتی پەروەردە و ئامانجی خوێندنەکە».
ئاری ئاغۆك مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێگومان هەر بڕیارێك لە لایەن وەزارەتێکەوە دەردەچێت، پێشتر خوێندنەوە و شرۆڤەی لەسەر کراوە، ئینجا بڕیاری لەسەر دراوە، بۆیە بڕیاری پشووی ڕۆژانی شەممە بۆ قوتابخانە حکومییەکان لە ساڵی نوێی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە فەرمانی بۆ دەرچوو، ڕەنگە بۆچوونی جیا و قسەی جیای لەسەر بکرێت، چونکە هەموو بڕیارێکیش لایەنی باش و خراپی دەبێت، بەڵام بە بۆچوونی من ئەم بڕیارە بڕیارێکی باش بوو، لەبەر چەند هۆکارێك، یەکێك لەو هۆکارانە کە بڕیارێکی باش بووە، هاوئاستی و یەکسانییە لەگەڵ قوتابخانە ناحکوومییەکان، چونکە ڕۆژانی شەممە لە دەوامی سەرجەم قوتابخانە ناحکوومییەکان پشووە، جگە لەمەش پشوویەکی فکری و جەستەییە بۆ قوتابی و مامۆستا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نابێت کاربکاتە سەر ڕێکخستنی بە شەوانەی مامۆستایان و پرۆسەی خوێندن و تەواوکردنی پڕۆگرامەکان، هەروەها بڕیارەکە دەبێت کاریکەری لە پشووی نێوان وانەکان نەکات، لە خشتەی وانەکان سەرجەم بابەتەکان بە یەك چاو سەیر بکرێن، چونکە هیچ بابەت و پڕۆگرامێك لاوەکی نین، هەموویان گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە، ئەمانە دەبێت لەلایەن کارگێڕی قوتابخانە پەیڕەو بکرێت، بێگومان ئەو کات دڵنیام بۆماڵبات و قوتابخانە و مامۆستا و قوتابی سوودی دەبێت».
هێمن ساڵح کۆمەڵناسەو یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە بڕیارەکە بە ئەرێنی دەزانن و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە ڕاستیدا من هیچ لایەنێکی نەرێنی لەو بڕیارەدا بۆ قوتابیان نابینم، بە پێچەوانەوە لایەنی ئەرێنی زۆرە، یەکەم شت لە ڕابردوودا بە هۆی ئەوەی قوتابخانە ئەهلییەکان پێنج ڕۆژ دەوامیان دەکرد، جۆرێك لە جیاکاری دروست کردبوو، ئەو بڕیارەش جۆرێکە لە گەڕانەوەی دادپەروەری، هەروەها قوتابی پێویستی بە پشوو هەیە، بە مەرجێك ئەو پشووە نەبێتە هۆکاری ئەوەی ئاستی خوێندن دابەزێنێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە دەبێت پشووی ڕۆژانی شەممە تایبەت نەکرێت بە کردنەوەی خول بۆ قوتابیان و قوتابی و مامۆستا ناچار بکرێن دەوام بکەن، لە بەرانبەریشدا پێویست دەکات قوتابیان پابەندی کاتەکانی خوێندن بن و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك پابەندی دەوامی قوتابخانە بن».
گوتیشی: «زۆرینەی خێزانەکان ڕۆژانی هەینی بە یەکەوە گەشت و سەیران و میوانداری دەکەن، لەبەر ئەوە پێویست دەکات قوتابی کاتێکی زیاتری، بۆ مەشق و خۆئامادەکردن هەبێت، بڕیارەکەش لە هەموو لایەنێکەوە دیراسە کراوە، لێرەوە دەستخۆشی لە جەنابی وەزیری پەروەردە دەکەم کە بە وردی و دروستی بیر دەکاتەوە و ڕاوێژ دەکات، پێش ئەوەی پلان دابنێت.

**لە ساڵی نوێی خوێندندا ڕۆژانە شەش وانە دەخوێندرێن بۆئەوەی زیان بە پرۆگرامی خوێندن نەگات**

**کەمکردنەوەی ڕۆژی شەممە لە خوێندنی قوتابخانەکان و کردنی بە پێنج ڕۆژی خوێندن بە دڵنیاییەوە سوودی زۆری دەبێت**

**هیچ لایەنێکی نەرێنی لەو بڕیارەدا بۆ قوتابیان نابینم، بە پێچەوانەوە لایەنی ئەرێنی زۆرە**

**دەبێت پشووی ڕۆژانی شەممە تایبەت نەکرێت بە کردنەوەی خول بۆ قوتابیان و قوتابی و مامۆستا ناچار بکرێن دەوام بکەن**



# ڕچەی ڕۆمانتیزم

## (١)

دووەمین ڕەوتی هونەر و وێژە و هزرە لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە، وەك كاردانەوەیەك دژ بە شۆڕشی پیشەسازی، لە كۆتایی سەدەی هەژدەمدا لە فەرەنسا سەری هەڵدا، دواتر لەوێوە پەلی بەرەو وڵاتانی دیكەی ئەورووپا هاویشت، ئەو ڕەچەیە لە ساڵانی ١٨٠٠- ١٨٤٠دا گەیشتە ترۆپكی خۆی. ڕەخنەگرانی هونەر پێیان وایە، ڕچەی ڕۆمانتیزم شۆڕشێك بوو دژ بە ئەرستوكرات، دواتر ڕێی بۆ گەشە كردنی ناسیونالیزمی گەلان خۆش كرد. ڕۆمانسیزم لە هونەر و وێژە و بواری دیكەشدا، خۆی دەنوێنێت.

تاریق كارێزی



لە ڕوانگەی ڕۆمانتیزمەوە، تەوژمی هەست و سۆز و خەیاڵی بێ سنوور، چاوگی ڕەسەن و ڕاستەقینەی هەر ئەزموونێکی ستاتیکی و جوانخوازین. ڕچەی ڕۆمانتیزم جەخت دەکاتە سەر هەمەجۆر سۆزی مرۆیی، وەك ترس، تۆقین، ئازار و ئەترش. لە بەرز کردنەوەی پێگەی هونەری میللی و کردنی بە هونەرێکی بە هەرمێن بەشدار بوو، خەیاڵی تاکە کەسی کردە دەسەڵاتێکی ڕەخنەگر، بەمەش هونەری لە بیر و بۆچوونی کلاسیزم و ئایدیالی ئاوەزخواز ڕزگار کرد. زاراوەکە لە وشەی ڕۆمان (roman) ی فەرەنسییەوە سەرچاوەی گرتووە، کرۆکی ڕۆمانتیزم بە چڕی، واتە ئەو شت و شوێنانەی بە وشە باس ناکرێن. هەندێکیش پێیان وایە، زاراوەکە لە وشەی (ڕۆمانیۆس)ـەوە هاتووە، کە بەو زمان و وێژانە گوترا کە لە زمانی لاتینی جیا بوونەوە، ڕۆمانتیزمان لە ژێر چەتری ئەو زاراوەیەدا بەرهەڵستیی خۆیان بۆ هەژموونی کولتووری گریك و ڕۆم دەربڕی، دژ بە ڕچەی کلاسیزم هاتنە مەیدانەوە.

فەرەنسا زێدی ڕۆمانتیزمە، فەرەنسی خاوەن هۆشمەندییەکی هاوسەنگ و بیر و بۆچوونی ڕوون و لۆژیکین، بە پێچەوانەی ئەڵمان و ئینگلیز کە خاوەن کەسایەتیی تەمومژاوی و سۆزی پەرت و بڵاون، وێڕای ئەوە، ڕەوشی ناجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی فەرەنسا، دۆخێکی ناجۆری دەروونیی لە نێو خەڵکی ئەو وڵاتەدا نایەوە، پەرتەوازەیی و لاواندنەوەی ئازاری تاکە کەس، لە نێو خەڵکدا بڵاو بووەوە، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانتیزم. کاریگەریی وێژەی ئەڵمان و ئینگلیز بەسەر هەندێك لەو نووسەرە فەرەنساییانەی لە دوای شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩) بەرەو ئەو جووتە وڵاتە کۆچیان کرد، هەروەها هەردوو فەیلەسووفی فەرەنسی ژان ژاك ڕۆسۆ و ڤۆلتێر، ڕێخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی ڕۆمانتیزم. ڕۆسۆ داوای کرد بەرەو سروشت و ژیانی خۆڕسك بگەڕێینەوە، ئەو پێی وایە گەشە کردنی کۆمەڵ، مایەی گەشە کردنی پاوانخوازی و تەماحە، ئیدی مرۆڤی نێو ئەو کۆمەڵگایە خۆپەرست و پەرۆش و سامانپەرست دەبێت، کەچی مرۆڤی بەرایی بە ژیانی سادەی نێو خانوویەکی قوڕ شاد و ئارام ژیاوە، ئەو مرۆڤە بەراییە بەرانبەر بە ئەوانی دی، سادە و میهرەبان و پڕ لە هەست و سۆزی خۆشەویستی بووە. ئەو کودەتایەی بەسەر کلاسیزم و چاوگەکەی کە شارستانیەتی گریکە، کرا، ئامێزێك بوو بۆ لە دایك بوونی ڕۆمانتیزم. گەلێك فەیلەسووفی دیکە لە گەڵاڵە بوونی ڕچەی ڕۆمانتیزمدا بەشدار بوون، وەك دیدرۆ، کانت و نیچە، کە لە چەمکی جوانی و پەیوەندیی بە چێژەوە، هەروەها جیاوازیی نێوانیان، قسە و تێزیان هەیە. ڕۆمانتیزم وەك کلاسیزم وابەستەی بنەمای هونەری نەبوو، بەڵکوو وەك ڕچەیەکی نوێباوی هونەر، بە شێوەیەکی خۆڕسك و نەرم و لەخۆڕا، کۆمەڵێك ڕەوتی بەرهەم هێنا، دواتر ئەم ڕەوتانە بوون بە بەشێك لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانتیزم، وەك چەمکی «نەخۆشیی سەردەم» کە دۆخێکی دەروونە، تێیدا مرۆڤ ناتوانێت هاوسەنگییەك لە نێوان هیوا و توانادا بەدی بهێنێت، چەمکی «مۆرکی خۆماڵی» بە ئامانجی بەرەنگار بوونەوەی ڕەوتی باوی مرۆیی کە سیمای کلاسیزمە. پەیڕەوانی ڕۆمانیتزم پێیان وایە، هونەر لاسایی کردنەوەی سروشت نییە، بەڵکوو داهێنانە و لە خەیاڵی داهێنەرانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو داهێنانەی بە یادگاری ڕابردوو و ڕووداوی ئێستا و پێشبینییەکانی داهاتوو، موتوربە دەکرێت. ئەمەش وای کرد چەندین ڕەوت لە ڕچەی ڕۆمانتیزمدا پەیدا بن، هاوکات خۆی لە گەلێك بواردا (باوەڕ، ئاکار، فەلسەفە، هونەر، مێژوو) بنوێنێت. ڕەخنەگران وای بۆ دەچن، ڕۆمانتیزم شۆڕشێکی بوو دژ بە ئاوەز و دەسەڵاتەکەی، دژ بە هەموو بنەما و ڕێسایەکی کلاسیزم. کورت و کرمانجی، ئامانجی ڕۆمانتیزم خۆ قورتار کردن بوو لە باڵادەستیی هونەری گریك و ڕۆم، ئەمەش لەگەڵ هەنگاوی وڵاتانی ئەورووپا بەرەو سەربەخۆیی زمان و وێژە و هزردا، هاوکات بوو. نیگارکێشی ڕۆمانتیکی ئەڵمان کاسپەر دیڤید فریدریش دەڵێ «هەستی هونەرمەند بۆ خۆی یاسای تایبەتی ئەوە.» بۆیە ڕۆمانتیکان مەیلی یاخی بوونیان هەبوو، بانگەشەیان بۆ خۆ ڕزگار کردن لە کۆت و بەندێك دەکرد، کە بەهرە و هونەر دەبەستنەوە، بە چەشنێك هونەر ئازادانە زادەی سەلیقە و بەهرەی داهێنەرانەی هونەرمەند بێت، هونەرێك وابستەی سۆز و خەم و ئازار و خەیاڵ و یاخی بوونی ویژدان و هەڵاتن لە واقیع و دەرباز بوون لە بنەماگەلی نەریتی بێت.

لە ژمارەی داهاتوودا، پێکەوە زیاتر دەچینە نێو کرۆکی ڕچەی ڕۆمانتیزمەوە.



لوقمان غەریب بۆ گوڵان:

# فیلمی گوڵەکان ناگەشێنەوە، بە تێگەیشتنێکی جیاواز کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران بەرجەستە دەکات




بە سەرپەرشتی بەڕێز ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە و هاوبەشی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە و سلێمانی، ناوەندی گاڤ بۆ کاری تەلەفزیۆنی و سینەمایی کوردی لە هەردوو شاری سلێمانی و هەڵەبجە، فیلمی (گوڵەکان ناگەشێنەوە) ی نمایش کرد . فیلمەکە لە سلێمانی لە ڕۆژی ٣١ تەمموزی ٢٠٢٣ لە ساڵیادی کارەساتی ئەنفالی بارزانییەکاندا بە ئامادەبوونی بینەرێکی زۆر لە سینەما سالم نمایش کرا، پاشان لە ڕۆژی ١٥ ئاب لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجەی شەهید لە پارێزگای هەڵەبجە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەکەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە نمایش کرا، لە ئایندەشدا لە هەولێری پایتەخت بەپێی پرۆگرامێکی تایبەت کە ناوەندی گاڤ دایدەڕێژی، نمایش دەکرێت .

ئەم فیلمە بەرهەمی هاوبەشی ناوەندی گاڤ بۆ بەرهەمهێنانی کاری تەلەفزیۆنیی و سینەمای کوردی لە سلێمانی و دەزگای سەتەلایتی کوردستان و بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە .

سەبارەت بە فیلمەکە سیناریۆنووس و دەرهێنەری فیلمەکە لوقمان غەریب گوتی: «لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠١٩ وە سەرقاڵی دروستکردنی ئەم فیلمەین،

فیلمەکە لە جۆری فیلمی درێژی دراماییە و ماوەکەی ٩٠ دەقیقەیە، چیرۆك و ڕووداوەکانی ئاوێتەن لە نێوان دوو مێژووی جیاوازدا، کە بۆ هەردوو ساڵی ١٩٨٨ و ٢٠١٢ دەگەڕێتەوە، تیادا باس لە ئاسەواری مەرگەسات و ئازار و ئەندێشەی دوو خانەوادەی پاشماوەی هەردوو کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات» .

سیناریۆی فیلمەکە بە تێگەیشتن و جۆرێکی جیاواز مەسەلەی کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران بەرجەستە دەکات و چیرۆك و بابەتێکی نوێ دەگێڕێتەوە، دیارە ئەو کارەساتانە هەڵگری سەدان چیرۆکی مەرگەساتبار و تراژیدین، کە هێشتا بەداخەوە هیچ کام لە بوارەکانی کلتووری بە تایبەت سینەما و چیرۆك و ڕۆمانی کوردی، بە باشی خۆیان لە قەرەی نەداوە.

فیلمی (گوڵەکان ناگەشێنەوە) بە بەشداریی هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون (عەلی کەریم، بەهادین هەڵەبجەیی، تەها داراغایی، جەمیل ئەحمەد) و هەریەك لە هونەرمەندانی ناسراو (ئاواز ڕەحیم، عومەر عەبدوڵلا، حەسەن حەمەسالح، ئاراز عەبدولرەحمان، شاناز جەمال، سازگار) و هونەرمەندانی لاو و ئەستێرەی ئایندە (لاوە بێستون، شێما ڕێبوار و شیراز جەلال) و کۆمەڵێ هونەرمەندی دیکەیە .

بینراوەکانی فیلمی گوڵەکان ناگەشێنەوە لە شارەکانی هەڵەبجە و دەربەندیخان و ئاوایی ڕێژنە و دێوانەی دەڤەری گەرمیان تۆمار کراوە، ئەم فیلمە لەلایەن ستاڤێکی لاوی کوردەوە کاری تەنیك و پرۆداکشنی بۆ ئەنجام دراوە (کامێرا و DOP - بەهمەن سەلاح، یاریدەدەری دەرهێنەر -نڤار لوقمان، مایکاپ ئارتێست - لارا خەبات، سکرێپ و کلاکێت - شایۆ یاسین، درۆن و فلای کام - هاوڕێ بەختیار، بەڕێوەبەری بەرهەم - کەمال چالاك، محەمەد شوان، مۆنتاژ و مێکساژ - دیار خەسرەو، ترایلەر و پۆستەر - نڤار لوقمان، پرۆدێسەر - لوقمان غەریب) .

لوقمان غەریب جگە لە کاری سینەمایی چەندین کاری لە بواری دراماشدا هەیە، سەبارەت بە گرنگیی پەرەپێدانی درامای کوردی دەڵێ: «پێشخستنی درامای کوردی لە ئێستادا کاری زۆری دەوێت، زۆر جار وتوومە دەبێ بە یاسا و ڕێنمایی و فشاری حکومەت لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانییەوە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ناچار بکات، کە ڕوو لە بەرهەمی ناوخۆیی بکەن و سەپۆرت و پشتیوانی بکەن و واز لەو هەموو بازاڕگەرمییە بهێنن، کە بۆ کاڵا و بەرهەمی بیانی دەیکەن، حکومەت خۆشی بە ئاسانکاری و سەخاوەتەوە و بە بەرنامە و پلان و لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن و کوالێتی پشتیوانیی هونەر و هونەرمەندان و کایە و بەرهەمە هونەرییەکانیان بکات، ئەوەی دنیا و مرۆڤایەتی جوان دەکات، هونەر و ڕۆشنگەرییە و ژیان دۆستییە.







## هاژە کامەران

### یاریزانی تۆپی باسکەی یانەی سابیس:

# تەنانەت هۆڵێکی باشیشمان نییە یاریی تێدا بکەین



**هەر چەندە یاریی باسکە لە شارەکانی کوردستان وەکو پێویست گرنگی تەواوی پێ نەدراوە، تەنیا بەشێك لە یانەکان نەبێت، کە ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرز لە شارەکانی کوردستان گرنگیی زۆریان بە تواناکانی خۆیان داوە و بوونەتە جێگەی سەرنجی زۆربەی یانەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کچە یاریزان (هاژە کامەران)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی پارێزگای سلێمانییە و یاری بۆ هەریەك لە یانەکانی کەمال سەلیم و سیروانی نوێ و ژیما و هەڵەبجەی شەهید و ئەکادی عەنکاوە کردووە، ئێستاش یاریزانی یانەی سابیس ئەربیلی شاری هەولێرە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە، وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

***چۆن بووبڕیار هاتنە نێو بواری وەرزشت دا؟**

- لە تەمەنی منداڵییەوە من یاری دەکەم و حەزم بە وەرزش بووە.

*** لە نێوان ئەم هەموو یارییە وەرزشییە بۆچی باسکەت هەڵبژارد؟**

- زۆربەی یارییەکانم ئەنجام داوە، وەکو گۆڕەپان و مەیدان و باڵە و تێنس و باسکە، بەڵام بەهۆی چەند هاوڕێیەکمەوە کە بەیەکەوە چووین بۆ یانەی کەمال سەلیم، دەستمان کرد بە یاریی باسکە زۆر حەزم دەکرد ببم بە یاریزانێکی باش.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- بۆ من یارییەکە قورس نییە، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باشتر بووم لەم یارییە، هەوڵی زۆریشم دا، ڕاستە بەهۆی باڵاوە کێشەیە، بەڵام بەم شێوەیە نییە ئەگەر خۆت هەوڵ بدەیت.

***ئاستی یاریی تۆپی باسکە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-بە داخەوە تۆپی باسکە بۆ کچان و کوڕان لە کوردستان و عێراق پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە نەبینیوە، کەس گرنگیی پێ نادات. تا ئێستا هیچ هەڵبژاردەیەکی وا بۆ کچان دروست نەکراوە کە بەشداریی پاڵەوانێتی دەرەوە بکەن، بەڵام لە وڵاتانی دیکە وەکو ئێران و وڵاتە عەرەبییەکان تۆپی باسکە یارییەکە گرنگیی زۆری پێ دراوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- دەبوایە لەلایەن سەرۆکی یانەکانەوە گرنگیی تەواو بۆ یاری باسکە هەبوایە، بە تاکە کەس هیچ ناکرێ و تەنانەت هۆڵێکی باشمان نییە بچین یاریی تێدا بکەین.

*** هۆکاری چییە یانەکانی کوردستان ئەم یارییەیان پشتگوێ خستووە؟**

- هیوادارم لایەنی بەرپرس هەوڵێك بدەن کە یاریزانە زۆر باشەکان پشتگوێ نەخەن، زیاتر بێن و لە نزیکەوە لەگەڵیان بن، تەنانەت جگە لە کچان کوڕانیش پشتگوێ خراون، یانەکان و یەکێتییە وەرزشییەکان هۆکارن بۆ پشتگوێ خستنی ئەم یارییە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

- من لە ئێستادا یاریزانی یانەی سابیسم، بەردەوامم تا بتوانم یاری بکەم لە دەرەوەش، بەردەوام دەبم بۆ ئەوەی بتوانم ئاستم بەرەو پێش ببەم.




***سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

-ئەوکاتەی بە باشترین یاریزان هەڵبژێردرام زۆر دڵخۆش بووم، چونکە خۆم زۆر هەوڵم داوە، جگە لەوەش یاریم بۆ هەر تیپێك کردبێت لە پلەکانی یەکەم و دووەم بووە ئەوەش مایەی خۆشحاڵییە بۆمن.

***کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

- هیچ کەس بە ڕکابەری خۆم نازانم لە کوردستان و عێراق.

***هیواو و ئاواتت لە وەرزشکردن چییە؟**

- بە هیوای ئەوەم بتوانم زیاتر گرنگی بە تواناکانی خۆم بدەم و ئاستی خۆم زیاتر بەرەو پێش ببەم.

*** بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن؟**

- چونکە وەکو پێویست گرنگی بەم یارییە نەدراوە و ژمارەی یانەکان زۆر کەمن بۆ یاریی تۆپی باسکە، بەڵام پشت بەخوا لەمە بەدواوە زیاد دەکات بەهۆی ئەم کەمپی هاوینانە کە بۆ تیپەکان باشە.

*** چ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش کردوویت؟**

- چەندین یانە هەبووە، بگرە لە عێراقیش وەکو یانەکانی ئەکاد و سابیس و دیالە.

*** دوویاری لە یەك کات ئەنجام دەدەیت، تۆپی باسکە و لەشجوانی لە کامەیاندا سەرکەوتوو تریت؟**

- لە هەردووکیاندا سەرکەوتووم، ئەویش تەواوکەری یەکترە، من زیاتر یاریی لەشجوانی و هێزی لەش دەکەم، کە ئەوەش هێزێکی جەستەیی باشت پێ دەبەخشێ،ئەوە زۆر باشە بۆ تەرکیزی هێزی جەستەیی.


*** بە چی یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**


- هەریەك لە یاریزانان A ja Wilson،kelsey plum


*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆخزمەتی بەردەوامی وەرزشی ناوەخۆ.

# ئەستێرەکانی جیهان ڕوو لە بواری سیاسەت دەکەن


جۆرج ویا


ڕۆماریۆ


جیانی ڕیڤێرا


کاخا کالادزێ

زۆر ئەستێرەی ناودار سەرەڕای ئەوەی ئاستیان لە نێو لاکێشەی سەوزی تۆپی پێ گەیشتە لوتکە، بەڵام بڕیاریاندا ئەزموونێکی نوێ لە سیاسەت تاقی بکەنەوە، بەشێکیان سەرکەوتووبن، بەشێکی دیکەشیان نەیانتوانی لە سیاسەت هەمان دەستکەوتە وەرزشییەکانیان دووبارە بکەنەوە.

١٠ یاریزانی گەورەی تۆپی پێ لە دوای تۆپی پێ ڕاستەوخۆ خۆیان بۆ پۆستە سیاسییەکانی وڵاتەکانیان بەربژێر کرد، تەنانەت هەندێکیان گەیشتن بەرزترین دەسەڵاتی دەوڵەت.

### ١. جۆرج ویا

لەگەڵ ئەی سی میلان لە ساڵی ١٩٩٥ خەڵاتی تۆپی زێڕینی بۆ باشترین یاریزانی جیهان بردەوە، دواتر لە ٢٠٠٣ وازهێنانی لە یاریکردن ڕاگەیاند و لە ساڵی ٢٠٠٥ دوای کۆتایی هاتن شەڕی دووەمی نێوخۆیی لیبیریا هاتە نێو ململانێی ساسیەت، بەڵام بەرەی ئۆپۆزسیۆن زۆر دژایەتیان کرد و بە سیاسەتمەدارێکی بێ ئەزموون و بێ پەروەردە وەسفیان کرد، تەنانەت وەکو گاڵتەپێکردنێك نازناوی منداڵی کۆڵان و جەنگەڵیان پێبەخشیبوو.

جۆرج هەر زوو خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری لیبیریا بەربژێر کرد، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٦دا دۆڕا.

جۆرج لە ساڵی ٢٠١٧ هەوڵێکی دیکەی دا بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری وڵاتەکەی، ئەمجارەیان سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا توانی ٦١٪ـی دەنگەکانی وڵاتەکەی بەدەستبهێنێت و بووە سەرۆکی لیبیریا و تا ئێستاش لە پۆستەکەی بەردەوامە.

جۆرج ویا پێشتر یاری بۆ یانەکانی پاریس سانت جێرمان، مانچیستەر سیتی، چێلسی و ئەی سی میلان و چەندان یانەی دیکە کردووە.

### ٢. ڕۆماریۆ

یەکێکە لە گەورەترین هێرشبەرەکانی مێژووی بەرازیل، ئەو لە کۆتاییەکانی کاروانی وەرزشی ژیانی تۆپی پێی خۆی بۆ ژیانی سیاسی گۆڕییەوە و سەرکەوتووش بوو.

ڕۆماریۆ نازناوی مۆندیالی ١٩٩٤ـی لەگەڵ بەرازیل بردەوە، لەژێر ئاڵای پارتی سۆسیالیستی بەرازیل هێرشبەرەکەی پێشووی یانەکانی ئایندهۆڤن، بارسیلۆنا و فلامینگۆ لە ساڵی ٢٠١٠ وەکو نوێنەری کۆنگرەی بەرازیل هەڵبژێردرا.

دوای مۆندیالی ٢٠١٤ ڕۆماریۆ بۆ ئەنجوومەنی پیرانی بەرازیل هەڵبژێردرا و لە هەموو کاندیدەکانی دیکەی ڕیۆ دی جانیرۆ دەنگی زیاتری بەدەستهێنا تا ئەمڕۆش لە پۆستەکەیدا ماوەتەوە، هاوکات لەوەتەی ساڵی ٢٠٢١ـەوە نوێنەرایەتی پارتی لیبراڵ دەکات.

### ٣. جیانی ڕیڤێرا

یاریزانێکی ناوداری هێڵی ناوەڕاستی ئیتاڵیا بوو لە پلەی چوارەمی ڕیزبەندی ئەو یاریزانانەیە، کە زۆرترین یاری بە درێسی ئەی سی میلان کردووە دوای پاولۆ ماڵدینی، فرانکۆ بارێسی و ئەلیساندرۆ کۆستا کورتا لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٧٩ بەشداری لە ٦٥٨ یاری بە درێسی میلان کردووە.

جیانی ڕیڤێرا دوای وازهێنانی لە یاریکردن بووە جێگری سەرۆکی یانەکە، بەڵام دواتر پیشەکەی لە وەرزشەوە بۆ سیاسەت گۆڕی لە ساڵی ١٩٨٦ بووە پەرلەمانتاری دیموکراسی کریستیانەکان دواتر وەک یاریدەدەری وەزیری بەرگری کاری کردووە پێش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ ببێتە ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا.


### ٤. کاخا کالادزێ


بەرگریکاری پێشووی ئەی سی میلان و هەڵبژاردەی جۆرجیا لە مانگی ئایاری ٢٠١٢ وازهێنانی لە یاریکردن ڕاگەیاند پێش وازهێنانەکەی دەستی بەکاری سیاسی کردبوو لە هەمان ساڵی وازهێنانی پەیوەندی بە حیزبی پارتی خەونەکانی جۆرجیای دیموکرات کرد بوو لە هەمان ساڵدا لە ٢٠١٢ بووە ئەندامی پەرلەمانی جۆرجیا.

کالادزێ تەنیا دوو هەفتە دوای ئەوەی وەکو پەرلەمانتاری وڵاتەکەی هەڵبژێردرا، هاوکات پۆستی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری وزەی پێبەخشرا ئەوکات ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بووەوە، کە پێیانوابوو بەهۆی بەرژەوەندییە


ئەندری شێڤشینکۆ


تیتی کامارا


پێلێ


سۆل کامپل

بازرگانییەکانی ئەم پۆستانەی پێدراوە.

کالادزێ، کە پێشتر دوو نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای لەگەڵ ئەی سی میلان بردووە ئێستا سەرۆکی شارەوانی شاری تبلیسی جۆرجیایە.

**٥. ئەندری شێڤشینکۆ**

هێرشبەرە ئەفسانەییەکەی دینامۆ کێیڤ و ئەی سی میلان یەکێکە لە ناودارترین گۆڵکارە مێژووییەکانی تۆپی پێ لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ - ٢٠٠٩ ئەزموونی خۆی لە خولی نایابی ئینگلیزی لەگەڵ یانەی چێلسی تاقیکردووە.

شێڤشینکۆ لەکاتێکدا هێشتا یاریزانی تۆپی پێ بوو، کەچی بەشداریی لە چالاکییە سیاسییەکان دەکرد لە کۆتاییەکانی نەوەدەکاندا پشتگیری پارتی سۆسیال دیموکراتی ئۆکرانیای کرد دواتر لە ساڵی ٢٠٠٤دا چووە پشتگیریکردن لە ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی ئۆکرانیا.

شێڤشینکۆ لە ٢٠١٢ لەگەڵ وازهێنانی لە یاریکردن دەستبەجێ پەیوەندی بە پارتی ئۆکرانیا کرد، بەڵام ژیانی سیاسیی شێڤشینکۆ هاوشێوەی وەرزشەکەی پیشەگەرانە نەبوو نەیتوانی لە هەڵبژاردنەکان کورسییەک لە یانەی ڤێرخۆڤنا رادا بەدەستبهێنێت دواتر گەڕایەوە بۆ تۆپی پێ و بووە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئۆکراینا.

**٦. تیتی کامارا**

کامارا هێرشبەری پێشووی یانەکانی لێنس و لیڤەرپوول و وێستهام زۆربەی ژیانی وەرزشی لە وڵاتانی ئینگلتەرا و فەرەنسا بەسەر بردووە، دواتر لە ناوەڕاستی ساڵانی ٢٠٠٠دا وازی لە تۆپی پێ هێنا گەڕایەوە وڵاتی گینیا.

دوای ماوەیەکی کورت وەک ڕاهێنەری هەڵبژاردەی گینیا دەستبەکاربوو پاشان کامارا لەسەر داوای (ئەلفا کۆندێ) سەرۆکی وڵاتی گینیا بووە وەزیری وەرزشی وڵاتەکەی و تا ساڵی ٢٠١٢ لەو پۆستەی مایەوە.

**٧. پێلێ**

زۆر کەس بە گەورەترین یاریزانی تۆپی پێی هەموو سەردەمەکانی دادەنێن، پێلێ لە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٧ وازی لە یاریکردن هێنا زۆر ئەزموونی دیکەی جۆراوجۆری تاقیکردەوە.

سەرەتا پێلێ پۆستی باڵیۆزی نیازپاکی یونسکۆی وەرگرت هاوکات بووە باڵیۆزی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها لە بەرازیل پۆستی وەزیری بۆ کاروباری وەرزش پێدراوە تەنانەت یاسایەکی هەبوو بە ناوی یاسای پێلێ، کە هەوڵی کەمکردنەوەی گەندەڵی لە تۆپی پێی بەڕازیلدا دەدا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠١ پۆستەکەی بەجێهێشت دوای ئەوەی تۆمەتبارکرا بە تێوەگلانی لە گەندەڵیدا.

**٨. جۆزێف بوزێک**

بوزێک بەشێک بوو لە سەردەمی زێرینی هەڵبژاردەی هەنگاریا، کە زۆر نزیکبوون نازناوی مۆندیالی ١٩٥٤ لە سویسرا ببەنەوە، بەڵام یارییەکەیان ٣ - ٢ بەرامبەر ئەڵمانیا دۆڕاند.

جۆزێف بوزێک یەکێک بوو لە دیارترین و بەهێزترین یاریزانەکان بە درێژایی مێژووی تۆپی پێی هەنگاریا، هێشتا یاریزانی تۆپی پێ بوو کەچی لە تەمەنی ٢٧ ساڵی بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٥٣ بە زۆرینەی دەنگ وەکو پەرلەمانتار لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی هەنگاریا دەستبەکرابوو.

پاشان بووە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی هەنگاریا، بەڵام بەهۆی نەخۆشی دەستی لە کارکێشایەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٧٨ بەهۆی سستبوونی دڵەوە گیانی لەدەستدا.

**٩. ڕۆمان پاڤلیچێنکۆ**

ئەم یاریزانە بووە یەکێک لە چیرۆکە سەیر و سەمەرەکانی جیهانی تۆپی پێ و سیاسەت، کە تێیدا وەکو هێرشبەر لە تیپێکی بەهێزی خولی ئینگلیزی یاری دەکرد لە هەمان کاتدا سیاسەتمەداریش بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٧ پێش ئەوەی پەیوەندی بە یانەی تۆتنهام بکات، هێرشبەرە ڕووسییەکە کورسییەکی لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە شارەکەی خۆی ستاڤرۆپۆل بۆ پارتی ڤلادیمێر پۆتنی سەرۆکی ڕووسیا بەدەستهێنا.

**١٠. سۆل کامپل**

بەرگریکاری پێشووی یانەکانی تۆتنهام و ئەرسناڵ و پۆرتسمۆس، دوایین ڕۆژەکانی لە تۆپی پێدا لە ساڵی ٢٠١١ لەگەڵ یانەی نیوکاسڵ بەسەر برد، دوای وازهێنانی پەیوەندی بە سیاسەتەوە کرد و پشتگیری لە سیاسەتەکانی پارتی پارێزگاران کرد، ئەو بەرگریکارە پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلاند لە ساڵی ٢٠١٤ خواستی خۆی بۆ خۆبەربژێرکردن بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانی لەندەن دەربڕی، بەڵام نەیتوانیوە دەنگی پێویست بەدەست بهێنێت لە نێو حیزبەکەیدا دەنگی زۆرینەی ڕەش پێستەکانی بردەوە و بە جێگیری دووەمی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا هەڵبژێردرا.



# زاخۆ ئاگر لە خولی عێراق بەردەدات




دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی زاخۆ بەردەوامە لە خۆبەهێزکردنی بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، هێنانی ئەم ژمارە زۆرەی یاریزانان بۆ ئەوەیە زاخۆییەکان بتوانن ڕکابەری لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن لە خولەکە، ئەم وەرزە ئاگریان لە خولی عێراقی بەردەوە بە گواستنەوەی چەندین ئەستێرەی عێراقی و یاریزانی پیشەگەر، وەك گواستنەوەی ئەمجەد عەتوان کاپتنی هەڵبژاردەی عێراقی و یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی هێڵی ناوەڕاست لەسەر ئاستی عێراقی، سەرچاوەیەکی نزیکیش لە یانەی زاخۆ ئەوەی ئاشکرا کردووە کە گرێبەستی کاپتنەکەی هەڵبژاردەی عێراق بڕی (٦٥٠)ملیۆن دینارە و، پێشەکی (٢٥٠)ملیۆن دیناری وەرگرتووە، ئەم وەرزەش بەرگری لە درێسی زاخۆییەکان دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە کارگێڕیی یانەی زاخۆ بە فەرمی گرێبەستکردنی لەگەڵ یاریزانی یەمەنی عەبدوڵڵا عەلوی کە لە یانەی لوسێلی پلە دووی خولی قەتەری بوو، مۆرکردووە و لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات، جگە لەم یاریزانانەش، یاریزانی بەرازیلی دیونی ریباس دەبێتە یاریزانی یانەکە و لەم وەرزە لەگەڵ یاریزانەکانی دیکەی یانەکە شەڕی ئەنجامی گەورە دەکەن لەسەر دەستی ڕاهێنەری قەتەری (تەلال بلوشی) جگە لەوەش کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی هەریەك لە یاریدەدەرانی ڕاهێنەر نەبیل عەبدولرەزاق کە پێشتر یاریدەدەری یانەکانی وەعبی قەتەری و مەولودیەی تونسی بووە، حزیفە کەلاعی وەکو ڕاهێنەری هێزی جەستەیی دەستبەرکار بوون لە یانەکە و، نەبیل عەوادیش بۆ سێیەم ساڵی لە سەریەك وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێز لە ڕیزی یانەکە مایەوە، زاخۆ لە هەوڵی ئەوەدایە لە ڕۆژانی داهاتوو گرێبەست لەگەڵ چەندین یاریزانی دیکەی ئەستێرە لەسەر ئاستی عێراقی مۆر بکات.



# قووه جەوییە کچە یاریزانانی کوردستانی کردە ئامانج

بە مەبەستی بەشداریکردنی لە خولی تۆپی پێی خانمانی یانەکانی عێراقی بۆ وەرزی نوێ خولی عێراقی، دەستەی کارگێڕیی یانەی قووه جەوییەی شاری بەغدا کۆمەڵێك یاریزانی کوردستانی گواستەوە ڕیزی یانەکەی، جەوییە ئامادەکارییەکانی بە هێنانی ڕاهێنەری کورد و یاریزانانی کوردستان دەست پێکردووە، بۆ ئەوەی بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم تیپەکانی دیکەی عێراقی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش یانەکەی شاری بەغدا بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە قاسم جەمیل لە شاری کەرکووك وەکو ڕاهێنەر و کچە یاریزانان (ڕازاو محەمەد، دێرین مەحمود، سۆزکازم، سۆما ئەبوبەکر، ئیلاف حیسامەدین، ئامینە عەدنان، ئامینە جەبار، فائیزە جەلال، سەلار مام واحید) مۆر کردووە، یانە عەرەبییەکە دەیەوێت بەم نۆ کچە یاریزانە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە بکات، لەم بارەشەوە سەلار مام واحید گۆڵپارێزی یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە فەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی جەوییە مۆرکردوە و دەمەوێت لەگەڵ ئەم یانەیە ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم، یانەی جەوییەش یەکێك لە یانە بەهێزەکانی عێراقە و دەمەوێ ئاستم زیاتر بەرز بکەمەوە و بەرگری لە تۆڕی یانەکە بکەم».

# سلێمانی خۆی بەهێز دەکاتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی سلێمانی دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان نەیتوانی سەربکەوێت بۆ ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، ئەم وەرزە لە ئێستاوە کارگێڕیی یانەکە لە هەوڵی ئەوەدان تیپێکی بەهێز دروست بکەن بۆ هەردوو خولی عێراقی و کوردستان، لەم ناوەشدا گرێبەستیان لەگەڵ چەندین یاریزانی دیکەی یانەکانی کوردستان مۆر کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەم وەرزە ژمارەیەکی قورسی خولەکە بن، کارگێڕیی یانەی سلێمانی بە فەرمی گرێبەستی هەریەك لە یاریزانان(یەحیا جەبار لە یانەی سیروانی نوێ، هێمن هیوا لە یانەی دەربەندیخان، سەرکەوت ئازاد، دانیار هەمزە لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، شەماڵ عەبدولڕەحمان، سۆران حەسەن، مەروان جەلال، ئاکام ئیسماعیلی گۆڵپارێز، سیامەند فازیل، هاوکار یەحیا، ڕەمەزان قادر، بەرهەم جەبار، محەمەد جەمال، ئەحمەد خالید، بابان عەلی، هاوبەش عومەر) مۆرکردووە، ئەم وەرزە تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی سلێمانی دەیەوێت ئاست و ئەنجامی شایستە لە خولەکە بەدەست بهێنێت، بۆیە لە ئێستاوە دەستی بە کۆکردنەوەی یاریزانان کردوە بۆ ڕیزی تیپەکەی، وەرزی ڕابردووش یانەکە توانی تا کۆتاییەکانی خولەکە ڕکابەری لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات، ئەم وەرزە ئامانجی گەورەتری هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولی عێراق و کوردستان بێت.





# چۆن سترێس دەبێتە هۆی قژهەڵوەرین؟



لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە هۆرمۆنەکانی سترێس، بەتایبەتی هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ Cortisol هۆکارە بۆ لاوازکردنی خانە بنچینەییەکانی پێویست بۆ گەشەی قژ، ئاماژە بەمەش کراوە کە دەتوانرێت بە چەند ڕێگەیەك گرفتی قژهەڵوەرینی پەیوەست بە سترێسی درێژخایەن چارەسەر بکرێت. سترێسی درێژخایەن جگە لە قژهەڵوەرین، هۆکارە بۆ گەلێك گرفتی تەندروستی وەکو: پەستی، خەمۆکی، گرفتەکانی هەرس، گرفتەکانی خەو. سووڕی گەشەی قژ لە سێ قۆناغ پێکهاتووە کە بریتین لە: یەکەم، قۆناغی گەشەکردن Anagen واتە دروستبوونی قژی نوێ و درێژبوونی. دووەم: قۆناغی حەسانەوە یان وەستانی گەشەی قژ Catagen کە ڕەگی قژ لە بناغەی تاڵەی قژدا دەپوکێتەوە. سێیەم: قۆناغی هەڵەورین Telogen، کە قژ هەڵدەورێت و سووڕێکی نوێ دووبارە دەست پێدەکاتەوە. سووڕی گەشەی قژ لەژێر کۆنترۆڵی خانە بنچینەییەکان ناو ڕەگی قژدایە، ئەم خانانە دابەش دەبن بۆ خانەی نوێ کە قژ دروست دەکەن، لە قۆناغی حەسانەوەی قژدا، ئەم خانانە ناچالاك دەبن، لەگەڵ سترێسدا ئەم خانانە بۆ ماوەیەکی زۆرتر ناچالاك دەمێننەوە، دەرەنجام گرفت بۆ قۆناغەکانی سووڕی گەشەی قژ دروست دەبێت، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ئەکادیمیای ئەمریکیی نەخۆشییەکانی پێست، لە کەسانی تەندروستدا ڕۆژانە ٥٠-١٠٠ تاڵە قژ هەڵدەورێت، لەکاتی سترێسدا لەوانەیە کە سێیەکی کۆی ژمارەی تاڵە قژەکان هەڵبەورێن.

# ڕۆژانە ئاوی لیمۆ بخۆرەوە!

پسپۆڕانی خۆراك جەخت دەکەنەوە کە خواردنەوەی پەرداخێك ئاو بە گوشینی ١یەك تا دوو لیمۆ لە ناویدا (ئاو و لیمۆ ) Lemon water، هەنگاوێکی کاریگەرە بۆ ڕێگرتن لە ئەگەری کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration. سوودە تەندروستییەکانی ئاو و لیمۆ : هاندانی زیاتر خواردنەوەی ئاو و شلەمەنیی دیکە بۆ دابینکردنی بڕێکی باشتری ئاو بۆ شانەکانی لەش، ڕێگرتن لە گرفتەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاو لە شانەکانی مێشکدا لەوکاتەی کە مێشك بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئاو پێك هاتووە، بۆیە کەمبوونەوەی شلە گرفت پەیدادەکات بە شێوەی هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، هەستکردن بە ناڕەحەتی، گرفت لە تەرکیزکردندا، هەروەها شێوان، تێکەڵەی ئاو و لیمۆ سەرچاوەیەکە بۆ گەلێك ماددەی دژەئۆکسان کە بایەخی تەندروستیی زۆریان هەیە، ئاو و لیمۆ سەچاوەیە بۆ دابینکردنی ڤیتامین C کە بایەخێکی تەندروستیی بەرزی هەیە، ڕێکخستنی پەستانی خوێن بە دابینکردنی بڕێکی باش لە کانزای پۆتاسیۆم، تێکەڵەی ئاو و لیمۆ ترشی سیتریك Citric acid لەخۆدەگرێت، کە سوودی تەندروستی هەیە، بەتایبەتی ڕێکخستنی پەستانی خوێن و خۆپاراستن لە ئەگەری دروستبوونی بەردی گورچیلە، ئاوی لیمۆ هاندەرە بۆ زیاتر هەڵمژینی کانزای ئاسن لە کۆئەندامی هەرسدا کە پێویستە بۆ خۆپاراستن لە کەمخوێنی، دواخستنی پیربوونی پێست لە ڕێگەی هاندانی دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین کە پێویستە بۆ پاراستنی توانای لاستیکیی پێست و دواخستنی لۆچبوونی پێست، جگە لەمانە ئاوی لیمۆ سوودبەخشە وەکو جێگرەوەیەك بۆ خواردنەوەی شلەمەنییە شیرینکرکراوەکان کە زیانی تەندروستیی زۆریان هەیە.






# بەهای خۆراکیی کوولەکەی هاوینە

کوولەکەی هاوینە Summer squash دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ، کالسیۆم، مەگنسیۆم، پۆتاسیۆم، لەگەڵ ڤیتامینەکانی A، C، هەروەها ماددەی دژەئۆکسان لە جۆری پۆلیفینۆلەکان Polyphenols و کارۆتینۆیدەکان Carotenoids. سوودە تەندروستییەکانی کوولەکەی هاوینە: کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، پاراستنی تەندروستیی پێست و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لەسەر پێستدا، ڕێکخستنی پەستانی خوێن، سووککردنی نیشانەکانی خەمۆکی، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، هاندانی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، بەتایبەتی هاندانی گەشەی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە و هەڵمژینی ماددە خۆراکییەکان، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، بۆیە خۆراکێکی گونجاوە بۆ خۆپاراستن و دابەزاندنی شەکری خوێن لە تووشبووانی نەخۆشیی شەکرەدا، کۆنترۆڵکردنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL لە خوێندا، کە هەنگاوێکی گرنگە بۆ ڕێگرتن لە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، پاراستنی چاوەکان لە وشکبوون و خۆپاراستن لە شەوکوێری Night blindness و گۆڕانەکانی چاو کە پەیوەستن بە بەساڵاچوون.



# نەوجەوانانی ڕاهاتوو لەسەر مۆبایل ناشادن!

ئەمە زانراوە کە زیاد بەسەربردنی کات بەرانبەر بە ئامێرەکانی شاشەی شین کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستیی دەروونی و جەستەیی بە شێوەی (ئازاری مەچەك و ئازاری مل و پشت، سترێس، لەدەستدانی خەو یان خەوزڕان، پەستی، زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی لەبەر کەم خەوی و کەمیی جووڵە و مەشقی وەرزشی، هەروەها گرفتەکانی بینین بە شێوەی ماندووبوونی چاوەکان، لێڵبوونی بینین، سووربوونەوەی چاو و هەستکردن بە سووتانەوە، لەگەڵ وشکبوونی چاوەکان) جگە لەمانە لە نوێترین ڕاپۆرتەکانی توێژەرانی زانکۆی سان دییگۆ/ کالیفۆرنیا هاتووە کە ئەو نەوجەوانانەی کاتێکی زۆر بەسەر دەبەن لە بەرانبەر ئامێرەکانی شاشەی شین Blue screen وەکو مۆبایل، تابلێت یان لاپتۆپ جا بۆ هەر مەبەستێك بێت لە یاریی کۆمپیوتەری یان تێکستکردن یان بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و چاتی ڤیدۆیی، بەگشتی ناشادن بە بەراورد لەگەڵ هاوەڵەکانیان کە بۆ ماوەیەکی کەمتر شاشەی شین بەکاردێنن و زیاتر بۆ چالاکییەکانی وەرزشی یان خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ سەبارەت بە مەسەلە فکری و مەعریفییەکان ئامێرەکانی شاشەی شین بەکاردێنن، توێژەران ئاماژەیان بەمەش کردووە کە بەردەستبوونی سمارتفۆن و زیاد بەکارهێنانی لە لایەن نەوجەوانانەوە هۆکارە بۆ دابەزاندنی ئاستی هەستکردن بە خۆشی و شادی.



# بۆچی قاوە بۆ منداڵ زیانبەخشە؟



ئەکادیمیای ئەمریکیی نەخۆشییەکانی منداڵ جەخت دەکاتەوە کە خواردنەوەی قاوە هەرگیز بۆ منداڵی ژێر تەمەنی ١٢ ساڵیدا گونجاو نییە، هەروەها لە تەمەنی نێوان ١٢-١٨ ساڵیدا پێویستە کە بە بڕی کەم بخورێتەوە، بە مەرجێك بڕی کافائینی ڕۆژانە لە ١٠٠ ملگم زیاتر نەبێت. هەروەها ڕێنمایی دەکات کە منداڵ بە دوور بگیرێت لە هەر خۆراك و شلەمەنییەکی دیکە کە ماددەی کافائین لەخۆدەگرێت وەکو: چای، کۆلا، سپۆرت درینك، خواردنەوە وزەبەخشەکان Energy drinks، هەروەها هەموو جۆرەکانی شوکولاتە. کاریگەریی کافائین لەسەر تەندروستیی منداڵ: ماددەی کافائین کاریگەریی زیاتری لەسەر کۆئەندامی دەمار و کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا هەیە، بۆنموونە هاندەرە بۆ نارەحەتیی منداڵ و کەمبوونەوەی تەرکیز کە زیانبەخشە بۆ توانای فێربوون لە قوتابخانەدا، زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، تێکچوونی گەدە، لەگەڵ گرفت لە نووستندا بە شێوەی خەوزڕان لەو کاتەی کە منداڵ لە تەمەنی ٥-١٢ ساڵیدا پێویستی بە ١١ کاتژمێر خەو هەیە، ئەگەری دروستبوونی چاڵی ددان و کلۆربوون، چونکە قاوە لە سرووشتدا ترشە و زیان بە چینی مینای ددان دەگەیەنێت، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر گەشەی منداڵ، لاوازبوونی ئێسك بۆنموونە هەر ١٠٠ ملگم کافائین هۆکارە بۆ لەدەستدانی ٦ ملگم کالسیۆم لە ڕێگەی کۆئەندامی میزەڕۆدا، هەروەها وەرگرتنی بڕی زیاتری کافائین بۆ منداڵ مەترسیدارە و هۆکارە بۆژاراویبوون.

# گرنگیی ڤیتامین B9 بۆ تەندروستیی ئافرەت




ڤیتامین B9 کە بە فۆلیت Folate یان ترشی فۆلیك Folic acid ناسراوە، لە ئاودا دەتوێتەوە و زۆر گرنگە بۆ گەشە و پەرەسەندنی لەش، هەروەها ڕۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ فرمانی دروستیی مێشك و دەمارەکان و باشکردنی مەزاج، هەروەها خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئاستی ماددەی هۆمۆسیستین Homocysteine لە خوێندا، کە بەرهەمێکی لابەلای ترشە ئەمینییەکانە و ئەگەری تووشبوون بە نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك بەرزدەکاتەوە. توێژینەوەکان جەخت دەکەنەوە کە لەوانەیە ڤیتامین B9 ڕۆڵی هەبێت بۆ دواخستنی کەمبوونەوەی توانا و فرمانەکانی مێشك، کە پەیوەستە بە بەساڵاچوون. لە لایەکی دیکەوە ئافرەتی دووگیان پێویستی زۆریی ئەم ڤیتامینە هەیە، چونکە هاندەرە بۆ گەشەی ویلاش و کۆرپە، هەروەها ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی کۆرپە لە سەقەتی و گرفتی زگماکی، بەتایبەتی گرفتی زگماکی لە مێشك و بڕبڕەی پشتدا، بۆیە لەسەر ئافرەتی دووگیان و ئافرەت لە تەمەنی منداڵبووندا پێویستە کە بڕی تەواوی فۆلەیت لە خۆراکەوە دابین بکات. سپێناغ و سەوزە گەڵا تاریکەکانی دیکە، لۆبیا و پاقلەمەنییەکانی دیکە، مۆز، لیمۆ، هلیۆن، هەروەها کوارگ (قارچك) سەرچاوەی خۆراکیی گرنگن بۆ ڤیتامین B9، سەرچاوەی دەوڵەمەندن، هەروەها ئەم ڤیتامینە بە شێوەی دەنك لە نەخۆشخانە و دەرمانخانەکاندا بەردەستە کە دکتۆر بڕیار لەسەر بەکارهێنانی دەدات.

# پیسبوونی هەوا
# ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە نوێیەکاندا هاتووە کە پیسبوونی هەوا Air pollution ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە بەرزدەکاتەوە، بۆنموونە شێرپەنجەی کۆڵۆن و ڕێکە، جگەر، پەنکریاس، شێرپەنجەی پرۆستات، شێرپەنجەی سییەکان لەگەڵ شێرپەنجەی مەمک و منداڵدان لە ئافرەتدا. ئەم ئەگەرەی تووشبوون بە شێرپەنجە زیاترە لەو شوێنانی کە پیسبوونی هەوا لە ژێرەوەی ستاندارده جیهانییەکان و ڕێنمایی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیدایە.
لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژە بەوەش کراوە کە بەرکەوتنی درێژخایەن بە تەنۆلکەی PM2.5 و ئۆکسیدی نایترۆجین ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی کۆڵۆن، ڕێکە،پرۆستات، لەگەڵ شێرپەنجەی مەمك لە ئافرەتدا زیاد دەکات. هەڵمژینی ئەم تەنۆلکە زۆر وردە پیسکارانەی هەوا دەبێتە ئەگەری سووتانەوە لە شانەکانی سییەکان و شوێنی دیکەی لەشدا، چونکە لە سییەکانەوە لە ڕێگەی بۆرییەکانی خوێن بە ئەندامەکانی شوێنەکانی دیکەی لەشدا بڵاو دەبنەوە، جگە لە شێرپەنجە ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی مێشك و نۆرەی دڵیش زیاد دەکەن. هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە پیسبوونی هەوا: نەچوونە دەرەوە لەکاتی خراپیی کوالێتی هەوا، ئەگەر ناچاربوویت ئەوا هەوڵ بدە لەکاتی بەیانی زوودا کارەکەت ئەنجام بدەیت، (تەعمیرکردنەوەی) ئەو شوێنانەی ماڵ کە دزەی هەوا دەکەن وەکو دەرگا و پەنجەرەکان، با بەردەوام خۆراکی یەدەگت لە ماڵەوە هەبێت، بۆ ئەوەی ناچار نەبیت کە لەکاتی خراپیی کوالێتی هەوادا بۆ کڕینی خۆراك بچیتە دەرەوە، هەروەها بۆ کرێکارەکان و ئێشکگرەکان پێویستە کە لەکاتی پیسیی هەوادا ماسکی N-95 ببەستن.





## سکانێری سێ

سکانێر ئامێرێکی نوێ نییە، بەڵام ئەوەی ئێمە دیتوومانە زیاتر سکانێر تایبەت بووە بە سکانکردن دۆکیۆمێنتەکان بۆ سەر کۆمپیوتەر، ئامێری سکانێر زیاتر بۆ کاغەز و بەشی چاپەمەنی بووە.
بەڵام ئامێری سکانێری سێ

## راوتەرێکی بچووک ب



ئینتەرنێت لەم سەردەمەدا بۆتە پێداویستییەکی گرنگی ڕۆژانە، بەبێ ئینتەرنێت زۆربەی کاروبارەکانی ژیان دەوەستێ، چونکە لە سەردەمی بە دیجیتالیبوونی جیهاندا شوێنی هەموو شتێکی گرتۆتەوە.
بۆ ئەوەی ئینتەرنێتێکی خێرات هەبێ و بۆ هەموو شوێنێك بگونجێ، پێویستە ڕاوتەرێکی بەهێزت هەبێ، ڕاوتەر وەکو ڕاوتەرەکانی (فاست لینك و نەورۆز و گۆران و..تاد). ڕاوتەری جۆری GL.iNet GL-A1300 لە ڕیزی ڕاوتەرە بچووکە

## مۆتۆرسیکلێتی فڕۆکەی جۆری XTurismo



لە پێشانگای ساڵانەی ئۆتۆمبیلدا لە وڵاتی ئەمەریکا، ساڵی ٢٠٢٢ وڵاتی ژاپۆن «هاوەربایك» واتە مۆتۆرسکلێتی فڕۆکی خستەڕوو. مۆتۆرسکلێتەکە بە XTurismo ناسراوە.
کێشی مۆتۆر سکلیتەکە نزیکەی ٣٠٠ کیلۆیە، دەتوانێت ٤٠ خولەك لە ئاسماندا بفڕێت و خێراییەکەی دەگاتە ١٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا. نرخەکەی زۆر گرانە و لە ملیۆنێك دۆلار زیاترە. بە بەنزین کار دەکات و بۆ پاراستنی هاوسەنگی چوار ڕۆتێری ئەلکترۆنیشی لەسەر داندراوە. کێشەکەی ٢٩٩ کیلۆیە، قەبارەکەی نزیکەی چوار مەتر دەبێت. بۆ ئەمنییەتی زیاتر خۆکار کۆنترۆڵ دەکرێت.

# ـــــــیٚ ڕەهەندی ئامێرێکی نوێ لە تەکنەلۆژیادا

ڕەهەندی 3D بۆ سکانکردن مرۆڤ و کەلوپەل و ئەشیا بەکار دێت.

یەکێك لەو سکاینەرانە، سکاینەری جۆری POP3 3Dە. قەوارەیەکی بچووکی هەیە و هەر بە قەد مۆبایلێکی زیرەك دەبێت. کێشی کەمە تەنیا ٢٠٠ گرامە. ئامێرەکە وا دەکات هەر شتێك سکان بە شێوەی 3D بکەی. بە سووڕانەوەی ئامێرەکە بە دەوری تەنەکاندا سکانێکی سێ ڕەهەندی دەکات. بە هۆی تیشکی IRەوە دەتوانی ڕوخسار و جەستەی مرۆڤ و گیانلەبەرکان سکان بکەی. بۆ بواری پزیشکی، بەتایبەتی بۆ دکتۆری ددان گرنگی تایبەتی هەیە.




## ـــــــۆ هەموو شوێنێک

گونجاوەکانە. کارپێکردنی ئاسانە، بە ئاسانی بە وافای پەیوەند دەدرێ و هەروەها بە ئاسانی بە مۆبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ.




تۆڕێکی دوو باندیە خێراییەکەی بە وایەرلەیس ٤٠٠ میگابایت لە چرکەیەکدا، هەروەها (2.4G) مگابایت لە چرکەیەکدا و بە وایەر دەگاتە (5G) لە چرکەیەکدا. لەگەڵ هەموو سیستەم و ئامێرێك دەگونجێت. هەڵگرتنی ئاسانە و تەنیا ١١٨ گرام دەبێت. هەتا ٤٠ ئامێر دەکرێت پێوەی پەیوەند بدرێت، بە ویستی خاوەن ڕاوتەرەکە دەکرێت بە داگرتنی دوگمەیەك بەکارهێنەر زیاد یا کەم بکات. بۆ هوتێل و شوێنە گەشتیارییەکان زۆر گونجاوە.

## پێنووسی ژیر و خوێندنەوەی دەقەکان

گەلێك جاران باسی ئامێری پێنووسی ژیرمان کردووە، پێنووسێك ژیر هەندێك لە پێنووسی ئاسایی گەورەترە و گەلێك ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدا. یەکێك لە پێنووسە ژیرانە پێنووسی NEWYESە. پێنووسەکە کاری وەرگێڕان دەکات و زیاتر لە ١١٢ زمان وەردەگێڕێ. قەبارەی داکردنی داتاکانی ١٦ گیگابایتە. دەتوانێت دەقە نووسینەکان بکات بە دەقی دیجیتالی. هەروەها دەتوانێت دەقەکان بە چەندین زمان بە دەنگ بخوێنێتەوە.

قەبارەی قەڵەمەکە ١٥ سانت دەبێت. دەتوانێت سێ هەزار کاراکتەر لە خولەکێکدا سکان بکات و هەر لەوکاتەشدا دەقەکەت بۆ دەخوێنێتەوە. بە هەردوو شێوەزاری ئەمەریکایی و ئینگلیزی دەخوێنێتەوە. دەقە دیجیتالییەکان بۆ ٥٥ زمان دەگۆڕێت.

# پرۆگرامی زەینی دەستکرد بۆ بەرزکردنی کوالیتی وێنە

وێنەی کۆنمان هەیە کە کوالیتان نەماوە، یا کاتێك وێنەیەك لە ئینتەرنێت وەردەگرین، بەڵام زۆر بچووکە و کاتێك گەورەی دەکەینەوە، کوالیتی تێکدەچێت. هەتا زەینی دەستکرد پەرەی نەسەند بوو، هەندێك پرۆگرام هەبوون، کە زیاتر پیکسێلی وێنەیان دەبردە سەرێ و ئەوەش وای دەکرد، وێنەکە تێك بچێت.

پرۆگرامی Topaz Gigapixel AI کە سوود لە زەینی دەستکرد وەردەگرێ، کوالیتی وێنە بەبێ تێکچوون دەباتە سەرێ. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت وێنەیەك هەتا ٦ بەرابەری خۆی گەورە بکرێت و بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکرێت، وێنەکە گەورە کراوە. دەکرێت بە ویستی خۆت وێنە گەورە بکەی. گەورە کردنی وێنە بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانیشی دەکرێت، بەڵام بە سەیرکردن هەست بەوە دەکرێ کە وێنەکە دەستکاری کراوە. پرۆگرامی ناوبراو بەشێوەی ئۆنلاینیش هەیە و ماڵپەڕێکی تایبەت بەخۆی هەیە و بەکارهێنەر بەبێ ئەوەی دایبەزێنێ دەتوانی سوودی لێوەربگرێت. تایبەتمەندی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە بەهۆی زەینی دەستکردەوە وێنەکە دەناسێت و دواتر گەورەی دەکات، پرۆگرامەکانی دیکە تەنیا پیکسێلی وێنەکانیان گەورە دەکرد. شایانی ئاماژە پێدانە پرۆگرامەکە بە خۆڕایی نییە.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**ئازیزێك دەپرسێت چۆن ژێرنووسی فیلمەکانی یوتیوب ببینم؟**

خوێنەری ئازیز دوای کردنەوەی ماڵپەڕی تایبەت بە یوتیوب لە کۆمپیوتەر یا مۆبایلدا، ئەو فیلمەی مەبەستتە هەڵبژێرە و پلەی بکە. دوای ئەوە لە خوارەوەی فیلمەکە یەکەم هیما لەلای چەپەوە سەیر دابگرە کە وەك کاغەزێکی هێڵدار دەچێت، دوای ئەوە ژێرنووس دێت بەڵام بە زمانی ئینگلیزییە، بۆ ئەوەی زمانەکە بگۆڕی، هێمای تەنیشت هێمای پێشوو، کە وەك گوڵێك دەچێت دابگرە و لەبەشی Sub-titleدا زمانی ئینگلیزی هەڵبژێرە و پاشان جارێکی دیکە هێمای دابگرە و لە فەرمانی Auto-translate زمانی مەبەستی خۆت هەڵبژێرە. زمانی کوردی هێشتا بە زمانی ژێرنووس زیادنەکراوە.

# پاوەربانکێکی هـ

پاوەربانك ڕەنگە لە ڕیزی پێداویستییە گرنگەکانی ئەم سەردەمە دانەنرێت، بەڵام بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق کە کارەبایەکی بەردەوام و نەپچڕاوی نییە، گرنگی تایبەتی هەیە.

پاوەربانکەکان گەلێك جۆرن و هەرکام تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام پاوەربانکی جۆری Baseus PowerCombo 6 in 1 Charging Station 65W هەم پاوەربانکێکی ناوازەیە و هەم بچووکە. لە یەك کاتدا ٦ ئامێر شەحن دەکاتەوە، لاپتۆپ و مۆبایل و ئامێرەکانی دیکەی شەحنکردنەوە بە ئاسانی



# ئامێرێکی گرنگ بۆ وێنەگرتن

ئایفۆن بەتایبەتی دوا مۆدێلی بۆ وێنەگرتن لە ڕیزی یەکەمی مۆبایلەکان دێت، بەڵام بۆ وێنەگرتنی پیشەیی تەنیا کامێرا بەس نییە، بەڵکو پێویستی بە ئامێری دیکەش هەیە. ئامێری Pivo Pod Silver بۆ هۆگرانی وێنەگرتن، سەماکاران، ڤێبلاگنووسان، ئەوانەی وەرزش دەکەن و خەریکی لەشجوانین...تاد ئامێرێکی گرنگە.

ئامێرێکە بچووکە و پایەیەکە مۆبایلی ئایفۆنی لەسەر دادەنرێت، کاتێك وێنەدەگری خۆکار لەگەڵ دیمەنەکە دەجوڵێت، بۆ نموونە کاتێك وەرزش دەکەی و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەچی، ئامێرەکە دەسووڕێت بۆ ئەو شوێنەی کە سوژەکەی لێیە. پێویست بەوەی ناکا کەسێکی دیکە وێنەت بگرێ، هەر دایبنێ و بە وتنی وشەیەك، یان جوڵەیەك دەست دەکات بە وێنەگرتن.

بە دانانی ئەپلکەیشنی pivo meet دەتوانی خۆکار وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە.

هەموو حاڵەتەکانی وێنەگرتن بۆ نموونە، motion 360، clone trail، GIF...تاد بەهۆی ئەو ئامێرەوە ئاسان دەگیردرێن. دەتوانی وێنەکان ڕاستەوخۆ هەر لە ئامێرەکەوە هاوبەش بکەی.







## ماڵپەڕی زیرەکی دەستکرد بۆ وێنە

پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی ڕاستە لە بواری وێنە و دەستکاری کردنی وێنەدا گرنگی و سوودی زۆریان هەیە، بەڵام لەو کاتەوە زیرەکی دەستکرد پەرەی سەندووە، ئەو پرۆگرامە و پرۆگرامە گرنگەکانی دیکە مەگەر خۆیان لەگەڵ زیرەکی دەستکرد بگونجێنن، ئەگینا گرنگیان نامێنێ. ماڵپەڕی www.fotor.com یەکێکە لە گرنگترین ماڵپەڕەکانی تایبەتە بە دەستکاری کردنی وێنە بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە. ئەو ماڵپەرە تەنانەت وێنە کۆن و تێکچوو و کەم کوالیتیەکان وا دەگۆڕێت وەك ئەوەی ئێستا بە کامێرایەکی ئاست بەرز وێنەت گرتبن. گۆڕانکارییەکە بە جۆرێکە هەست پێناکرێت، سوود وەرگرتن لە ماڵپەڕەکە بە خۆرایی نییە، بەڵام تێچووەکە ئەوەندە کەمە وەك بەخۆرایی بێت وایە.

# هەمە کارە و ناوازە




و بەخێرایی شەحن دەکاتەوە. تایبەتمەندی گرنگی پاوەربانکی ناوبراو لەوەدایە، کە لەگەڵ ئەوەیدا ئامێرەکان شەحن دەکاتەوە هەر لەوکاتەشدا خۆی شەحن دەبێتەوە. دەکرێت بە داگرتنی دوگمەیەك بۆ ئەوەی وزەی پاوەربانکەکە بە هەددەر نەڕوات، بیکوژێنیەوە بۆ ئەوەی لە کارەبای سەرەکی وزە وەربگرن. هەروەها ڤۆڵتاژێکی گرنگە و هەرکاتێك کارەبای سەرەکی بەرزی و نزمی کرد بۆ ئەوەی ئامێرەکان بپارێزێ ڕاستەوخۆ کارەبایان لەسەر دەبڕێت. خێرایی وزە بەخشینەکەی ٦٥ واتە، بەمانای ئەوە دێت هەموو ئەو ئامێرانەی لە شەحنی خێرا سوود وەردەگرن دەتوانن ئەو پاوەربانکە بەکار بێنن.

# خشڵ و ئێکسسوارەکانی قژی بووک

خشڵ و ئێکسسوارەکانی بووك، لە ڕۆژی ئاهەنگدا هیچی کەمتر نییە لە ماکیاژ و جلی بووك، چونکە خشڵەکانیش مۆدێکی نایاب بە جەستە و سەر و قژی خانمانی بووك دەبەخشن، خشڵەکان زۆرن، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر سەر دادەنرێن وەك: تارای سپی، تەوقە گوڵینەی سەر، هەر یەکێك لەوانە نموونەی جوانترین دیمەنن، کاتێك لە بەشی پشتەسەر و ناوەڕاستی قژت ئێکسسوارێکی گوڵدار و گوڵینە هەبێت، جوانیت بێ هاوتا دەبێت، بۆیە هەوڵ بدە ئەو مۆدە دەستەبەر بکەیت، چونکە بەشێکی گرنگە لە جوانی. ئەگەر تارای سپی بەسەر سەرتەوە بێت، دەکرێ ئەو ئێکسسوارە گوڵینانە تەنیا لە پشتەوەی سەرت بەرەو خوارەوە بێت، بەڵام ئەوەی زیاتر باوە و لە ئێستادا بۆ خانمانی بووکی دەکەن، بریتییە لە شێوازی دانانی ئێکسسوارەکان لە بەشی پشتەوەی سەر بەرەو سەر پشت، بەم چەشنە دەکرێت مۆدێکی ناوازەی جوانی لە ڕۆژی زەماوەنددا لەسەر قژت گەڵاڵە بکەت، کە تەنیا چەند هەوڵێکی سادەی دەوێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو جۆرە جوانییەی خشڵە گوڵدارەکانی سەر.







## کراسی درێژی بۆنە و یادە تایبەتەکان

بۆنەکانی وەك ڕۆژی
لەدایکبوون و مارەبڕین و دامەزراندنی شوێن
و کۆمپانیا و کردنەوەی ئارایشگە و کۆبوونەوەی
دەستە خوشکانە، پێویستی بە کراسێکی نایابی درێژی
سەرنجڕاکێش هەیە، تا لەو بۆنەیەدا وەك شازادەیەك دەربکەویت،
یان هەندێ لە خانمان ورگ و کەرشیان هەیە و بە ڕوونی دیار دەبێت،
دەتوانی لە ڕێگەی کراسە درێژەکانەوە بیشاریتەوە، جۆرەکانیی کراسی
درێژ زۆرن، بەڵام ئەوانەی زیاتر باون و لەلایەن خانمانەوە پەسند بریتیین
لە: کراسی درێژی کەمەر بەرز، ئەو جۆرەیە کە ورگ و کەرش ون دەکات،
کراسێکی دیکە ناسراو بە کەسرەی بلێسە، لە بەشی پێشەوە و خوارەوەی
کەسرە و لەت بوون لە قوماشەکەیدا هەیە. جۆرێکی دیکە لە بەشی
شانەکانەوە کراوەیە و فراوان دەبێت، بۆ ئەوانەیە کە حەز بە جلی
تەسك ناکەن. هەندێکی دیکەش لە قوماشی لەتلەتن، کە
شێوەیەکی کلاسیك و کۆن دەبەخشن، بەپێی قەبارە و
سایزی جەستەت یەکێك لەو کراسە بۆ بۆنە و
یادە تایبەتەکان هەڵبژێرە.



## پشتێن لەشولارت شیک و ڕێک دەکات


پشتێن لەو کاتە بەکاردێ کە دوو پارچە جل یان چاکێت و سویتێکی تەنک لەسەر جلەکانی بەشی سەرەوە بپۆشیت، بەم جۆرە پێویستت بە پشتێنەکان دەبێت، تا شیکیی لەشولار و جلەکانت ڕێك بخات، پشتێن کەرەستەیەکی نایابە هەم بۆ جوانی هەم بۆ شیککردنی جەستە و لەشولارت، بۆیە لەم وەرزەدا بەبێ پشتێن مەچۆرە دەرەوە، پشتێنەکان لەگەڵ پانتۆڵ و کاوبۆی جینز و تەنوورەش لە پشت دەکرێت، زیاتر گرنگی بە پشتێنی باریك و بچووك دەدرێ، چونکە لە مۆدی پێشوودا زیاتر پشتێنی ئەستوور باو بوو، مەرجە ڕەنگی پشتێن لەگەڵ ڕەنگی بەشێکی دیکەی جەستەدا هاوڕەنگ بێ، بۆ نموونە دەکرێت ڕەنگی پشتێن و پێڵاو هاوشێوە بن، یان دەتوانی ڕەنگی جەنتا و پشتێن لە هەمان ڕەنگ بن، هەندێ جاریش دەتوانی لەگەڵ ڕەنگی ماکیاژ هاوڕەنگیان بکەیت، پشتێن جگە لەوەی کەرەستەیەکە بۆ جوانی، هەروەها شێوازێکی سەرنجڕاکێشە کە لە دوور و نزیك دەردەکەوێت.






# خاوەنی درێژترین برژانگ

ڕەنگە خەونی هەموو خانمێك بێت کە برژانگەکانی درێژ بن و بەبێ ماسکارە جوان و قەشەنگ بوەستێت، کەچی ئەو منداڵە ڕووسییە لە برژانگەکانی بێزارە، بەهۆی ئەوەی هێندە درێژن ژیانی تێك داوە، ئەو کوڕە ناوی (موبین باشونایڤینگۆ)یە، تەمەنی (١١) ساڵە و درێژیی برژانگەکانی دەگاتە پێنج سانتیمەتر، کە وەك قژی پێویستە ڕۆژانە ئارایشتی بۆ بکات، ئەو منداڵە یاریزانی تۆپی پێیە و لە کاتی یاریکردندا برژانگەکانی بە جەلی و کرێم دەوەستێنێت، تا ئێستا ناتوانن ڕێگری لە درێژبوونی برژانگەکانی بکەن، چونکە بەهۆی هەڵەی جینەکانەوە برژانگی هێواش هێواش درێژتر دەبن.







# تاڤگەی شێوە کلکی ئەسپ

ئەو تاڤگەیە دەکەوێتە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا، لە ناوچەی (یوسمیات)ی نیشتیمانییە، یەکێکە لە جوانترین تاڤگەکانی کیشوەری ئەمریکای باکوور، دەگوترێت ئەو تاڤگەیە لە مانگی دووی هەموو ساڵێك بە بڕە ئاوێکی زۆرەوە دەردەکەوێتەوە و ڕەنگدانەوەی تیشکی هەتاو لە نێو دڵۆپە ئاوەکانیدا دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و ناسکە، لە ساڵی (١٩٦٠) بەهۆی گڕگرتنی ئەو ناوچەیە ئەو تاڤگەیە وشکی کردووە، دواتر گەڕاوەتەوە و ئاوە سازگارەکەی هاتووەتەوە، بەرزیی ئەو تاڤگەیە دەگاتە (٩٠٠) مەتر، ڕەنگی کێوی ئەو تاڤگەیە لە نێوان سوور و سووری ئاگرینە، کاتێك ئاوەکە دەکەوێتە خوارەوە، دیمەنی تاڤگەکە وەك کلکە ئەسپێکی سوور ڕەنگ دەردەکەوێت، ساڵانەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی کبریت لەو ناوچەیەدا ڕەنگی ئاوەکە بەرەو ڕەنگی زێڕی دەگۆڕێت.









# پاسپۆرتی فیرعەون بە مردوویی

مۆمیای ڕامسیسی دووەم کاتێ تووشی جۆرێك لە مشەخۆر دەبێت، شارەزایان بە مەبەستی زیاتر پاراستن و مانەوەی بڕیاردەدەن ڕەوانەی فەرەنسای بکەن، بۆ ئەوەی لە لەناوچوون بیپارێزن، بەڵام یاسای گەشتیاری و کۆچبەرانی ئەو وڵاتە ڕێگە نادات هیچ کەسێکی زیندوو یان مردوو، بچێتە ئەو وڵاتە بەبێ پاسپۆرت، یان فەرمانێکی دیبلۆماس و پرۆتۆکۆڵ، بۆیە پاسپۆرتی بۆ دەردەهێنن و وێنەکەی لەسەردادەنرێت، هەروەك لەدایکبووی ١٣٠٣پ.ز بە پێی ئەوەی مەلیك بووە، و ڕەگەزنامەی میسرە، بۆیە ناچار پاسپۆرتیان بۆ دەرهێناوە تاوەکو لە کاتی گەشتەکەیدا یان بردنی تەرم و پەیکەرەکەیدا کێشەی یاساییان بۆ دروست نەبێت.

# پرۆژەی گەشتیاریی خێزانیی فاملی گاردن






یەکێکە لەو کارە جوان و خنجیلانە گەشتیارییەی کە لە شاری هەولێر کراوەتەوە، بە شێوازێکی سەردەمی و لە کەشێکی خۆش و لە نێو داروباری پارکی شانەدەر و ئەکوا پارك دروست کراوە، خاوەنی پرۆژەکە سەردار ئازادە، دەربارەی پرۆژەکە دەڵێت: «پرۆژەی فاملی گاردن لە ٣١ دوکان پێك دێت، کە چەندین خواردن و خواردنەوەی ساردەمەنی و ڕیستورانت و کافێ و قاوەخانە لەخۆدەگرێت، شوێنەکە تایبەتە بە خێزان و کەشێکی گونجاوە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت شەوانە دەرچوونێك بکەن یان لە شوێنێکی دڵڕەفێن دابنیشن، کرێی ساڵانەی ٥٠٠ ملیۆن دینارە، تێچووی دروستکردنی پرۆژەکە نزیکەی ملیارێك دینارە، وەك پۆینتێکی گەشتیاری بۆ کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی دروست کراوە، شوێنەکە بە شێوەیەکی مۆدێرن بنیات نراوە، لەو شوێنە گەشتیارییەدا شوێنی یاریی منداڵان و گەنجانیش تەرخان کراوە، هەروەها کافێی تایبەت بە ئافرەتان هەیە، بۆ ئەوانەیە کە حەز دەکەن لە کەشێکی تایبەتدا پشوویەك وەربگرن، وامان کردووە کە ٨٠٪ ئەوانەی لێرە کاردەکەن کوردن، کە دەرفەتێکە بۆ هەلی کار بۆ گەنجان و ئەوانەی بەهرە و توانای کارکردنیان هەیە، چەندین یاریی بە جۆشیش لە پرۆژەکەدا بەدی دەکرێت، لەوانە مەلە و یاریی ئاو و بۆڵینگ و ئەسپسواری، زیاتر لە ٣٠٠ کەس لەو پرۆژەیەدا کار دەکەن».







## کاریکاتێر


باس لە پیسبوونی ژینگە بە کەرەستە و ئاسن و شووشە و پلاستیك دەكات، كە كەسێك دەیەوێت دارێك لەسەر عارەبانەیەك بپارێزێت، بەهۆی ئەوەی دار و درختەكان ژینگە پاك دەكەنەوە.





## کچە نمایشکارێکی چوار ساڵان

ئەو کچە ناوی (میلی بێل)ە، تەمەنی (٤) ساڵە، لە ئێستادا وەك نمایشكاری جلی منداڵانە كار دەكات، بووەتە سپۆنسەری چەندین كۆمپانیای دروستكردنی جلوبەرگ، دایكی دەڵێت: «بەهۆی ئەو ڕێكلام و نمایشانەی بۆ كچەم دێت، هەمیشە لە گەشت و دەرچوون و كاركردنداین، چونكە كچەكەم ڕوخسارێكی جوان و لەشولارێكی ناسكی وەك پەپوولەی هەیە، بۆیە زۆربەی كۆمپانیا و براندەكان داوای ڕێكلام و نمایشی لێ دەكەن».



## دیمەنە سەیرەکان

### پەیكەری دایكێك

سەیری دەریا دەكات و نەوەكانی بەڕێ دەكات كە سەری خۆیان هەڵگرت و كۆچیان كرد، بە دوای ژیانێكی باشتردا وێڵ بوون، پەیكەرەكە لە شاری خیخۆنی ئیسپانیایە.



## یاسا

### هاككردنی سۆشیال میدیا

هیچ مادده و یاسایەكی تایبەت بە تاوانی هاككردنمان نییە، بەڵام بە لێكدانەوە بۆ یاساكان دەگەین بەو ئەنجامەی كە مادده سێی یاسایی قەدەغەكردنی خراپبەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندیكردن، ماددەیەكی گونجاوە بۆئەم تاوانە، چونكە لە ماددەكەدا دەڵێت، بێزاركردنی خەڵك لە ڕێگەی ئامێرەكانی پەیوەندیكردنەوە تاوانە. هاككردنیش كارێكە ئەوپەڕی بێزاركردنی تێدایە و ترسێكی زۆر دەخاتە دڵی كەسی هاككراوەوە، دووبارە بەداخەوە سزای ئەم ماددەیەش سزایەكی كەمەو لەیەك ڕۆژەوە دەست پێ دەكات تا یەك ساڵ.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەمڕۆ لە دودڵی و نیگەرانیدایت و ڕەنگە چێژ لە ڕۆژەكەت نەبینیت، ئەمەش كاریگەری لەسەر ژیانی تایبەتی و ژیانی پیشەییت دروست دەكات و متمانەت بە خۆت نامێنێت، ناتوانیت كاری داهێنەرانە ئەنجام بدەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەمڕۆ ئامۆژگاری دەكرێیت كۆنترۆڵی وشەكانت بكەیت، چونكە كاریگەری لەسەر كەسانی چواردەورت دروست دەكەیت، لە لایەنی داراییەوە پارەكانت لە كەلوپەلی ناپێویستدا خەرج مەكە، بە خێرایی بڕیار مەدە، باشترە ئارام بگریت و پەلە نەكەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەمڕۆ لەوانەیە بڕیارێكی خێرا بدەیت كە سوودی بۆ تەواوی ڕۆژەكەت هەبێت، هەروەها لە لایەنی پیشەییەوە چانسی ئەوەت هەیە بە ئاسانی سەر بكەویت، لە ژیانی تایبەتیتدا كێشەكانت لەگەڵ خێزانەكەت چارەسەر دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ڕەنگە زۆر هەست بە باشی نەكەیت و دوودڵ بیت، بەتایبەتی لە كاتی بڕیاردان، ئەم ماوەیە خۆت بەدوور بگرە لەو كەسانەی وشەی نەرێنیت پێ دەڵێن و متمانە بەخۆبونت كەم دەكەنەوە، پارێزگاری لە تەندروستیی جەستە و دەروونت بكە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

كێشە تەندروستییەكانت ڕەنگە سەر هەڵبدەنەوە و لە لایەنی تەندروستییەوە زۆر هەست بە باشی نەكەیت، ئەمەش نیگەرانت دەكات، لە لایەنی پیشەییەوە ڕەنگە هەندێك بڕیاری هەڵە بدەیت بەهۆی پەلەكردنەوە، ئامۆژگاری دەكرێیت بە وردی بیر بكەیتەوە و ئارام بگریت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە لایەنی دەروونییەوە هەست بە ئارامی دەكەیت، لە لایەنی پیشەییەوە گۆڕانكارییەك ڕوو دەدات كە سوود بە لایەنی داراییت دەگەیەنێت، لە لایەنی سۆزدارییەوە چێژ لەو كاتە ڕۆمانسیانە دەبینیت كە لەگەڵ خۆشەویستەكەت بەسەر دەبەیت.



## پەند و وتە

ویلیام بەتلەر یێتس، نووسەری ئیرلەندی و سیاسەتوان، یەکێک بووە لە توێژەرە هەرە سەرکەوتووەکانی سەدەی ٢٠، لە ساڵی ١٨٦٥ لە شاری ساندیماونت لە ئیرلەندا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٣٩ لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی شت و پایە جوانەکان دەڵێت: هەموو کاتێک گوێم لە قسە و وتەی کەسانی بەتەمەن و حەکیمەکان بووە، هەموویان هاوڕان لەسەر ئەوەی پایە و شتە جوانەکان دەڕۆن وەک ئاوی ڕووبارەکان.

بۆ زانیاریت

## مردوو بکرێتە ڕۆبۆت

ئەندازیارانی زانکۆی ڕایس لە توێژینەوەیەکی نوێدا توانیان بە سەرکەوتوویی جاڵجاڵۆکەی مردوو بگۆڕن بۆ نینۆکی گرتنی ڕۆبۆتی. زاناکان بوارە نوێیەکەی توێژینەوەکەیان ناوناوە (نەکرۆبۆتیک) و دەڵێن دەتوانێت جێگرەوەیەکی کاریگەر و زیندەیی بۆ سیستمی ڕۆبۆتی ئێستا دروست بکات، کە لەڕووی مادییەوە تێچووی کەمە، تیمی زانکۆی ڕایس بە سەرۆکایەتی خوێندکاری دەرچووی زانکۆ (فایە یاپ) توێژینەوەیەکیان بڵاو کردووەتەوە کە باس لە کارەکانیان دەکات لە گۆڤاری Advanced Science، تێیدا ئاماژە بەوە دەکەن کە مرۆڤایەتی مێژوویەکی دووردرێژی هەیە لە دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشماوەی زیندەوەرە مردووەکان بۆ بەکارهێنانی نوێ (لە پێستی ئاژەڵەکانەوە کە وەک جلوبەرگ لەبەر دەکرێن تا ئەو ئێسکانەی کە تیژ دەکرێنەوە بۆ سەری تیر و ئامێر). لەم چوارچێوەیەدا، گۆڕینی جاڵجاڵۆکەیەکی مردوو بۆ گرێپەری ڕۆبۆت ئەوەندە نائاسایی نییە کە ڕەنگە بۆ یەکەمجارە دەردەکەوێت.



## فیلم

### دوا پاسەوان - Last Sentinel




فیلمێکی سەربازی و فەنتازیایە، باس لە چوار سەربازی چاودێر لەسەر بنکەیەکی ناوەکی نێو دەریا دەکات، کە یەکێکیان دەیەوێت هاوکاریی دوژمن بکات، تاوەکو دەست بەسەر چەکە ناوەکییەکەدا بگرن، لە کۆتاییشدا هەوڵەکەی سەردەگرێت، ماوەی فیلمەکە یەک کاتژمێر و ٥٧ خولەکە، فیلمەکە لە وڵاتی ئەڵمانیا وێنەی گیراوە و لە ئێستادا لە سینەماکاندا پەخش دەکرێت، لە دەرهێنانی تانێل تۆم و لە نواندنی (کەیت بۆسورت، لیوسین لاڤیسکۆنت، ئۆلگا کوریلینکۆ، سۆفیا باوتێلا، تۆماس کریتسچمان، لیۆ سوتێر)ە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بە متمانەبەخۆبوونەوە بڕیارێک دەدەیت، ئامۆژگاری دەکرێیت بە وردی بیر بکەیتەوە، ئەم ماوەیە فشارێکی زۆرت لەسەرە، با ئەوە نەبێتە هۆی ئەوەی بڕیارێکی هەڵە بدەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە چێژ لەو کاتانە دەبینیت کە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەری دەبەیت.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لە لایەنی تەندروستییەوە هەندێک گرفتت بۆ دروست دەبێت، ئەم ماوەیە بە تەواوی خۆتت پشتگوێ خستووە، کاتی ئەوەیە هەندێک کات بە خۆت ببەخشیت و کەمێک لە بەرپرسیارییەتی دوور بکەویتەوە، سوپاسگوزار بە بۆ ئەو شتانەی تا ئێستا بەدەستت هێناون.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لە لایەنی پیشەییەوە کارەکانت زۆر بە باشی ئەنجام دەدەیت، بیر لەوە دەکەیتەوە گۆڕانکاری لە پیشەکەتدا بکەیت، باشترە بە وردی بیر بکەیتەوە، ئەو کارە ئەنجام بدە کە دەروونت پێی ئاسوودەیە، لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕای خۆت زاڵ مەکە و گوێ بۆ بەرامبەرەکەت بگرە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لە لایەنی پیشەییەوە بڕیارێکی خێرا دەدەیت، هەروەها چەندین دەرفەتی زۆر باش دێتە بەردەمت، کە وا دەکات زیاتر متمانەت بە تواناکانی خۆت هەبێت، ئەم ماوەیە گۆڕانکاری لە ژیانی سۆزداری و ژیانی تایبەتیتدا ئەنجام مەدە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


ئەمڕۆ زۆر هەست بە باشی ناکەیت و هەندێک گرفتی تەندروستیت بۆ دروست دەبێت، باشترە کارەکانت کەمێک دوا بخەیت و پشوو وەربگریت، زۆر لە خۆت مەکە بۆ ئەوەی کارێک بکەیت کە لە تواناتدا نییە، دوای خەونەکانت بکەوە و پشتگوێیان مەخە.




**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**


ئەمڕۆ هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، کێشەکانت چارەسەر دەبن و هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، بەیارمەتی کەسە نزیکەکانت کێشەکانت چارەسەر دەبن، لە لایەنی پیشەییەوە هەست بە ماندوێتی دەکەیت، باشترە کارەکانت کەمێک دوابخەیت و پشوو وەربگریت.

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری
# (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone








بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan September 11, 2023 Issue,No.1380


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626